# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرساوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

### سەرپەرشتیارانی پڕۆژە

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# مارتن لۆسەر

## کۆمەڵێک نوسەر

**بەشی چوارەم**

**78**

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# مارتن لۆسەر

وەرگێڕانی : کۆمەڵێک نوسەر

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم

ساڵی چاپ: 2017

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: 750 دانە

چاپخانە: حەمدی

نرخ: 2000 دینار

سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 202 )



# مارتن لۆسەر

کۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

78

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) ناملکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە درێدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پـرۆژەیـەش لە سـاڵـی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین ڕێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياریيە نەبوايە، ئێستا ژيان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەيەوە خوێنەر هەست بە بيرو ئايديا جياوازەکان و گرنگی بيرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانين لە جيهان بەو شێوازەی کە پێويستە لێيبرِوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە ديکارت لەسەرەتای رێنيسانسدا رايگەياند» من بيردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانيت بيربکەيتەوەو بوونيەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆيە ئەگەر بمانەوێت بيربکەينەوە، پێويستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بيرکردنەوەکە دەستەبەربکەين، خوێندنەوەش يەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشيەوە، بيرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بيرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژيای ئەمرِۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەيەيە.

بۆيە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبيريکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بيرەکان دەتوانن ژيان بگۆرِن، بۆيە پێويستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بيری نوێ و بنيادنانی ئايندەيەک، جياوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# بیۆگرافیای مارتن لۆسەر

ئا: لاوەند عەلی

-له تشرینی دووەم ساڵی 1483 له شاری ئایزلبنی ئەڵمانیا له دایکبووه.

1497: ڤازکۆ دو گاما یەکەمین ئەورووپییە، که ڕێڕەوی دەریایی بەرەو هیندستان دەدۆزێتەوه.

1501-1505: دەچێتە زانکۆی ئارفۆرت، بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دکتۆرا وەردەگرێت.

1503: لیۆناردۆ داڤنشی هونەرمەندی ئیتالی، تابلۆی مۆنالیزا دەکێشێت.

1505: دەچێتە دێری ئاوگۆستینەکان و ڕێبازی ڕاهیبی دەگرێتەبەر.

1507: له کڵێسای کاتۆلیک دەبێتە قەشه.

1508: له زانکۆی ویتەنبێرگ ماوەی شەش مانگ وانه دەڵێتەوه.

1508: مایکڵ ئانژ تابلۆی پەرستگای سیسلین دەکێشێت، له شاری ڕۆمای ئیتالیا.

1509: هێنری ئەمیری وێڵز، له تەمەنی هەژده ساڵیدا بەناوی هێنری هەشتەم، له بەریتانیا لەسەر تەخت دادەنیشت.

1510: سەردانی شاری ڕۆمای ئیتالیا دەکات.

15011: دەچێت بۆ دێری ڕەشی شاری ویتەنبێرگ.

1511: دیگۆ بلاسیکز و ئایرنان کورتیز کوبا ئازاد دەکەن.

1512: وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای تیۆلۆژیا، لە زانکۆی ویتەنبێرگ.
1513: ڤازکۆ نونیز دی بالوڤیا، یەکەمین ئەوروپییە کە بە دەریای ئارام دەگات.
1517: هەڵواسینی نەوەد و پێنج پرسەکە بە دەرگای کڵێسای(هەموان قەدیس) لە ویتەنبێرگ.
1517: یەکەمین دەریاگەڕی ئیسپانی بە نیمچە دوورگەی بۆکاتانی مەکسیک دەگات.
1518: دیدار لەگەڵ کاردیناڵ تۆماس کایتانۆس، لە ئۆگسبۆرکی ئەڵمانیا.
1519: مشتومڕ لەگەڵ یۆهان ئیک، لە لایبزیگی ئەڵمانیا.
1519: فردیناند ماژەلان، ئەوروپاوە بەجێدەهێڵێت، بۆ ئەوەی گەشتەدەریایەکەی بە دەوری جیهاندا دەست پێبکات.
1520: بڕیاری پاپای بەدەست دەگات ماوەی شەست ڕۆژ مۆڵەتی پێدەدرێت بۆ ئەوەی تۆبە بکات.
1520: شارلی پێنجەم وەک ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆما، تاجی پاشایەتی لەسەر دەکرێت.
1521: لە کڵێسای کاسۆلیک دەردەکرێت. ئامادەبوون لە ئەنجومەنی ڤۆرمس، گواستنەوەی بۆ قەڵای وارتبۆرگ، وەرگێڕانی پەیمانی نوێ

(ئینجیل) بۆ زمانی ئەڵمانی.
1521: شەڕ لە نێوان ئیمپراتۆر (شارلی پێنجەم) و پاشای فەرەنسادا هەڵدەگیرسێت.
1524: جیمزی پێنجەم دەبێتە پاشای سکۆتلەندە.
1524–1525: ئیدانەی شەڕی جووتیاران دەکات.
1525: هاوسەرگیری لەگەڵ کاترینا فۆن بۆرا.
1529: پاپا کێلمنزی حەوتەم خۆی بەدوور گرت لە بەخشینی ماف تەڵاق بە هێنری هەشتەم، بەمەش بواری بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە کڵێسای کاتۆلیکی ڕۆما خۆش دەکات.
1530: هاوکاریکردن بۆ ڕێکخستنی باوەڕنامەی ئۆگسبۆرگ.
1534: بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوی ئەڵمانی کتێبی پیرۆز (ئینجیل) بەتەواوەتی.
1540: دۆزەرەوەی ئیسپانی فرانسیسکۆ ڤازکیز دی کۆرۆنادۆ، دەست دەکات بە گەشتەکەی بۆ دۆزینەوەی ئەو شوێنەی کە ئێستا بە باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان ناودەبرێت.
-لە 18ی شوباتی 1546 لە شاری ئایزلبنی ئەڵمانیا کۆچی دوایی و لە کڵێسای (هەموان قەدیس)ی شاری ویتەبنێرگ بەخاک سپێردرا.

# مارتن لۆسەر
# باوکی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی

باربارا ئەی سامیرڤێل

لە فارسییەوە: کاروان حەسەن

# پێشەکی

## سەردەمی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی

بـــای گـــۆڕان لـــە ســـەدەی شـــازدەدا لە سەرانسەری ئەوروپادا هەڵیکردبوو. کیشوەرێک تووشی ئاشوب ببوو، چونکە کڵێسای کاسۆلیک پەکیخستبوو. هەندێک کەس لەپێناو ریفۆرمی کڵێسادا، دەستیان لە ئاینی فەرمی هەڵگرت، بەڵام هەندێکی دیکە لە نێو خودی کڵێسادا کاریان بۆ گۆڕانکاری دەکرد. ئەو گۆڕانکارییەی کە لە ساڵی 1517دا بە نەوەد و پێنج پرسەکەی مارتن لۆسەر لە ئەڵمانیا دەستیپێکرد، بڕیاربوو هەموو شتێک بگۆڕێت. کاریگەری ریفۆرمی پرۆتستانەکان بە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە وەک خێزان و حکومەت و ئابورییەوە دیاربوو. ریفۆرمی ئاینی پرۆتستان کە پێیەکی لە سەدەکانی ناوەڕاست و پێیەکەی دیکەی لە رێنسانسدا بوو، بڕیار بوو کڵێسا و ئاین و خودی جیهان بگۆڕێت.

# بەشی (1)
# نەدەتوانم و نە ئامادەم
# لە قسەکانم پەشیمانببمەوە

دەسەڵاتخوازی و هەڵپەی چاوچنۆکی و کێشمەکێشی ئاینی، وەک هەورێکی رەش باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشابوو. سەرەتای سەدەی شانزدە بوو. مرۆڤگەلێک بەهۆی باوەڕیانەوە بە داری مەرگەوە دەبەسترانەوە و دەسوتێنران، لەکاتێکدا هەندێ مرۆڤی دیکە لەوپەڕی کولەمەرگیدا خەریکی خوداپەرستی بوون. هەندێکیش بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە لەلایەن خوداوە سروشیان بۆ دێت و باسی رووبەرووبوونەوەی شەیتانیان دەکرد.

لەم سەروبەندەدا بوو بروسکەی هەورەتریشقەیەک وای لە پیاوێک کرد خۆی تەرخانبکات بۆ خزمەتکردنی ئاینی مەسیحی. لە رۆژێکی گرە و گەرمای مانگی تەموزی ساڵی 1505دا، لە کاتێکدا باوبۆرانی توند بەگیریانهێنا، کە مارتن لۆسەر فێرخوازی بەشی یاسا بوو، بەرەو زانکۆی ئارفۆرتی ئەڵمانیا دەچوو. باران بەسەریدا خورەی دەکرد و بروسکەی هەورەتریشقە دەیکێشا بە زەویدا، مارتن بە ترسەوە هاواریکرد:

هۆ ئانەی پیرۆز، یارمەتیمبدە! سوێندبێ ببمە راهیب.

باوبۆران رەوییەوە و لۆسەر سوێندەکەی خۆی بەجێهێنا، وازی لە زانکۆ هێنا و روویکردە دێر. دواتر رووبەرووی هەمان ئەو کڵێسایە بووەوە، کە فێریکرد و جێیکردەوە و کردییە قەشە. لۆسەر بڕیاریدا دەنگی لە دژی بەهێزترین سیستەمی باڵادەستی ئاینی و سیاسی سەردەمەکەی بەرزبکاتەوە، واتە کڵێسای کاسۆلیک.

ئەم سەردەمە بە سەردەمی ریفۆرمی ئاینی پرۆتستانت ناسرا، سەردەمێک کە خەڵکی دەنگی خۆیان بۆ نارەزایەتی (پرۆتست) هەڵبڕی و خوازیاری ریفۆرم یان گۆڕان بوون. ئەم رووداوە لەلایەن لۆسەرەوە ئەنجامدرا، بەڵام خواستی ریفۆرمی ئاینی لە دونیای مەسیحیەتدا پێشینەیەکی درێژخایەنی هەبوو. لەسەدەی پازدەیەمدا، پاپا گرگۆریۆسی حەوتەم[1] هەوڵیدەدا بارودۆخی کڵێسای کاسۆلیک باشتربکات و زۆرێک لە هەڵەکانی چاککرد. لە ساڵی 1215دا پاپا ئینۆ کنتیۆسی سێیەم، دەیوست گۆڕانکاری لە کڵێسادا بکات و دەسەڵاتی زیاتربکات. قەشەی ئەڵمانی نیکۆلا کۆزای، لە ساڵی 1450دا راشکاوانە

ڕەخنەی لە پاپا ڕابەری باڵای کڵێسا و ڕابەرانی دیکەی کڵێسا گرت. نیکۆلا ڕایگەیاند: (ئەوە پاپا و کاردیناڵەکانن، کە ڕۆژانە دڕندانەترین تاوان ئەنجامدەدەن). دیسدریۆس ئارسمۆس[2] زانای ناوداری سەرەتای سەدەی شازدەیەمیش، داوای لە کڵێسا کرد، کە ریفۆرم ئەنجامبدات. ئارسمۆس ڕایگەیاند کە: (ڤۆلگات) دەقی لاتینی فەرمی کتێبی پیرۆزی کڵێسای کاسۆلیک، هەزاران هەڵەی تێدایە.

کڵێسای کاسۆلیک، لە ماوەی چەندین سەدەدا بۆ زۆرێک لە خەڵکی بەش مەینەت، ئاشتی و ئارامی هێنابوو. کڵێسا بەهۆی پاپا و هەروا کاردیناڵ و ئەسقۆفەکان، کە لەژێر چاودێریی پاپادا کاروباری ئاینییان بەڕێوەدەبرد، بەشێوەیەکی سەرسەختانە ڕابەرایەتی ئاینییان دەکرد. بەم هۆیەوە خەڵکی لە ماوەی چەندین ساڵدا خوازیاری گۆڕانکاری بوون. لە هەموو کۆبوونەوە ئاینییەکانی نێوان ساڵانی 1378–1514دا ریفۆرمی ئاینی بابەتی گفتوگۆکان بوو.

مارتن لۆسەریش دەیوست ریفۆرم لە کڵێسادا بکرێت. لۆسەر لە پاش دوازدە ساڵ

له چوونی بۆ دێر، 95 پرسە رەخنەییەکەی لە بەرامبەر کڵێسای کاتۆلیکەوە نوسی و لە 31ی تشرینی یەکەمی ساڵی1517دا، بە یەکێک لە دەرگاکانی کڵێسای ویتەنبێرگ بەناوی کڵێسای (هەموان قەدیس) هەڵیواسی. نەریت وابوو ئەو پرسیارانەی کە دەبوونە هۆی وتوێژ لەنێوان فێرخوازان و مامۆستایانی زانکۆی ویتەنبێرگدا، بە دەرگای هەمان زانکۆدا هەڵدەواسران، بەڵام 95 پرسەکەی لۆسەر، بووە هۆی شتێکی زیاتر لە وتوێژ. ئەم پرسانە بە زمانی لاتینی نوسرابوون، بەڵام کەسێک بۆ زمانی ئەڵمانی وەریگێڕان و هەزاران دانەی لێ چاپکرا و بە هەموو ئەڵمانیادا بڵاوکرایەوە. ئاگری ئەم ریفۆرمەی کە تازە هەڵکرابوو لەگەڵ ریفۆرمەکانی پێشتردا جیاوازبوو. لیستەکەی لۆسەر ئەو کردەوانەی کڵێسای لەخۆگرتبوو، کە لە روانگەیەوە هەڵەبوون، بەم بۆنەیەوە کڵێسای بۆ مشتومڕ بانگهێشت دەکرد. هەروا لە لیستەکەیدا گومانی لە دروستی فێرکارییەکانی کڵێسا- ناوەندی سەرەکی باوەڕی ئاینی کڵێسا- کردبوو.

کڵێسای کاسۆلیک، بانگەشەکانی لۆسەری بە داهێنانی بیری نوێ و سەرپێچی لە فەرمانەکانی کڵێسا تەماشاکرد. ئەمە تاوانێک بوو لەوانەبوو بە ئەشکەنجە و بەندینخانە و تەنانەت مردن دوایی بێت، بەڵام دەرکردنی فەرمانی تاوانباربوون و سزادانی ئەم قەشە و مامۆستایی زانکۆیە، هەروا کارێکی ئاسان نەبوو. لۆسەر دەبێت چەندین جار لەبەردەم رابەرانی سیاسی و ئاینی راوەستێت و بەرگری لە باوەڕەکانی خۆی بکات.

لە ساڵی 1521دا، لۆسەر لە ئەنجومەنی ڤۆرمسی ئەڵمانیا لەبەردەم بەهێزترین رابەرانی ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆما راوەستا. لە ئەنجوومەنی ڤۆرمسدا ئیمپراتۆر و دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا و فەرماندە سەربازییەکان و رابەرانی کڵێسای کاسۆلیک ئامادەبوون. بەڵگەکانی تاوانەکەی لۆسەریان لە بەردەمی لەسەر مێزێک کەڵەکە کردبوو، ئەویش ئەو کتێبانە بوو کە نوسیبوونی. سەرپەرشتیار، نوێنەری کڵێسای کاسۆلیک پرسی: ئایا ئەو ئەم کتێبانەی نوسیووە؟ لۆسەر بە دەنگێک کە بە ئاستەم دەبیسترا وەڵامیدایەوە: (بەڵێ ئەمانە کتێبی منن، لەمانەش زیاترم نوسیوە).

پرسیاری دووەم سەخت بوو: ئایا هێشتا باوەڕت بە فێرکارییەکانی ئەم کتێبانە هەیە؟ یان دەتەوێت لە بەشێکیان پەشیمان و پاشگەزبیتەوە؟ لۆسەر وەڵامیدایەوە: ( ئەمە بابەتێکی کاریگەرە لە رزگارکردنی رۆحەکاندا... داواتان لێدەکەم کاتێکی زیاترم پێبدەن). ئیمپراتۆر بۆ وەڵامدانەوە رۆژێک مۆڵەتی بە لۆسەر بەخشی.

رۆژی دواتر لە هۆڵێکی گەرم و تێکچڕژاودا، سەرپەرشتیار دیسانەوە پرسیارەکەی خۆی دووبارەکردەوە: ئایا لۆسەر لەم کتێبانە و هەڵەکانی پەشیماندەبێتەوە؟ لۆسەر بۆئەوەی خۆی لە وەڵامێکی راشکاو لابدات، رووی دەمی کردە سکاڵاکارانی و وتی: سێ جۆر کتێبم نوسیووە. هەندێکیان فێرکاریی باوەڕی مەسیحیین، هەندێکییان هێرشە بۆ سەر پاپا و فێرکارییەکانی، ئەوانی دیکەشیان هێرشە بۆ سەر ئەو کەسانەی پارێزگاری لە پاپا دەکەن.

سەرپەرشتیار دیسانەوە تینی بۆ لۆسەر هێنا، تاکو بە خەڵکەکە بڵێت لۆسەر لە نوسینەکانی پەشیمانە یان نا؟ لۆسەر وەڵامیدایەوە:

تا ئەوکاتەی تاوانەکانم بە بەڵگەکانی کتێبی پیرۆز، یان بەڵگەی حەشاهەڵنەگر نەسەلمێنرێت، پەیڕەوی لە فەرمانی ویـژدان و وتەکانی خوا دەکەم... لە هیچ شتێک پەشیمان نییم و پاشگەز نابمەوە، چونکە ئەگەر کردەوەیەک بە پێچەوانەی فەرمانی ویژدانەوە بێت، کارێکە دوورە لە باوەڕ و بێکەڵکە.

لۆسەر بەپێی نەریت ئەمەشی بۆ قسەکانی زیادکرد: (لێرە راوەستاوم، کارێکی دیکەم لە دەستنایەت، خوا دەست بەباڵمەوە بگرێت! ئامین). هەراوزەنا لە خەڵکی تێکچڕژاوی نێو هۆڵەکە بەرزبووەوە. ئیمپراتۆر هۆڵەکەی بەجێهێشت. لایەنگرانی ستایشی لۆسەریان کرد، بەڵام نەیارانی خوازیاری ئەوەبوون، لۆسەر بە یاخی و داهێنەری باوەڕی نوێ رابگەیەنرێت.

لـۆسـەر ڤۆرمسی بەجێهێشت و لەگەڵ نیکۆلای ئامسدۆرفی هاوڕێی، رێگەی گەڕانەوەی ویتەنبێرگیان گرتەبەر. هاوڕێکانی دیکەشیان هاورێگەی ئەم دوو کەسە بوون، بەڵام ئەم تاقمە هەرگیز نەگەیشتنە ویتەنبێرگ. لە رێگەدا پێنج سواری پڕچەک و دەمامکدار لە بێشەلانە

چڕەکاندا لێیان نزیکبوونەوە. لۆسەر لەم ڕووەوە نیگەران نەبوو، چرپاندی بەگوێی ئامسدۆرف، ئێمە لەنێو دۆستەکانماندایین، ئەم ڕفاندنە بۆ پاراستنی لۆسەر ڕێکخرابوو.

ئەوانەی بە ڕواڵەتدا لۆسەریان دەستگیر کردبوو، شەوەکەی بردیان بۆ قەڵای وارتبۆرگی نزیک شاری ئایزناخی ئەڵمانیا. لۆسەر ماوەی دە مانگ بەناو و ناسنامەی یونکەر یورک (شاسواری یۆرک) بە نهێنی لەم قەڵایەدا ژیا. خۆراک و پۆشاکیان پێدەدا و پارێزگارییان لێدەکرد. لە ماوەی مانەوەیدا لەم قەڵایە، لۆسەر کتێبی پیرۆز دەخوێندەوە و نامەی دەنوسی و پەیمانی نوێ (ئنجیل)ی کتێبی پیرۆزی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕا.

لە کاتێکدا لەم قەڵایە بوو، باوەڕ و ئامانجەکانی لە سەرانسەری ئەوروپادا بەخێرای بڵاوبووەوە، ئەم بڵاوبوونەوەیە هەندێکجار هێند خێرابوو، تەنانەت خودی لۆسەریش نەیدەتوانی تێیبگات، یاخود جڵەوی بەدەستەوەبگرێت. لۆسەر نەیدەویست شۆڕش هەڵگیرسێنێت، هەرگیز نەیدەویست نەوەد و پێنج پرسەکەی ببێتە هۆی

هێنانە ئارای ئەو هەموو مشتومڕ و کێشمەکێشە، بەڵام باوەڕەکانی بوونە هۆی گۆڕینی ئاین و ڕێرەوی مێژوو. باوەڕەکانی بە هەمانشێوە دابەشبوونی هەمیشەیی لە کڵێسای کاسۆلیکدا هێنایەئاراوە.

# بەشی (2)
# قۆناغی چەرمەسەری

لە 10ی تشرینی دووەمی ساڵی 1483دا، مارگارتە لیندمان لۆدەر کوڕێکی بوو. لەنێو کاسۆلیکەکاندا نەریت وابوو، منداڵەکانیان هەرچی زووە لە ئاو هەڵبکێشرێن. لەو سەردەمەدا لەهەر دە منداڵێکی ساوا، شەشیان دەمردن. بەم پێیە، دایک و باوکانی ئەم نەریتە ئاینییەیان هەرچی زووترە ئەنجامدەدا. لەو باوەڕەدابوون لە ئاو هەڵکێشان دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانیان لە بەهەشت شوێنێکیان هەبێت.

لە 11ی تشرینی دووەم، هانز لۆدەر، کوڕەکەی کە چەند کاتژمێرێک بەسەر لەدایکبوونیدا تێنەپەڕیبوو، بردی بۆ کڵێسای پترۆس و پۆڵسی پیرۆز، بۆ ئەوەی قەشە لە ئاوی هەڵکێشێت.

ئەم رۆژە بە هەمان شێوە لە روانگەی کاسۆلیکەکانەوە پیرۆز بوو، چونکە جەژنی قەدیس (مارتن دۆتۆر) بوو. هانز و مارگارتە بە هەمانشێوە نەریتێکی دیکەشیان بەجێهێناو ناوی ئەسقۆفی کاسۆلیکی سەدەی چواریان لە کوڕەکەیان نا. قەشە ئاوی پیرۆزی بەسەری ساواکەدا کرد و بەناوی (مارتن)ەوە لە ئاو هەڵکێشرا.

بەر لـەوەی مارتن ببێتە ساڵێک، بنەماڵەی لۆدەر (کە دواتـر لۆسەریان پێدەوتن) ماڵ و حاڵی خۆیان کـۆکـردەوە و کۆچییان کـرد بۆ شازدە کیلۆمەتر دوورتر لە (مانزفیلد). ئەوێندەر لەو تەپۆڵکانەوە نزیکتربوو، کە هانز تێیاندا بە کاری کانزا و مسەوە خەریک دەبوو. کانزاکاری کارێکی سەخت و مەترسیدار بـوو. جێگەی سەرسامی نییە کە خێزانی لۆسەریش وەک هـەر خێزانێکی دیکە قەدیسی تایبەتی خۆیان هەبوو. قەدیسەکەیان ناوی (ئانە) بوو، کە بۆ پاراستنی خۆیان بەوەوە پەیوەستدەبوون. هانز پیاوێکی ماندونەناس و بـاوەڕی بەخۆی بوو، کە سەرئەنجام بووە خاوەن شەش چاڵ و دوو کارگەی تـوانـەوە. بە هەمان شێوە پێگەیەکی تایبەتی لە ئەنجومەنی شاری مانزفێڵددا هەبوو.

دایـک و بـاوکـی مـارتـن، کەسێکی وشـک و ئاینی بوون. چاوەڕێبوون مارتن و ئەو شەش منداڵەی کە لـە پـاش مـارتـنـەوە لەدایکبوون، کەسانێکی سەرڕاستیان لێدەرچێت. مارتن دواتر وەبیریدێتەوە کە چۆن دایکی لەسەر دزینی گوێزێک بەجۆرێک لێیدەدات، کە دەستەکانی

فیچقەی خوێن دەکەن. باوکیش لەسەر گاڵتەکردن بە کەسێک شەلاقکاری دەکات.

کۆتایی سەدەی پازدەهەم، بۆ دابینکردنی بژێوی خێزان رۆژگارێکی سەختبوو. ئەگەرچی لەم سەردەمەدا هەندێ کەس خەریکی داهێنانی هونەری و دۆزینەوەی دونیایەکی نوێبوون لەوسەری ئۆقیانووسێکی نەناسراو، بەڵام خەڵکی دیکە هەوڵیاندەدا بە زیندووی بمێننەوە. هەزاران کەس بە هۆی تووشبوون بە تاعونەوە مردن. ئەم تاعونە نەخۆشییەکی کوشندە و دووچاری رژێنی لینفەکان دەبوو تووشبووان رەش هەڵدەگەڕان. هەر لەبەرئەمە بوو، بەم نەخۆشییەیان دەوت مەرگی رەش. ئەوانەی لەم نەخۆشییە رزگاریان دەبوو، هەوڵێکی زۆریان دەدا، کە پاروە نانێک بۆ خواردن و ئاوێکی تەندروست بۆ نۆشین بەدەستبهێنن. دەرۆزەکەران هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێکدا دەبینران، تاوان ببووە کارێکی باو.

کڵێسای کاسۆلیک لەنێو باوبۆرانی ژیاندا، ئومێدی بە خەڵکی دەبەخشی، بەڵام ئاین هەڵگری ترس و دڕندەیش بوو. خەڵکی بەگشتی

باوەڕیان بە ئەهریمەن و ڕۆحە پیسەکان و جادوگەران هەبوو. خەڵکی وا وێنایان دەکرد، کە جەهەنەمییەکان لە تەپۆڵک و هەر سووچ و قوژبنێکدا لە کەمیندان. مارتن لای وابوو تەپۆڵکەی (پوبلزبەرگ) ماڵی ئەهریمەنەکانە و لەوێدا دیلن، لەمەڕ ئەو جادووگەرانەی لە پڕوس و لاپلاند بوون، چیرۆکگەلێکی باسکردوە.

خەڵکی هەروا لەخواترس بوون، خودایەک کە بە بڕوایان سەختگیرە لە دادوەریکردنی کردەوەکانیاندا. خەڵکی زەندەقیان لە سزای گوناهەکانیان چوبوو، کە چاوەڕێی دەرکردن بوون. کڵێسای کاسۆلیک خەڵکی وا فێردەکرد، تۆبە و کردەوەی چاکەی سەلمێنەری پەشیمانی، خەڵکی لە سزای ئەبەدی خودا رزگار دەکات. لە ئەنجامدا خەڵکی خۆیان دەپاراست.

کاسۆلیکەکان بە زۆری سەردانی شوێنگەلی وەک کڵێسا و مەرقەدە پیرۆزەکانیان دەکرد. هەندێکجار بۆ پاکبوونەوە لە گوناهەکانیان بە ئەنقەست بە هەژاری دەژیان. بە دڵگەرمییەوە پەیوەست دەبوون بە قەدیسەکانەوە و سەردانی ئەو کڵێسایانەیان دەکرد، کە شتگەلی

پیرۆزی تێدا بوو. بەو هیوایەی کە خودا سزای گوناهەکانیان کەمبکاتەوە. بۆ سەردانی کۆمەڵە ئێسکوپروسکێک، یان تاڵە موی قەدیسەکان، یان تویێڵاشێک لە خاچی عیسای مەسیح، رەنجێکی زۆر و رێگەیەکی چەندین کیلۆمەتریان دەدایە بەرخۆیان. کاتۆلیکەکان لەو باوەڕەدابوون، دەبێت هەتا دەتوانن کاتی مانەوەیان لەبەرزەخ کورتبکەنەوە، کە رۆحەکان لە دوای مردنیانەوە دەچنە ئەوێ و سزای گوناهەکانیان لەوێ وەردەگرن.

پەیڕەوکارانی کڵێسا دەیانتوانی لێبوردننامە بکڕن، بەڵگەیەکی فەرمی کە واژۆی پاپای لەسەر بوو دەوترا ماوەی مانەوەی کەسێک لە بەرزەخ کورتدەکاتەوە. خەڵکی دەیانتوانی لە شوێنی بەتاڵی بەڵگەکەدا، ناوی خۆیان یان ئازیزانیان بنووسن. نرخی ئەم لێبوردننامەیە بەپێی دەرامەتی ئەو کەسە دیاریدەکرا.

بنەماڵەی لۆسەر لە کلتورێکی بەتەواوی کاسۆلیکدا دەژیان. ژیانیان وەک هاوڵاتیانی دیکەی ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆما، لە بازنەی کڵێسادا دەسووڕایەوە. هانز رێکارێکی گرتەبەر

بۆ ئەوەی مارتن هەمیشە بەشداری ڕێورەسمی نانی ئێوارەی ڕەبانی بکات و لە قوتابخانەی کڵێسای مانزفێلد وانە بخوێنێت.

مارتن فێری خوێندن و نوسینی لاتینی بوو، کە زمانی زانایان و زمانی فەرمی کڵێسا بوو، هەروا فێری مۆسیقا و ڕێزمان و پارچەگەلێکی کتێبی پیرۆزی لەبەرکرد. مامۆستایان سەختگیر بوون و چاوەڕێیان دەکرد، فێرخوازەکانیان وانەکانیان ئەزبەر بکەن، بە پێچەوانەوە، چاوەڕێی تێهەڵدان بکەن. بەیانییەکیان مارتن بەهۆی لەبەرنەکردنی ڕێزمانی لاتینی، مامۆستاکەی پانزە داری لێدا.

ساڵی 1497، مارتنی تەمەن سیازدە ساڵ، چوو بۆ ماگدیبۆرگ، کە دەکەوێتە 95 کیلۆمەتر ئەولای ئایزلیبن، بۆئەوەی لەوێندەر درێژە بە خوێندن بدات، لە قوتابخانەیەکی شەوانەڕۆژی کە لەلایەن گروپی (برایانی ژیانی هاوبەش) ەوە بەڕێوەدەبرا. هەرچەندە ئەم قوتابخانەیە پەیوەندی بە کڵێسای کاسۆلیکەوە نەبوو، بەڵام دامەزراوەیەکی توندی ئاینی بوو. گروپی برایان، سادەیی خۆیان بە نزاکردن و فێرکارییە ئاینییەکان و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزەوە بەسەردەبرد.

مۆسیقا لەم قوتابخانەیەدا بەشێکی سەرەکی فێربوون بوو. زۆرجار فێرخوازانی سروودخوێن بە ماگدیبۆرگدا دەگەڕان و لەسەرەڕێگەکاندا بەخۆشحاڵییەوە پارە و خواردن و خواردنەوەیان لەخەڵکی وەردەگرت.

مارتن ساڵێکی لە ماگدبۆرگ بەسەربرد، پاشان باوکی بۆ ماوەی سێ ساڵ ناردی بۆ قوتابخانەی لاتینی قەدیس ژێرژ لە ئایزناخ. مارتن فێرخوازێکی باش بوو، لە ساڵی 1501دا لە زانکۆی ئارفۆرت خوێندی، کە ڕەنگە بە راسپاردەی یەکێک لە مامۆستاکانی بووبێت. باوکی مانگانەی خوێندنی بۆ دەدا، ئەمەش کارێک بوو کە زۆربەی خەڵکی هاوشانی پێگەی کۆمەڵایەتی هانز نەیاندەتوانی بیکەن، بەڵام هانز کە لێهاتووانە لە پیشەسازی دەرهێنانی مسدا کاریکردبوو، توانای بژاردنی خەرجی خوێندنی کوڕەکەی هەبوو. سەرباری ئەمەش ئەگەر مارتن ببوایە بە پارێزەر یان دادوەر، دەیتوانی بەخێوکردنی دایک و باوکی لە ئەستۆ بگرێت، کە وردەوردە خەریک بوو پیردەبوون.

لە سەردەمی زانکۆدا، مارتن لە خانوویەکدا دەژیا، کە خەڵکی (بۆرسا)یان پێدەوت. لەوێندەر لەژێر چاودێری خاوەن ماڵەکەدا دەیخوارد و دەخەوت و دەیخوێند. فێرخوازان پەیڕەویان لە بەرنامەیەکی سەخت و توندد‌ەکرد. پەرستن و نزای دەمەوبەیان، پاشان خواردنی قاوڵتی و بەشداری لە ڕێوڕەسمی ئاینی و خوێندنی وانەکان بەرنامەی فێرخوازان بوو. مارتن زوو پۆلەکانی خوێندنی بڕی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ماوەی ساڵێکدا، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بەدەستهێنا. پاش سێ ساڵ بڕوانامەی ماستەری وەرگرت، ئەمێستا دەیتوانی لە بەشێکی تایبەتدا بە دوای خوێندنەکەیدا بڕوات.

زانکۆ سێ بەشی هەبوو: یاسا و پزیشکی و تیۆلۆژی (زانستی خوداناسی). تیۆلۆژی لێکۆڵینەوە بوو لە ئاین و لە هەموو بەشەکانی دیکە بەڕێزتر بوو. بەڵام هانز دەیویست مارتن ببێتە پارێزەر. مارتن خواستی باوکی بەجێهێنا و لە ئایاری ساڵی 1505دا بەشی یاسا خوێندن.

زستانی هەمان ساڵ، روداووی باوبۆران و هەورە بروسکە، ڕێڕەوی ژیانی مارتنی گۆڕی.

ئیدی بڕیار نەبوو ببێتە پارێزەر، یان ژیانی دایک و باوکی پیری لە ئەستۆ بگرێت. مارتن سوێندی خوارد ببێ بە راهیب، ژیانی خۆی و بە هەمانشێوە رێرەوی مێژووشی گۆڕی.

# بەشی(3)
# راهیبی دێری رەش

له تەمموزی ساڵی 1505دا، بەر لەوەی مارتن لۆسەری بیست و یەک ساڵە، واز لە زانکۆ بهێنێت و روو لە دێر بکات، لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێکانی ئاهەنگێکی گێڕا. لۆسەر لە دەرگای دێرێکی ئارفۆرتیدا و داوای لێکردن قبوڵی بکەن. بە هاوڕێکانی وت: (ئەمڕۆ من دەبینن و ئیدی هەرگیز نامبیننەوە).

چەندین دێر لە ئارفۆرت هەبوو، دەبوو یەکێکیان هەڵبژێرێت. هەندێک لە دێرەکان پابەندبوون بەوەی پەیڕەوی لە کام قەدیس دەکەن، یان دۆمینیکی بوون یاخود فرانسیسی. بەڵام لۆسەر ئۆگۆستینەکانی هەڵبژارد، ئۆگۆستینەکان ئەو راهیبانە بوون پەیڕەویان لە قەدیس ئۆگۆستینی زانا و ئەسقۆفی کاسۆلیکی سەدەی پێنجەمی زاینی دەکرد. لە خۆشییەکانی دونیا دووریان دەگرت و بە دوای ئەوەوە بوون، سوێندی ئاینی خۆیان لە بەرامبەر خواوە بەجێ بهێنن.

ژیانی نێو دێر پابەندبوون بوو بە پەیڕەوکردنی بێ چەندوچوونی رێساکانی ئەو گروپە یان ئەو دامەرزاوەیە. بەپێی نەریتی راهیبان، تەوقەسەر

لۆسەریان تاشی و تەنیا بازنەی دەوری سەریان هێشتەوە. راهیبانی نێو دێر بە شوێن خۆپارێزی و خاوێنکردنەوەی ناخیانەوە بوون و بەردەوام پەرستشیان دەکرد. بەرنامەی دووبارەی لۆسەر و راهیبەکان بە زەنگی کەڕەنای کاتژمێر دووی بەیانی دەستی پێدەکرد، کە کاتی یەکەمین نوێژی بەیانی بوو. لە ماوەی رۆژێکدا حەوت جاری دیکە نوێژیان دەکرد. هەروەها بەرنامەکەیان لەخۆگری چاودێری و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و دوو ژەم نانخواردن بوو لە رۆژێکدا. هەر راهیبێک چاودێری خۆی هەبوو، ئەم کەسە رێنمای راهیبی و سەرپەرشتی پێشڤەچوونی رۆحی دەکرد.

لۆسەر راهیبێکی بە گوڕوتین بوو، بە تامەزرۆییەوە ئەو کارانەی ئەنجام دەدا، کە لای وابوو لە خوا نزیک و لە ترس و تاوان دووری دەخاتەوە. بەلانی کەمەوە هەموو رۆژێک و هەندێکات، چەندینجار، لەو رۆژەدا لە بەردەم قەشەدا دانی بە گوناهەکانیدا دەنا. فێریان کردبوو بیرهێنانەوەی هەر گوناهێک و تەنانەت ئەنگێزەکانی یاخود بیری گوناهاوی چەندە

گرنگییان هەیە. لۆسەر بە زۆری بە دڵشکاوی و بە هەستی گوناهباری و بیرکردنەوەی لەوە لە لای قەشەوە دەگەڕایەوە، کە شیاوی ئیشقی خودا نییە. رقی لەم دۆخە بوو، چونکە هەمیشە و دیسانەوە گوناهێکی وەبیردەهاتەوە کە لە کاتی دانپێدانانەکاندا لەبیری کردبوو.

پاش دانپێدانان نۆرەی تۆبە بوو. راهیبەکان بە زۆری بۆ ماوەیەکی زۆر خۆراک و خواردنەوە و خەو و گەرمییان لە خۆیان حەرام دەکرد، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن چەندە پەشیمانن لە گوناهەکانیان. بەڵام لۆسەر هەرچەندە هەرچییەکیان فێردەکرد ئەنجامی دەدا، بەڵام هەمیشە گومانی لەوە هەبوو کە خودا بیبەخشێت. هەرگیز بە رادەی پێویست لە بەرامبەر خوا مەزنە و هەستی بە خۆپارێزی نەدەکرد.

یۆهان فۆن شتاوپیتز، سەرۆکی تاقمی ئاگۆستینەکان، زۆربەی کات نیگەرانی لۆسەر بوو. فۆن شتاوپیتز بۆئەوەی ئەم راهیبە پێداگرە مژول بکات، فەرمانی پێکرد ببێتە قەشە و بۆ ئەم مەبەستە بڕوات بخوێنێت. پاش نزیکەی ساڵ و نیوێک لە چوونی بۆ دێر، لە تەمەنی 23

ساڵیدا و لە ساڵی 1507 دا، بە پێگەی قەشە گەیشت. یەکێک لە ئەرکە زێدە پیرۆزەکانی قەشە بەڕێوەبردنی نانی ئێوارەی رەبانی بوو، ڕێوڕەسمێک کە لە کڵێسای کاسۆلیکەکاندا پیرۆز بوو.

لە یەکەمین ڕێوڕەسمی نانی ئێوارەی رەبانی لۆسەردا، کەڕەناکان وەزەنگ هاتن و راهیبەکان دەستیان کرد بە خوێندنی سرود. لۆسەر باڵاپۆشێکی رازاوەی لەبەرکرد بوو، دەورووبەری بە مۆم و مۆمدانەکان گیرابوو، لەبەردەم میحرابەکەدا وەستا و دەستی بە قسەکردن کرد.

بەپێی فێرکارییەکانی کڵێسا، نزای پیرۆزبای لۆسەر، بەشێوەیەکی پەرجووئاسا، نان بۆ گۆشت و شەرابیش بۆ خوێنی مەسیح گۆڕی. لۆسەر دواتر دانی پێدادەنێت، کە هێندە لەم ئەزموونە ترساوە، خەریکبووە لە میحرابەکەدا رابکات. لۆسەر وتی: (من کێم چاوم یان دەستەکانم بەرەو لای خودا هەڵبڕم؟).

لۆسەر بۆ ئەم رۆژە، باوکی میواندارى کردبوو. لەو کاتەوەی کە هاتبوو بۆ دێر یەکدیان

نەبینی بوو. بەڵام ئەمێستا باوکی لەگەڵ بیست سواری دیکەدا خۆی گەیاندبووە یەکەمین ڕێوڕەسمی نانی ئێوارەی ڕەبانی کوڕەکەی. باوکی باربوویەکی دەست والایانەی بە دێر بەخشی و لە میوانداری دوای ڕێوڕەسمەکە ڕێزی خۆی و کوڕەکەی بەرز ڕاگیرا. بەڵام کاتێک مارتن لە باوکی پرسی: بۆچی دژی ئەوە بووە ببێتە قەشە؟ هانز بە تووڕەیەوە وەڵامی دایەوە:

تۆ کە زانا و بیرمەندیت، لە کتێبی پیرۆزدا هەرگیز نەتخوێندوەتەوە، پێویستە ڕێز لە دایک و باوکی خۆت بگریت؟ ئێستا من و دایکی ئازیزیت بەجێهێشتووە و لە دەمی پیریماندا بێ سەرپەرشت دەمێنینەوە.

لۆسەر وتی نزا بۆ ڕۆحی دایک و باوکی دەکات.

لۆسەر بۆ ڕاوێژ و ڕێنمای، پرسی بە فۆن شتاوپیتز دەکرد. فۆن لە زۆر ڕووەوە بۆ مارتن سەرمەشق بوو، وەک باوکی بوو. فۆن لە ساڵی 1508دا، لۆسەری تەمەن بیست و هەشت ساڵی نارد بۆ خوێندن لە ویتەنبێرگ. ئەوێندەر زانکۆیەکی

نوێی لێبوو، فرێدریکی دانای خەڵکی ساکس، لە ساڵی 1502دا دایمەزراند بوو. فرێدریک یەکێک بوو لە هەڵبژێراوانی حەوتەوانەی ئیمپڕاتۆری پیرۆزی رۆما، کە هەڵبژاردنی ئیمپڕاتۆریان لە ئەستۆ دابوو. فرێدریک پێویستی بە مامۆستابوو، فۆن شتاوپیتز هەر کەسێکی پێشنیار بکردایە، پێشوازی لێدەکرد.

لە ویتەنبێرگ کە شارێکی بچوکی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بوو، نزیکەی دوو هەزار کەس دەژیان. پیشەسازی سەرەکی ئەم شارە بیرە دروستکردن بوو. کە بەشی سەرەکی بەرهەمەکەیان، خودی خەڵکی شارەکە بەکاریان دەبرد. بازاڕی شار، کە کەسێک ئەوێی بە چاڵی زێراب چواندووە، ناوەندی مەیخواردنەوە و شەڕوشۆڕ بوو. زانکۆکەشی وەک زۆرێک لە قوتابخانەکانی ئەو سەردەمە، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی بە کڵێسای کاسۆلیکییەوە هەبوو. لەبەر ئەوەی هێشتا زانکۆکە تەواوو نەکرابوو، هەندێک لە پۆلەکانی لە دێری شارەکە و هەندێکی دیکەیان لە قەڵای سەدەی چواردەی شارەکەدا بەڕێوەدەبرا.

ژیانی لۆسەر لە ویتەنبێرگ پڕبوو لە دڕدۆنگی رۆحی. هەمیشە لەوە بەگومان بوو، کە خودی خۆی و باوەڕەکانی کڵێسای کاسۆلیک لە خوداوە نزیک بن. دواتر بەم شێوەیە باسی ئەم دڕدۆنگییەی دەکات:

(ناوی مەسیح زۆربەی جار منی دەترساند، کاتێ تەماشای ئەو و خاچەکەیم دەکرد، لە پێش چاومدا وەک بروسکەی هەورەتریشقە وابوو. کاتێک خەڵکی ناوی مەسیحیان دەبرد، حەزم دەکرد لە جیاتی ناوی مەسیح ناوی ئەهریمەن ببیستم. چونکە باوەڕم وابوو پێویستە کردەوەکانم چاک بن، بۆ ئەوەی مەسیح هان بدەن منی خۆشبوێت و لێم ببورێت).

گومان و ڕاڕایی لۆسەری ئازار دەدا. بە توندی هەوڵیدەدا خۆپارێز بێت، بەڵام هەمیشە بە خۆی دەوت بەم شێوەیە نییە.

پاش تەواوکردنی کۆرسی شەش مانگی خوێندنی، لۆسەر گەڕایەوە بۆ ئارفۆرت. گەڕانەوەی لۆسەر هەروەها گەڕانەوەبوو بۆ نێو مشتومڕی نێوان ئاگۆستینەکان. کە نزیکەی پێش سەد ساڵ ئەم تاقمەی دووچاری پەرتەوازەبوون کردبوو.

لە لایەکەوە کۆمەڵێ راهیب دەیانویست پەیڕەوی لە هەموو یاساکانی کڵێسا بکەن، کە ئەمانە بە ئاگۆستینە رەچاوکەرەکان بەناوبانگ بوون. کۆمەڵێکی دیکەیان لەو باوەڕە دابوون کە پێویستە تاقمەکەیان کەمتر پەیڕەوکار و رەچاوکەر بێت. ئەم تاقمەیان بە ئاگۆستینەکانی دێر ناویان دەرکردبوو. فۆن شتاوپتیز هەوڵیدا ئەم دوو کۆمەڵەیە ئاشت بکاتەوە، بەڵام رووبەڕووی بەرەنگاری بووەوە. بابەتەکە بە هێند وەرگیرا. ئاگۆستینە رەچاوکەرەکان بڕیاریاندا، بەرەنگاری بڕیارەکانی فۆن شتاوپیز و کەسانی سەرەوتر ببنەوە.

تاقمی رەچاوکەران نوێنەرێکیان بۆخۆیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی سەردانی رابەرانی باڵای کڵێسای کاسۆلیک لە شاری رۆمای ئیتالیا بکات. لەبەرئەوەی راهیبەکان هەرگیز بە تەنیا سەفەریان نەدەکرد، داوا لە لۆسەر کرا هاوڕێی ئەم نوێنەرە بکات. لە تشرینی دووەمی ساڵی 1510دا لۆسەر و راهیبی نوێنەر بەپێ بەرە و رۆما کەوتنەڕێ، کە پاپا لەوێ دادەنیشت.

رێگە بڕین بە مەودای 1360 کیلۆمەتر بە نێو چیاکانی ئالپدا، لەو زستانە سارد و تەڕوتووشەدا،

گەلێک دژوار بوو. دوو راهیب لە دێرەکانی سەرە ڕێگەدا دەحەوانەوە و نانییان دەخوارد.

پاش چل ڕۆژ دوو راهیب گەیشتنە شاری ڕۆما، لۆسەر لەناکاو خۆی لەنێو دونیایەکدا بینییەوە کە پێشتر هاوشێوەی نەبینی بوو. ڕۆما ناوەندی دامەزراوەیەک بوو کە هەموو تەمەنی بۆ ئەم دامەزراوەیە تەرخان کردبوو. هەر کە شاری پیرۆزی بینی، خۆی دا بەسەر زەویەکەیدا و وتی: (درود بۆ ڕۆمای پیرۆز!).

ڕۆما گەنجینەی شتگەلی پیرۆز و یادگاریگەلی ئاینی بوو. هەندێک لەو یادگارییە ئاینیانە کە پاپا لیۆی دەیەم هەڵیبژارد بوون، بەجۆرێک پیرۆز بوون، کە دەوترا بە بژاردنی چەند سکە ئاڵتونێک و بە وردی بینینیان، 4000 ساڵ لە مانەوەی کەسێک لە بەرزەخدا کەم دەکاتەوە.

لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ڕۆمادا، پەیکەری چل پاپا و حەفتاوشەش هەزار شەهید و ئیسکوپروسکگەلێک نێژرابوون، کە دەیان وت بەشێکە لە پاشماوەی ئێسکوپرسوکی سوتاووی حەزرەتی موسا. لە ڕۆمادا تابلۆ پیرۆزەکان و زنجیر و مەقەست و تاڵەمو و خشڵ و سکە

و دروستکراوی ئاینی دیکە زۆربوون. تەنانەت شـاری رۆمـا بانگەشەی ئـەوەی دەکـرد، کە پەیکەری پترۆس و پۆڵسی قەدیسی، دوو کەس لە هاوڕێیانی یەکەمی حـەزرەتـی مەسیح، لە خاکی ئەمدا نێژراون. تەرمی ئەم دوو هاوڕێیەی مەسیح، بۆ پشکداربوون لـە پاداشتی چاکە دابەشکرابوون. کە لەسەرەکانیان لە کۆشکی لاتیران بـوو، ئەو شوێنەی کە پاپا لێی دەژیـا، هەریەکەش لە چوار کڵێساکەی رۆما، جەستەی هاوڕێیانی تێدا دانرابوو. بە هەزاران سەردانکەر دەستە دەستە دەهاتن بۆ رۆما بۆ ئەوەی ئەم یادگارانە ببینن، یاخود بەشداری بکەن لە نوێژ و ڕێوڕەسمی نانی ئێوارەی رەبانی، کە لە مەزارگە و کڵێسا پیرۆزەکاندا بەڕێوە دەبرا.

لـە هـەمـووی گرنگتر ئـەوەبـوو کـە رۆمـا قـادرمـەی پـیـرۆز (سانتا ئـاسکـالای) لـێ بـوو. دەوترا ئەم قادرمانە هەمان ئەو قادرمانەن کە حەزرەتی مەسیحی کاتێ لە لایەن پۆنتیۆز پیلاتز (فەرمانڕەوای رۆمـای سـەردەمی جووەکان لە ئۆرشەلیم بانگکرا، کە لەسـەر داوای کۆمەڵێک لە جووەکان، عیسای لە خاچدا)، بەم قادرمانەدا

سەرکەوتووە. بە پێی گێڕانەوەکان، ئەم قادرمانەیان هێنابوون بۆ ڕۆما و لە کۆشکی لاتراندا سەر لەنوێ خرابوونەوە کار.

لۆسەر خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو، بەشداری ئەو کارانە بکات، کە ئەنجامدانیان پاداشتی مەعنەوی بە دواوەوە بوو. بە مەبەستی دانپێدانان و بەشداری لە نەریتی نانی ئێوارەی ڕەبانی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی کرد. سەردانی ئەو شوێنەی کرد کە مەسیحییە یەکەمەکانی لێ نێژرابوون. ڕێزی خۆی لەبەرامبەر ئێسکوپروسکی قەدیسان و شمەکگەلی پیرۆزەوە نواند. لۆسەر لەم شوێنە پیرۆزانەدا بەجۆرێک دووچاری هەستیاری دەبوو، بەقسەی خۆی (وەک قەدیسێکی ... دێوانە) لەملاو بۆ ئەولا ڕایدەکرد.

بەڵام بەو ڕادەیەی کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئەم شارەوە، بە هەمان شێوەش زوو لێی نائومێد بوو. ڕابەرانی ئاینی بە هیچ جۆرێک سەرنجیان ڕانەدەکێشا. لە ڕاستیدا، لۆسەر لەو باوەڕەدا بوو، کە ئاگاداری کتێبی پیرۆز نین. تەمەڵی دەکەن و ئەخلاقیان چاک و دڵسۆزانە نییە. دەیبینی چۆن ئەم ڕابەرە ئاینیانە سەروبنی

ڕێوڕەسمی نانی ئێوارەی ڕەبانیان کورت دەکەنەوە، پاشان بە لۆسەریان دەوت: (پاسا! پاسا!) واتە ( خێراکە بڕۆ!) کە تازە دەیوست نزای خۆی دەسپێبکات.

لە ڕوانگەی لۆسەرەوە قەشەکانی ڕۆما، زیاتر خەریکی خۆپەرستی و خۆراکی بەتام بوون، تاکو نزا و چاکەکاری. بە بڕوای لۆسەر کڵێسای کاسۆلیک شۆڕببووەوە بۆ داوێنی گوناهـ و هەڵپە و بێسەروبەری ئەخلاقی. لەو باوەڕەدا بوو کە پاپا و کاردیناڵ و ئەسقۆفەکان زۆربەیان سوێندی داوێن پاکی و ڕەبەنیان لەبیر کردووە و مەعشوقە و منداڵیان هەیە. دەی وت پاپاکان زیاتر هۆگری شەڕن تاکو ئاشتی. لۆسەر ڕابەرانی کڵێسای بە خەوتن لەسەر چرپای داپۆشراو بە خوری، تۆمەتبار دەکرد، لە کاتێکدا هەژاران پەناگەیەکیان شک نەدەبرد. لۆسەر گەلێک سەرسام بوو بەوەی کە دەیبینی ڕابەرانی ئاینی، بڕێکی زۆر خۆراک دەخۆن و نانخواردنەکەشیان بە شەرابێکی نایاب کۆتایی پێدێنن، ماڵەکانیان هێند سامانی گرانبەهایان تێدایە، کە پاشاکان خەوی پێوە دەبینن.

بەڵام لۆسەر نەیدەتوانی لیگەڕێت، کاتەکانی لە رۆما بە بەتاڵی بەسەربەرێت، بێئەوەی هەوڵی دامرکاندنەوەی پێداویستییە رۆحیەکانی خۆی بدات، دەیوست کاتی مانەوە خۆی و باوەگەورەی کە تازە مردبوو لە بەرزەخدا کورت بکاتەوە. بە ئەژنۆ بەسەر قادرمەی پیرۆزدا سەرکەوت. لەسەر هەر یەک لە بیست و هەشت قادرمەکە نزای پێویستی خوێند. لە سەرەوە راوەستا و بە بەرخۆیەوە وتی: (کێ دەزانێت ئایا ئەمە بە راستی دروستە یان نا؟).

لۆسەر و هاوڕێکەی دواجار رۆمایان بەجێهێشت و دیسانەوە رێگەی زنجیرە چیاکانی ئالپیان گرتەوەبەر، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ئارفۆرت. لە ئەرکەکەیاندا وەک نوێنەر ئاگۆستینیانی رەچاوکەر شکستیان هێنابوو. رابەری تاقمی ئاگۆستینەکان بەبیستنی وەڵامەکەی ئەمان رازیبوو. راهیبانی رەچاوکەر دەیانویست رابەرانی سەروتری ئاینی بە بیروبۆچوونەکانی خۆیاندا بچنەوە. بەڵام ئیدی لۆسەر نەیدەویست لەم کارەدا بەشداری بکات، بڕیاریدا پەیڕەوی لە بڕیارەکانی سەروتری خۆی بکات. برایانی دێری

تووڕە بوون، دەیان وت دەبێت مارتن بڕوات بۆ ویتەنبێرگ و لە لای فۆن شتاوپیتز بژیت.

چەند مانگی دواتری مانەوەی لۆسەر لە ئارفۆرت، پڕبوو لە کێشمەکێشی تاقمی ئاگۆستینەکان و شەڕە رۆحییەکانی خۆی بۆ رزگاربوون. لە هاوینی ساڵی1511دا، لۆسەر ئارفۆرتی بەجێهێشت بۆ ئەوەی لە دێری رەش، دێری تاقمی ئاگۆستینەکان لە ویتەنبێرگ بژیت. لەوێندەر هێشتا کێشمەکێشە رۆحییەکانی بەردەوام بوون، کاتێک دەیویست نزا بکات، نیگەرانی دەهاتە وێزەی و دەی وت خودی شەیتان ئەشکەنجەی دەدات. لۆسەر دەی وت شەیتانی راڕاکەر پێی دەبێژێت: (وادەزانی خودا نزاکانی تۆ دەبیستێ و گرنگیان پێدەدات؟).

لەم سەروبەندەدا، فۆن شتاوپیتز هەوڵیدەدا باوەڕ بە لۆسەر بهێنێت، تەنیا شتێک کە ئەو پێویستی پێیەتی، ئەوەیە خودای خۆشبوێت. بەڵام بەڵگەی لۆسەر ئەوەبوو، هیچ کەسێک ناتوانێت خودایەکی تووڕە و تۆڵەسێنی خۆش بوێت، کە رۆحەکان دەنێرێت بۆ ئاگری دۆزەخ. لەوە بەگومان بوو کە ئایا ئەوەی ئەم لە دەستی

دێت بۆ رازیکردنی ئەم خودا پیرۆزە بەسە یان نا؟

فۆن شتاوپیتز لە گومان و دانپێدانانە شەش کاتژمێرییەکانی لۆسەر هەراسان ببوو. فەرمانی بە لۆسەر کرد لە کڵێسای مریەمی پیرۆز بۆ دکتۆرا بخوێنێت و لە شاردا ئامۆژگاری خەڵکی بکات و لە دێردا وانە بڵێیتەوە.

لۆسەر لە وەڵامی رابەرەکەیدا، کە ئێستا نزیکترین هاوڕێی بوو، وتی: (ئەگەر ئەم کارانە بکەم دەمرم). بەڵام سەرقاڵکردنی لۆسەر، شێوازی فۆن شتاوپیتز بوو بۆ ئەوەی لە نائومێدی رزگاری بکات.

ساڵی 1512، لۆسەر بڕوانامەی دکتۆرای خۆی لە بەشی (تیۆلۆژی) لە زانکۆی ویتەنبێرگ وەرگرت. فێردریکی ئەمیری هەڵبژێراو، پارەی پێویستییەکانی بۆ بڕوانامەکەمی دابینکرد. وەک نەریتی دکتۆرەکان، لۆسەر کڵاوی فەرمی لۆکەی لەسەرکرد و مستیلەی زیویش لە پەنجەی. لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1512دا، دکتۆر مارتن لۆسەری بیست و هەشت ساڵە، لە کۆرسی مامۆستایی خۆیدا لە زانکۆی ویتەنبێرگ، دەستی بە وانە وتنەوە کرد. هەروەها لە کڵێسای

(هەمووان قەدیس)دا ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد، لە دێردا وانەی دەوتەوە و لەسەر نانخواردن بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزەوە مژول دەبوو، راوێژکاری یازدە دێریش بوو، تەنانەت حەوزێکی بەخێوکردنی ماسیشی بەڕێوەدەبرد.

دوای پێنج ساڵ لە هۆدەکەیدا، لە قولگەی سەرەوەی گومەزئاسای دێردا، کێشمەکێشی بوو لەگەڵ خۆی، کە چۆن لەبەردەم خودایەکی دادپەروەردا بژیت. لۆسەر وەک تاگرتوویەک خەریکی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دەبوو-مزامیر و نامە بۆ رۆماییەکان و غەلاتییەکان و عیبرییەکان-، بۆ ئەوەی لە زانکۆدا بۆ وانە وتنەوە ئامادە بێت و بۆ پرسیارەکانی خۆی وەڵامێک بدۆزێتەوە. وردە وردە خودای بە شێوەیەکی دیکە دەبینی. بەو ئەنجامە گەیشت، ناتوانێت کارێک بۆ دڵخۆشکردنی خوا بکات. ئەو باوەڕەی بۆ دروستبوو کە مەسیح بە نوێنەرایەتی ئەو، بەمردنی لەسەر خاچ، خودای دڵخۆشکردووە، لەم بارەیەوە دەنوسێت:

(مەسیح) بۆ من مرد. خۆپارێزی خۆی، بۆ من و گوناهەکانی منی کردە هی خۆی، ئەگەر

گوناهەکانی منی کردوەتە هی خۆی، کەوایە من گوناهم نییە و ئازادم.

ئەمێستا لۆسەر باوەڕی وابوو تەنیا بەهۆی دلۆڤانییەوە -دلۆڤانی خودا لە بەرانبەر کەسێکەوە کە شیاوی نییە- دەتوانێت لە بەردەم خوداوەندی دادپەروەردا ئامادە بێت. لەو باوەڕەدا بوو چاکەکاری تەنیا لەم کاتەدا بە شێوەیەکی سروشتی روو لە مرۆڤ دەکات. لە ساڵی 1515دا، لۆسەر دەستیکرد بە نووسینی نامەیەک لەبارەی کتێبی پیرۆزەوە بە ناوی (نامەی پۆلس بۆ رۆماییەکان). لە سەرەتاوە دەنوسێت:

مرۆڤ لە بەردەم خوداوەنددا بە کردەوەی دادپەروەرانە نابێتە دادپەروەر، بەڵکو بە دادپەروەربوونە، کە کردەوەی دادپەروەرانە لە مرۆڤ دەوەشێتەوە.

نووسینەکانی پۆڵسی پەیامبەر لە کتێبی پیرۆزدا بۆ لۆسەر بەجۆرێکی تایبەت پڕواتا بوون. لۆسەر یەکێک لە پارچە پڕواتاکانی (نامەی پۆڵس بۆ رۆماییەکان) لە پەیمانی نوێ (ئینجیل) دا دۆزییەوە:

چونکە لەوە دڵنیام، مرۆڤ بەبێ پەیڕەوکردنی نەریتە ئاینیەکان و بە تەنیا بەهۆی باوەڕەوە، بە مرۆڤێکی دادپەروەر دەژمێردرێت.

باوەڕی نوێی لۆسەر، بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەوە بوو، کە تا ئەو کاتە فێریان ببوو. باوەڕەی پێچەوانەی باوەڕی کڵێسای کاسۆلیک بوو، هەروا بە پێچەوانەی هەموو ئەو شتانەوە بوو، کە تاڕادەیەک لە ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆمادا باوەڕیان پێی بوو. بەڵام لۆسەر بە وەڵامی ئەو پرسیارانە رازی بوو، کە ئازاری دەدا. دواتر دەنوسێت:

لەناکاو هەستمکرد سەرلەنوێ لەدایکبوومەتەوە و لە دەرگایەکی واڵاوە پێم خستووەتە نێو خودی بەهەشتەوە. دەستبەجێ هەموو کتێبی پیرۆزم لە نورێکی جیاوازدا بینی.

لۆسەر بە ئاشکرا وانەی باوەڕە نوێکەی، وتەوە و ئامۆژگاری و قسەی کرد. ئەوەندەی نەبرد، ئاپۆرەی ناو وتارەکانی بەجۆرێک بوو، دەرزیت هەڵبدایە نەدەکەوتە سەر زەوی. بوێرانە هاواری دەکرد، رزگاری خەڵاتی دلۆڤانی خودا، لە رێگەی مەسیحەوەیە و بەهۆی باوەڕەوە

بەدەست دێت. هەروا خەڵکی فێردەکرد، کە مرۆڤ دەتوانێت بێ نێوەنگری کڵێسا و قەشەکان، لە خودا نزیکببێتەوە. پەیامەکەی لۆسەر لە نێو خەڵکدا گەلێک برەوی سەندبوو.

ئیدی کڵێسا نەیدەتوانی رێگە لەو خەڵکە بگرێت، کە دەیانویست گوێ لە قسەکانی لۆسەر بگرن. بەڵام زۆر کەسیش هەبوون کە فێرکارییەکانی لۆسەریان بە داهێنانی بیری نوێ دەزانی.

# بەشی (4)
# نەوەد و پێنج پرس بۆ وتووێژ

لە ساڵی 1517دا، لۆسەر دوو نامەی لە کتێبی پیرۆز وەک وانە وتەوە، ئەوانیش نامەکانی پۆلس بۆ غەلاتی و عیبرییەکان بوو. لەو کاتەدا کە لۆسەر بیروبۆچوونەکانی خۆی لەبارەی دلۆڤانی خوداوە وەک وانە دەوتەوە، کڵێسای کاسۆلیک هەوڵەکانی بۆ فرۆشتنی لێبوردننامە زیاتر دەکرد. پاپا لیۆ دەیوست باڵەخانەی ئەو کڵێسایەی کە بە کڵێسای گەورە (سان پیترۆ) بەناوبانگ بوو، لە رۆما تەواوو بکات، بەڵام پارەی پێویستی نەبوو. شێوازی ژیانی هەڵەخەرجی لیۆ و پارێزگاری ماددی ئەو لە هونەر و کلتور، خەزێنەی کڵێسای تاڕادەیەک خاڵی کردبوو. لیۆ باشترین رێگەی بۆ زیادکردنی دەرامەتی کڵێسا، بە فرۆشتنی زیاتری لێبوردنامە دەزانی. پاپا لەو باوەڕەدا بوو، خەڵکی بە کڕینی لێبوردننامەی زیاتر، بۆ رزگارکردنی خۆیان و ئازیزانیان لە سزای گوناهەکانیان خۆشحاڵ دەبن.

یۆهان تیتسل، راهیبی قەڵەوی دۆمینیکی، یەکێک بوو لە باشترین فرۆشیارانی پاپا. یۆهان ئازادانە شار بە شار بە ئەڵمانیادا دەگەڕا و لێبوردننامەی دەفرۆشت. لەگەڵ ئەمەشدا، فێردرێکی دانا رێگەی بە تیتسل نەدا بڕواتە نێو

شاری ساکسەوە. فێردریک کۆمەڵێک شمەکی پیرۆزی خۆی لە ویتەنبێرگ هەبوو بەدوای ڕکابەرییەوە نەبوو. بەڵام لە زۆربەی شوێنەکانی ئەڵمانیادا ئامانجی تیتسل سادەبوو، ئەویش فرۆشتنی پتری لێبوردننامە بوو بۆ رزگاربوون لە بەرزەخ.

ئامادەکاری تێروتەسەل بۆ سەردانەکانی تیتسل ئەنجام دەدرا. لە ناو خەڵکدا جاڕی هاتنی تیتسل دەدرا و سەکۆیان بۆ ئامادەبوونی لە ناو خەڵکدا دروست دەکرد. بەر لە هاتنی بۆ شار، تەپڵچی و شەیپوڕژەنان و سوارە هاتنییان رادەگەیاند. پاشان تیتسل بە سواری ئەسپ و بە پاسەوانی پڕچەک و مەدالیای پاپاوە دەهاتە نێویان. بەسەر خاچێکی بەرزەوە، بە چەشنێک کە هەمووان بیبینن، نمونەیەک لەوە پەیوەست کرابوو کە دەیوست ئەو رۆژە بۆ کاسۆلیکەکانی بخاتەڕوو: ئەوەش لێبوردننامە بوو. پاشان تیتسل دەچووە سەر سەکۆکە و دەستی بە ئامۆژگارییەکانی دەکرد:

ئایا گوێتان لە دەنگی مردوانی خۆتان و خەڵکی دیکە نییە، کە ئێوە بانگ دەکەن و دەڵێن:

(بەزەییتان بە ئێمەدا بێتەوە، بەزەییتان پێماندا بێتەوە، چونکە ئەشکەنجەی تاقەت پڕوکێن و ئازار دەچێژین، ئێوە دەتوانن بە چەند فلسێک رزگارمان بکەن). ئایا ئێوە ئەم کارە ناکەن؟

لە قسە ئاگرینەکانیدا، وردەکاریەکی روونی ئازار و ئەشکەنجەی گوێگران و ئازیزانیان بە هۆی گوناهەوە دەخرایە روو. تیتسل لە کۆتاییدا بۆ هاندانی گوێگران تا لێبوردننامە بکڕن دەیگوت:

هەر کە لە سندوقەکەدا دەنگی زرنگەی سکەیەک هات، رۆحێک لە بەرزەخەوە بەرە و بەهەشت هەڵدەفڕێت!

ئەمجا کاسپیی دەکرد. لەسەر مێزێک وەک پێویست لێبوردننامەی خاڵی دانابوو. خەڵکی بۆ کڕینیان تێکچڕژابوون. بەڵام هەندێکەس رەخنەیان لە تیتسل و رێوشوێنەکانی کڵێسا دەگرت. بێگومان لۆسەریش نارەزایەتی خۆی لەم هەنگاوەی کڵێسا نیشاندا.

ئەو ساڵە تیتسل سەردانی زۆر شاری کرد. یەکێک لەو شارانە کەوتبووە 32 کیلۆمەتر ئەولای ویتەنبێرگەوە. کاتێک خەڵکی بە لێبوردننامەکانیانەوە گەڕانەوە بۆ ویتەنبێرگ،

لۆسەر پەرچەکرداری خۆی خستەڕوو. لە 31ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1517دا، کاغەزێکی گەورەی بە دەرگای کڵێسای (هەموان قەدیس)دا هەڵواسی کە (بانگەواز)یان پێ دەوت. لۆسەر ئەم بانگەوازەی ناونا (وتوێژی گاریگەری و سوودی لێبوردننامە).

لۆسەر لەم بانگەوازەدا، بە خەتی خۆی و بە زمانی لاتینی، فێرخوازان و مامۆستایانی بۆ وتوێژ بانگهێشت کرد. بەم وشانە دەستیپێکردبوو:

بە سەرنجدانمان لە هۆگری و تامەزرۆیمان بۆ هەقیقەت و ئەو ویستەی کە بۆ ڕوونکردنەوەی هەقیقەت هەمانە، لە ژێر چاودێری ڕێزدار باوکی ڕۆحی، مارتن لۆسەر، مامۆستای زانستە بەراییەکان و تیۆلۆژی پیرۆزی زانکۆی ویتەنبێرگ، لەم زانکۆیەداکۆڕێک بەڕێوەدەبرێت و ئەم پرسانە دەخەینە بەرباس و وتووێژی ڕای گشتی. داوا لەو کەسانە دەکەین بۆچوونەکانیانمان بە نامە بۆبنێرن، کە ناتوانن لە وتوێژەکەدا بەشداری بکەن.

نەوەد و پێنج پرس بۆ وتوێژ لەبەرچاوگیرابوو. لۆسەر دەیویست باسی تۆبە و دانپێدانان

و گوناهـ و خاکەڕایی و بـەرزەخ و دۆزەخ و بەهەشت بکات. ئەڵبەتە عیشق و پاکبوونەوە و لێبوردننامەش لە لیستەکەدا بوو.

لە بڕگەی 52دا هاتووە:

بێهودەیە بەهۆی لێبوردننامەوە بەهیوای رزگـاربـوون بـن، تەنانەت ئەگەر دابەشکەری لێبوردننامە یان تەنانەت خودی پاپا، رۆحی خۆی بە گرێنتی ئەمە دانابێت.

لۆسەر بە هەمان شێوە سەرسامی خۆی لـەبـارەوە دەربڕیبـوو، بۆچی پاپا بــەرزەخ لە گوناهباران خاڵی ناکاتـەوە! هەرچییەک بێت ئەگەر پاپا دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کە هەندێ کەس ئازاد بکات، بۆچی ئەم کارە بۆ هەمووان ناکات؟ بابەتی وتوێژی بڕگەی 82دا ئەوەبوو:

بۆچی پاپا لەپێناو عیشقی پیرۆز و پێویستی لێخۆشبوونی ئەو رۆحانە بەرزەخ خاڵی ناکاتەوە، کە لە بەرزەخدان، لە کاتێکدا گوناهی زۆرێک لە رۆحەکان، تەنیا بە پارەیەکی ناچیز دەبەخشێت، کە کڵێسای پێ دروست دەکات.

هەروا لۆسەر پێشنیاری کردبوو، باشتروایە

پاپا کڵێسای گەورە (سان پیترۆ) بفرۆشێت و پارەکەی بداتە هەژاران. لۆسەر کۆپییەکی لە پرسەکانی بۆ ئەسقۆفی مەزن (ئالبرێشت) نارد، کە رابەری ئاینی سێ قەڵەمڕوی گەورە بوو. بە هەمانشێوە نامەیەکی بە تاوان ناساندنی فرۆشتنی لێبوردننامە بەم نامەیەوە نووساند.

ئالبرێشت بە نەوەد و پێنج پرسەکەی لۆسەر سەرسام بوو، وتی: (خوداوەندی مەزن! ئایا ئەو رۆحانەی کە بە تۆ سپێردراون بەمجۆرە فێردەکرێن؟) کۆپییەکی لە لیستەکە بۆ پاپا لیۆی دەیەم نارد. پاپا سەرەتا وا بیری کردەوە کە قسەکانی لۆسەر تەنیا مشتومڕێکی راهیبانەیە. بەڵام دواتر ئەوەی بە نەوەد و پێنج پرسەکەی لۆسەر ناوی دەرکرد ، بووە هۆی نانەوەی پشێوی لەسەرانسەر ئەوروپادا.

لۆسەر دەیویست پریشکی ئاگری وتوێژی زانکۆ روون بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی رووداوەکانی دواتر جڵەوبکات. کەسێک لیستەکەی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕا و بە هەزاران دانەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو ئاپۆرایەی بە دەوری تیتسل دا کۆدەبووەوە، پەرتەوازە بوو رەخنەگران

گاڵتەیان پێدەکرد. فرۆشتنی لێبوردننامە برەوی نەما و دەرامەتەکەی لە کەمی دا.

لۆسەر دواتر لەم بارەیەوە دەڵێ: (هەرگیز وابیرم نەدەکردەوە لەسەر پارچە کاغەزێک، ئاگرێکی لەمجۆرە لە رۆما هەڵگیرسێت).

# بەشی(5)
# تۆمەتی داهێنانی باوەڕی نوێ

بە درێژای زستانی ساڵانی 1517-1518، لۆسەر وەک شێوازی هەمیشەی درێـژەی بە فێرکردن و ئامۆژگاری دا. وانـەی نامەکانی پۆڵسی بۆ غـەلاتـی و عیبرییەکان تـەواوکـرد و هێشتاش جەختی لـە پاکبوونـەوە بەهۆی دلۆڤانـی خـودا لـە رێـگـەی بـــاوەڕەوە دەکـرد. خوازیاربوو بیرکردنەوەکانی لەسەرانسەری زانکۆدا بڵاوبنەوە. هەروەها لۆسەر بە دوای مامۆستایەکدا دەگــەڕا کـە زمـانـی یۆنـانـی و عیبری- ئەو زمانانە فێربکات کە کتێبی پیرۆزیان پێنوسراوە-. دەیوست دەقی کتێبی پیرۆز بە زمانی رەسەنی خۆی بخوێنێتەوە.

بە تێپەڕبوونی کات، خەڵکێکی پتر باوەڕیان بە بڕواکەی لۆسەر دەهێنا، بەڵام هەر بەو جۆرەی کە ژمارەی دۆست و پەیڕەوکارانی زیاتر دەبوو، ژمارەی دوژمنەکانیشی زیاتر دەبوو. یۆهان ئیک، قەشە و مامۆستای زانکۆی ئینگۆڵشتات، یەکێک بوو لە بەهێزترین دوژمنانی لۆسەر. ئیک کە پێشتر هاوڕێی لۆسەر بوو، بە داهێنانی باوەڕی نوێ تۆمەتباری کرد. تیتسل و دۆمینیکییەکانی هاوبۆچوونی (ئیک)یش، پێداگربوون لەسەر

ئەوەی بیسەلمێنن، لۆسەر تاوانبارە و گوناهی داهێنانی باوەڕی نوێی ئەنجامداوە.

لە بەهاری ساڵی 1518دا لۆسەر بانگهێشتکرا بۆ کۆبوونەوەی ئاگۆستینەکان لە هایدلبێرگ. داوایان لێکرد لە لێبوردننامە بەرگری لە هەڵوێستی خۆی بکات. لەبەرئەوەی لۆسەر دوژمنی زۆر بوو، پێویستی بە پاراستن بوو. فێردریکی دانا گەلێک لەبیری لۆسەردا بوو، پارێزراونامەیەکی بە لۆسەردا، کە گرەنتی پاراستنی گیانی لە گەشتەکەیدا بکات.

لۆسەر بە ساغ و سەلامەتی گەیشتە هایدلبێرگ، وتوێژی لەمەڕ 28 پرس لەگەڵ تاقمی ئاگۆستینەکان کرد. هیچکام لەم پرسانە پەیوەندی بە پرسی لێبوردننامەوە نەبوو، بەڵام لۆسەر سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت و بۆ ئەوەی باوەڕە نوێکەی بە باشی روونبکاتەوە. لۆسەر بوێرانە رایگەیاند:

ڕێسا ئاینییەکان دەڵێن: (بەم جۆرە بکە!) ئەم کارەش هەرگیز بە ئاکام ناگات. خودا دەڵێت: (باوەڕ بەم پیاو «مەسیح»ـە بکەن!) دەستبەجێ هەموو شتێک بەئەنجامدەگات.

لەم سەروبەندەدا، پاپا لیۆ لە رۆما ئەرکی لێکۆڵینەوە لە نەوەد و پێنج پرسەکەی لۆسەری بە راوێژکارێکی ئاینی خۆی (سیلوستەر پریریاس) سپارد. پریریاس قەشەیەکی پیری دۆمینیکی بوو، دەستبەجێ رایگەیاند لۆسەر تاوانبارە. نامەیەکی دیالۆگی نوسی و تێیدا بە فەرمی دژایەتی لۆسەری کردبوو. پریریاس ئەم نامەیەی بۆ یاسا ناسانی پاپا نارد. یاساناسانیش تۆمەتنامەیەکی فەرمییان لەسەر لۆسەر رێکخست.

ئەرکی ناردنی نامەی دیالۆگ و تۆمەتنامە فەرمییەکە بۆ لۆسەر، نێردرا بۆ تۆماس کایتانۆس. کایتانۆس سەرۆکی تاقمی دۆمینیکیەکان و کاردینالێک بوو، کە لە رووی دەسەڵاتەوە لەدوای پاپاوە دەهات. نامەکە لە 7ی ئابی 1518 گەیشتەدەست لۆسەر. فەرمانی پێکرابوو لە رۆما ئامادەبێت و وەڵامی تۆمەتی داهێنانی باوەڕە نوێکەی بداتەوە.

لۆسەر لە چوونی بۆ رۆما راڕا بوو. سزای تاوانی داهێنانی باوەڕی نوێ، بە زۆری ئەشکەنجە و پاشان سوتاندنی بوو بە داری مەرگەوە. شەست رۆژ مۆڵەتی هەبوو، تاکو وەڵامی تۆمەتەکانی بداتەوە. بۆ رۆژی دواتر

نامەیەکی بۆ هاوڕێی دێرینی گیۆرگە شپالاتین نوسی، کە سکرتێری فێردریک بوو. داوای لە شپالاتین کرد، فێردریک و ئیمپراتۆر رازی بکات، دۆسییەکەی بگوازنەوە بۆ ئەڵمانیا.

لەم کاتەدا پاپا فەرمانەکەی خۆی گۆڕی: لۆسەر دەیتوانی کاردینال کایتانۆس لە ئاوکسبۆرگ ببینێت. بەهەرحاڵ، کایتانۆس وەک نوێنەری پاپا لە ئەنجومەنی پاشایەتی، کە ئەنجومەنی رابەڕانی ئیمپراتۆر بوو، بۆ ئەوێ کەوتبووەڕێ. پاپا وتبووی ئەگەر لۆسەر لە بانگەشەکانی لە دژی کڵێسا پاشگەزنەبێتەوە، کایتانۆس بە کۆتوبەندکراوی بنێرێت بۆ رۆما. بە هەمانشێوە پاپا نامەیەکی بۆ فیردریک نارد و رایسپارد هاوکاری کایتانۆس بکات.

لە مانگی ئەیلولدا، فێردریک فەرمانی بە لۆسەر کرد، بڕوات بۆ ئاوکسبۆرگ. لۆسەریش فەرمانەکەی بەجێهێنا، بەڵام زۆر دەترسا و راڕابوو کە ئیدی بە زیندوویی نەگەڕێتەوە. فەرمان بە کایتانۆس کرابوو لەگەڵ لۆسەر مشتومڕ نەکات، لۆسەر ناچاربکات تەنیا وشەیەک بڵێت: (ریڤۆکۆ- reveco ) واتە (پاشگەز دەبمەوە).

لۆسەر و کایتانۆس لە خانویەکی پێچ و پەنادا یەکتریان بینی. فۆن شتاوپیتزی و پارێزەرێک لەگەڵ لۆسەر بوون. لۆسەریان فێرکردبوو کە چۆن لەبەردەم کاردینالّدا رەفتاربکات. کاتێک گەیشتنە لای کایتانۆس، لۆسەر کڕنۆشی برد و هیچی نەوت. کاتێ کایتانۆس دەستیکرد بەقسان، لۆسەر هەستایەوە و کەوتە سەرئەژنۆ، تا ئەو کاتەی کایتانۆس فەرمانی نەکرد هەستێت، لە شوێنی خۆی هەڵنەسا.

پاشان کاردینالّ فەرمانی پێکرد سێ کار بکات. یەکەم: دەربڕینی پەشیمانی لە گوناهەکانی و تۆبەکردن، دووەم: بەڵێنبدات کە ئیدی خەڵکی فێری ئەم شتانە نەکات، سێیەمیشیان: ئارامی کڵێسا تێک نەدات.

ئەگەرچی بڕیاربوو لۆسەر تەنیا بڵێت (ریڤۆکۆ)، بوێری دایە بەرخۆی و پرسی کە گوناهەکانی چین؟ کاتێک کایتانۆس روونی کردنەوە، لۆسەر لە وەڵامدا وتی ناتوانێت پاشگەز بێتەوە. کایتانۆس وتی: (بتەوێ و نەتەوێ تۆ دەبێت ئەمڕۆ پاشگەز بیتەوە). بەڵام لۆسەر ئامادە نەبوو ئەم کارە بکات.

ئەم دوو پیاوە بۆ رۆژی دواتر دیسانەوە یەکتریان بینییەوە و لەمەڕ ئازادییەکانی پاپا و مافی پاپا لە پێدانی لێبوردننامە دووان، پاشان لۆسەر داوای کرد وەڵامی خۆی بە نوسین بداتەوە.

کاتی یەکتربینی سێیەم دیاریکرا. کاتێک لۆسەر بۆ سێیەمجار لەبەردەم کایتانۆسدا ئامادەبوو، نوسینەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، کایتانۆس بە رێزەوە بەڵێنیدا نوسینەکەی بنێرێت بۆ رۆما، پاشان بیری هێنایەوە کە ئێستا کاتی ئەوەیە لۆسەر لە گوناهەکانی پاشگەزبێتەوە. مشتومڕ گەرم بوو کایتانۆس ئاگری گرت: (ئێستا برۆ تاکو ئامادە نەبیت پاشگەز بیتەوە لە بەرچاوم دەرنەکەوێت!) لۆسەر ژوورەکەی بەجێهێشت. دواتر بۆ یەکێک لە هاوڕێکانی لەم بارەیەوە دەنوسێت:

تەنیا بە وتنی وشەی سادەی (ریڤۆکۆ) واتە (پاشگەز دەبمەوە)، دەمتوانی ببمە سازشکارترین و خۆشەویستترین کەس، بەڵام ئامادەنیم بە نکۆڵیکردن لە تێگەیشتنێک باوەڕی نوێ دابهێنم، کە بەو رێبازە بومەتە مەسیحی.

لۆسەر تێگەیشت دووچاری چەرمەسەری بووە. فۆن شتاوپیتز بە نهێنی لە کۆتی سوێندەکەی ئازاد کرد، تاکو بتوانێت هەڵبێت. پاشان فۆن شتاوپیتز و پارێزەرەکەی لۆسەر، پاش خۆرئاوابوون بە نهێنی لە شار هاتنەدەر. لە شەوی 20ی تشرینی یەکەمی 1518دا، لۆسەر بە ئەسپێکی پیرەوە لە تولەڕێیەکی دەروازەی شارەوە هەڵهات و ڕێگەی ویتەنبێرگی گرتەبەر. لە 31 تشرینی یەکەمدا، ڕێک ساڵێک دوای هەڵواسینی نەوەد و پێنج پرسەکەی بە دەرگای کڵێساوە، گەیشتەوە ویتەنبێرگ. ئێستا دەیتوانی لە ناو ترسێکی دەروونیدا لە هەمان کاتدا ئومێدەوار بێت. هەرچەندە لە ساکس لۆسەر لەژێر چاودێری فێردریکدا بوو.

لە هەفتەکانی دواتردا، کۆمەڵێک نامە و بڕیار ئاڵوگۆڕکران. لۆسەر نامەیەکی بۆ فێردریک نارد و هەڵبژێردراوی رازیکرد، کە پارێزگاریکردن لێی کارێکی دروستە، پاشان فێردریکیش نامەیەکی بۆ کایتانۆس نارد، تێیدا هاتبوو تاکو تاوانباربوونی لۆسەر بە داهێنانی بیری نوێ نەسەلمێنرێت، ناینێرێت بۆ رۆما.

لە 13ی کانوونی یەکەمی 1518، پاپا بڕیارێکی نوێی دەرکرد. لەم بڕیارەیدا ڕەوایەتی دابوو بە خۆی بۆ دابەشکردنی لێبوردننامە، وتبووی ئەمە ڕێگەیەکی دروستە بۆ تۆبەکردن. لەم بڕیارەدا بە دیاریکراوی ناوی لۆسەر نەهێنرابوو، بەڵام هەموو ئەو راهیب و ئامۆژگاریکەرانی کە فێرکارییەکانیان بە پێچەوانەی ئەم بڕیارەوە بوو تاوانبارکرابوون.

لۆسەر چاوەڕێی دەکرد، کە رۆما بەم زووانە تاوانباری بکات، بەڵام بەهەرحاڵ گەڕایەوە سەر وانەوتنەوەی خۆی لە زانکۆدا. لە کانونی دووەمی ساڵی 1519 فێردریک میوانداری لۆسەری کرد بۆ نشینگەی خۆی، تاکو نوێنەری تایبەتی پاپا ببینێت. داوا لە لۆسەرکرا پاشگەز بێتەوە، بەڵام لۆسەر دیسانەوە رازی نەبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، لۆسەر رازیبوو کە بێدەنگ بێت، بەو مەرجەی نەیارەکانیشی بێدەنگ بن.

لە هەمان مانگدا ئیمپراتۆری مەزنی رۆما (ماکسیملیانی یەکەم) مرد. پاپا لیۆ لەم کاتەدا هەموو خەمی ئەوە بوو، بەرگری لە هەڵبژاردنی فێردریکی دانا بۆ جێنشینی ماکسیملیان بکات. پاپا

نەیدەویست شارلی یەکەم، نەوەی ماکسیملیان بۆ ئەم پۆستە هەڵبژێردرێت، چونکە ئەگەر بەمجۆرە بوایە، نەوەکەی ماکسیملیان دەسەڵاتێکی بێڕادەی بەدەستدەهێنا. پاپا لیۆ لەم کاتەدا بەتەواوی لۆسەری لەبیرچووبووەوە.

لە مانگی حوزەیران، پاپا دەیپەڕژا کەمێک بیر لە لۆسەر بکاتەوە. وتوویژێک لەنێوان لۆسەر و یۆهان ئیک کە نوێنەری پاپا بوو ڕێکخرا. ئەم وتوێژە لە شاری لایبزیگ بەڕێوەبرا.

ئەو هەوادارە زۆرەی کە لەگەڵ لۆسەردا لە شاری ویتەنبێرگەوە بۆ لایبزیگ دەچوون، لە نزیکترین پەیڕەوکارانی بوون و نزیکەی دوو سەد فێرخوازی زانکۆی ئەم شارە بوون. وتووێژەکە ڕووداوێکی پڕ شکۆ بوو، کە بە ڕێوڕەسمی نانی ئێوارەی ڕەبانی و خوانی ئێوارە دەستپێکرد.

هەروەها ڕووداوێکی گرنگ لە یەکەمین ڕۆژی وتووێژەکەدا ڕوویدا: ئیمپراتۆری نوێ هەڵبژێردرا. ئەوکەسەش شارلی یەکەمی نەوەی ماکسیملیان بوو، کە پێشتر پاشای ئیسپانیا بوو. هەمان ئەو کەسەی کە پاپا لیۆ دەترسا بۆ ئەم پێگەیە هەڵبژێردرێت. ئێستا بە ئێمپراتۆر شارلی پێنجەم ناودەبرا.

بەڵام خەڵکی لایبزیگ زیاتر گرنگیان بە وتوێژەکەی نێوان لۆسەر و ئیک دەدا. شەست و پێنج سەرباز پارێزگاریان لە بەڕێوەچوونی وتوێژەکە دەکرد و دووسەد فێرخوازەکەش بە نێو شاردا پیاسەیان دەکرد. بەرگریکارانی لۆسەر و ئیک لەوێ ئامادەبوون. وتوێژەکە 23 رۆژ درێژەی کێشا. ئیک کە وتوێژکەرێکی لێهاتوو و زیرەک و گوتاربێژێکی بە توانا بوو، لۆسەری ناچارکرد، دان بە نکۆڵیکردنی مەرجەعیەتی پاپادا بنێت. لۆسەر رایگەیاند مەسیح رابەری کڵێسایە نەک پاپا.

کاتێک وتوێژەکە تەواوبوو، لۆسەر دڵنیابوو کە دۆڕاوە. ئیک نامەیەکی بۆ لۆسەر نارد و تۆمەتباری کرد بەوەی لە خراپترین داهێنەرانی بیری نوێیە. لۆسەر رایگەیاند ئیک بێشەرمە. لۆسەر کۆمەڵێک دوژمنی نوێی بۆ دروستبوو، چەند دۆستێکیشی لەدەستدا، بەڵام لە بەرامبەردا زۆرێک ببوونە پەیڕەوکاری لۆسەر. وتوێژەکە بووە هۆی بەناوبانگ بوونی لۆسەر. کتێبەکانی بە هەزاران دانەیان لێ دەفرۆشرا، ژمارەی فێرخوازانی زانکۆی ویتەنبێرگ بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

ژمارەی ئەو فێرخوازانەی لە وانەکانی لۆسەردا ئامادە دەبوون لە چوارسەد کەس زیاتر بوو، کڵێساکەی شوێنی ئەو خەڵکەی تێدا نەدەبووەوە کە دەیانویست گوێ لە ئامۆژگارییەکانی بگرن.

لە شوباتی 1520دا، لیژنەیەک لە رۆما دەستی بە کار کرد، بۆئەوەی ئاشکرای بکات ئایا نوسینەکانی لۆسەر لەخۆگری داهێنانی باوەڕی نوێن یان نا. پێگەی لۆسەر کەوتە مەترسییەوە. دوو خانەدانی ئەڵمانی پێشنیاری هاوکاریی و پارێزگارییان بۆ لۆسەر خستەڕوو. پاش چەند مانگێک کەسێک پێشنیاری بۆ لۆسەر کرد، سەد سوار بۆ پارێزگاریکردنی بخاتە خزمەتییەوە.

لە 24 حوزەیرانی 1520دا، پاپا لیۆ لە رۆما، بڕیارێکی فەرمی دەرکرد کە خودی خۆی واژۆی لەسەر کردبوو. بڕیارەکەی پاپا ناوی ئیکسۆرگە دومینە واتە (خوداوەند رابە) بوو. لە بڕیارەکەدا شەست رۆژ مۆڵەت بە لۆسەر درابوو تاکو پاشگەز بێتەوە، ئەگەر پاشگەز نەبێتەوە بە کافر بناسرێت، واتە لە بەشداریکردنی رێورەسمی نانی ئێوارەی رەبانیدا رێگری لێ بکرێت، یان لە کڵێسا دەربکرێت.

هەروەها پاپا بڕیاریدا کتێبەکانی لۆسەر بە بەرچاوی خەڵکییەوە بسوتێنرێن، لۆسەر لە وەڵامی ئەم بڕیارانەدا، ئاگرێکی گەورەی لەژێر دار بەڕوێکی ئەستوردا لە ویتەنبێرگ کردەوە و داوای لە خەڵکی کرد (ئیکسۆر دومینە) و هەموو بنەما شەرعیەکان، یان ڕێساکانی کڵێسای کاسۆلیک لە ئەو ئاگرەدا بسوتێنن.

خەڵکی بەهەمانشێوە درێژەیان بە کڕینی کتێبەکانی لۆسەر دەدا. (نامەیەکی کراوە بۆ خانەدانە مەسیحییەکانی گەلی ئەڵمانیا) لە ماوەی دوو هەفتەدا فرۆشرا. لۆسەر لەم نامەیەدا هێرشی کردە سەر ئەو تێگەشتنەی، کە دەڵێت: قەشەکان لە خەڵکی ئاسایی مەزنترن. لۆسەر بانگەشەی ئەوەی دەکرد، بە هیچ جۆرێک قەشەیی پێگەیەکی تایبەت نییە بۆ مەسیحییەکان. دەیگوت هەموو باوەڕداران قەشەن و دەتوانن راستەوخۆ لەگەڵ خودادا بدوێن.

لە تشرینی یەکەمدا، لە کتێبە نوێیەکەیدا بەناوی (لەبارەی دیلیەتی بابلی کڵێسا) رایگەیاند: قەشەکان بە سوودوەرگرتن لە نەریتە پیرۆزەکان و کارە خێرخوازییەکان، خەڵکیان کردووە بە کۆیلە.

لۆسەر پاپای بە خودی دەجاڵ (Antichrist: لە کتێبی پیرۆزدا دەجاڵ وەک دوژمنی سەرسەختی مەسیح ناودەبرێت، کە لە دونیای ئاخردا جیهان پڕدەکات لە شەڕ و خراپە، بەڵام لە کۆتاییدا بە هاتنی مەسیح لەناودەچێت) ناوبردبوو. دەیگوت رێسا پیرۆزە پێویستەکان، دەبێت لە حەوت رێساوە بکرێنەوە بە دوو رێسا، ئەوانیش لو ئاو هەڵکێشان و نانی ئێوارەی رەبانی.

فریدریک خرابووە ژێر گوشارەوە، تاکو کتێبەکانی لۆسەر بسوتێنێت و دەستگیری بکات و بینێرێت بۆ رۆما، بەڵام فریدریک بەمە رازینەبوو جەختی لەوە دەکردەوە، پێویستە سەرەتا لۆسەر لە دادگایی پاشایەتی ساکسدا بەرگری لە خۆی بکات.

لەم کاتەدا، ئیمپراتۆر (شارڵی پێنجەم) فەرمانی کرد، لە سەرەتای ساڵی 1521دا، لە ڤۆرمس ئەنجوومەنی پاشایەتی پێکبهێنرێت. ئامانج لە پێکهێنانی ئەنجوومەنەکە ئەوەبوو، رێگە بە شارڵ بدرێت فەرمانڕەوای خۆی بەسەر میرەکانی ئەڵمانیادا بسەپێنێت و ئەم میرانە یەکبخات، کە بە دەگمەن پێکەوە هەڵیاندەکرد. هەروا ئیمپراتۆر

دەیوست سەبارەت بە مەترسییەکانی هێزە دەرەکییەکان وتویژ بکرێت.

لەسەر داوای فریدریک، شارڵی پێنجەم ئیزنی بە لۆسەر دا، لە ئەنجوومەن ئامادەبێت. جیرۆلامۆ ئالیاندرۆ، کاردینالّ و نێردەی پاپا لە ئەنجوومەنەکەدا، دژایەتی ئامادەبوونی لۆسەری دەکرد. پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پێویستە شارڵ بە ئەرکی خۆی هەستێت و لۆسەر بە یاخی رابگەیەنێت.

لە 3ی کانوونی دووەمی 1521دا، پاپا بڕیارێکی بە ناوی (دیکت رۆمانیۆم پونتیفیکم- Decet Romanum pontificem) دەرکرد و لۆسەری بە کافر راگەیاند. ئەم بڕیارە نێردرا بۆ شارڵ، ئاماژە بەوەش کرابوو لە ئەنجوومەندا ئەم بڕیارە بۆ هەمووان بخوێنرێتەوە و رابگەرێنرێت هەر قەڵەمڕەو و کڵێسایەک بەرگری لە لۆسەر بکات بەهەمانشێوە ئەویش بە تاوانبار دەناسرێت.

ئەنجوومەن لە 28ی کانوونی دووەم پێکهێنرا. کاردینالّ ئالیاندرۆ، شارلی رازیکرد مۆڵەتی پێبدات، تاکو فەرمانی ئیمپراتۆر لە دژی لۆسەر دەربکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە 19ی شوباتدا

میرەکان شارلیان ئاگادارکردەوە، تاوانبارکردنی لۆسەر بەبێ دادگایی، لەوانەیە ببێتەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕش. شارل رازی بوو، لۆسەر لە ئەنجوومەن ئامادەبێت. لۆسەر دەیتوانی بە بەڵگەی پارێزراونامە گەشت بکات و هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبوو بە هیچ بیانوویەک دەستگیر یان زیندانی بکات.

# بەشی(6)
# ئەنجوومەنی ڤۆرمس

لە نیسانی ساڵی 1521دا لۆسەر و هەندێک لە هاوڕێکانی بەرەو ڤۆرمس کەوتنەڕێ. لە ڕێڕەوی گەشتەکەیاندا بە ئارفۆرتدا تێپەڕین. لۆسەر لە ئارفۆرت لە دێری ئاگۆستینەکان وتاری بۆ خەڵکدا، ئاپۆڕەی خەڵک حەوشەی دێرەکەی پڕ کردبوو. خەڵکی ئەو شارانە هەستی خۆیان بۆ لۆسەر دەردەبڕی، کە لۆسەر و هاوڕێیانی پێیدا تێدەپەڕین. خۆشەویستی لۆسەر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوو.

لە 16ی نیساندا، نێردەی پاشا ڕێنمایی لۆسەری کرد بۆ ڤۆرمس. جارچییەکان هەواڵی گەیشتنی لۆسەریان ڕاگەیاند. نزیکەی دوو هەزار کەس لە تەنیشت دەروازەکانی شاردا بۆ پێشوازیکردن لە لۆسەر کۆببونەوە. ئالیاندرۆی خۆشەویستی لۆسەر بەمجۆرە باسی دەکات:

لە هەر دە ئەڵمانییەک نۆیان هاواریان دەکرد: (بژی لۆسەر) و کەسی دەیەمیش هاواری دەکرد: (بمرێت ڕۆما).

شاری ڤۆرمس ڕۆچوبووە شادی و خۆشییەوە. ئەنجومەن وایکرد میرگەلی زەنگین و ئەسقۆفەکان سەردانی ئەم شارە بکەن.

کەسانی تەڕدەست و لیبوک لە شەقامەکاندا نمایشیان دەکرد. فرۆشیارانی دەستگێڕ خۆراک و خواردنەوەیان دەفرۆشت، بەڵام لۆسەر بۆ جەژن و خۆشحاڵی نەهاتبوو. هاتبوو بەرگری لە باوەڕەکانی خۆی بکات. بەر لە جێهێشتنی ویتەنبێرگ رایگەیاند بوو، بۆ پاشگەز بوونەوە بۆ ڤۆرمس ناچێت، بەڵکو بۆ مشتومڕ دەڕوات. ئەمجارەیان وەک ئەو کاتەی لە ئاوگسبۆرگ بوو نەدەترسا. لۆسەر بە باوەڕ بەخۆبوونەوە رایگەیاند:

ئەگەر بە زۆر رێگە لە من نەگرن، یان قەیسەر (شارڵی پێنجەم) لە بانگێشتنامەکەی پەشیمان نەبێتەوە، لەژێر ئاڵای مەسیحدا بە بەردەم دەروازەکانی دۆزەخدا دەچمە نێو ڤۆرمسەوە.

لە 17ی نیساندا، دوو کاربەدەستی فەرمی ئیمپراتۆری رۆما، بۆ دوورکەوتنەوە لە رووبەڕووبوونەوەی خەڵکی، بە نهێنی لۆسەریان هێنایە ناو ئەنجومەنەوە. لە دەورووبەری کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ، لۆسەر چووە نێو هۆڵی ئەنجومەن. فەرمانڕەوایانی بەهێزترین ئیمپراتۆری جیهان و نوێنەری کڵێسای پایەبەرزی

کاسۆلیکی رۆما لەوێندەر ئامادەبوون. هۆڵی ئەنجوومەن پڕبوو لە سەربازان و بەهێزترین سیاسەتمەدارانی ئەڵمانیا.

لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا مێزێک دانرابوو، کە کتێبەکانی مارتن لۆسەری لەسەر کەڵەکە کرابوو، کتێبگەلێک کە کوڕی کانزاکارێک و راهیبێکی سادەی تاقمی ئاگۆستینی و قەشە و مامۆستای زانکۆی شارۆچکەیەک نوسیبوونی. لۆسەر لە تەنیشت مێزەکەوە راوەستا. ئەو کەسەی بۆ لێکۆڵینەوە لە لۆسەر دیاریکرابو، ئاماژەی بۆ کتێبەکانی کرد و دوو پرسیاری لێکرد: ئایا ئەم کتێبانە لۆسەر نوسیوونی؟ ئایا بەرگری لە کتێبەکانی دەکات، یان پەشیمان دەبێتەوە، لە نوسینی هەندێکیان؟

لۆسەر لە پرسیارەکانەوە تێگەیشت، دادگایی یان وتوێژ لەئارادا نییە. بە دەنگێکی نەرم وەڵامی دایەوە: بەڵێ ئەم کتێبانە هی منن و زیاتر لەمانەشم نوسیووە، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری دووەم داوای کاتێکی زۆرتری کرد. هەرچییەک بوو پەیوەندی بە رزگارکردنی رۆحەکانەوە هەبوو. ئیمپڕاتۆر رۆژێک مۆڵەتی پێدا.

کاتێک لۆسەر گەڕایەوە بۆ شوێنی حەوانەوەی نوسی:

لەبەرئەوەی مەسیح لە بەرامبەرم دلۆڤان بووە، لە پیتێک یان تەنانەت لە نوقتەیەکی نوسینەکانم پەشیمان نابمەوە. ڕۆژی دواتر، ئامادەبوونی لۆسەر لە بەردەم ئەنجوومەندا، بۆ کاتژمێر شەشی ئێوارە دواخرا. لەژێر ڕووناکی مۆمەکاندا، دیسانەوە لێیان پرسییەوە، ئایا لە هەندێک لە نووسینەکانی پەشیمانە یان نا؟ لۆسەر وتارێکی کورتی دا، بەڵام لێکۆڵەر گوێی بەم قسانە نەدا، ڕایگەیاند پێویستە لۆسەر وەڵامی ڕاشکاوانە بداتەوە.

لۆسەر لە وەڵامدا وتی: نە لە قسەکانی پاشگەزدەبێتەوە و نە ئامادەشە پەشیمان بێتەوە. (خودا یارویاوەری من بێت، ئامین).

دەنگی هەراوزەنا و دەربڕینی هەستی ئامادەبووان بێدەنگی هۆڵەکەی شکاند. شارڵ هۆڵی ئەنجومەنی بەجێهێشت. گوێی لە دەنگی لۆسەر بوو کە وتی: (وەسەلام). بینی لۆسەر دۆخی سەرکەوتنی بەخۆوە گرتووە. بە ئاسوودەییەوە بەرگری لە باوەڕەکانی دەکرد و

بەم کارەی ئیدانەی باوەڕەکانی هەزار ساڵەی کڵێسای کاسۆلیکی کرد.

ئالیاندرۆ راسپێرا، تاکو ئەو بڕیارە بینووسێت کە بە فەرمانی ڤۆرمس ناسرا. فەرمانەکە لۆسەری بە یاخییەکی بەرگری لێنەکراو راگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کاتەدا شارڵ ئامادەنەبوو بڕیارەکە واژۆبکات. شارڵ لەسەرەتاوە، لەبەرامبەر بردنەسەری بەڵێنی پێدانی بەڵگەی پارێزراونامە بە لۆسەر وەفادار بوو.

لۆسەر لەژێر چاودێریدا ڤۆرمسی بەجێهێشت. بەدرێژایی رێگە سەرنجی خەڵکێکی زۆری راکێشا و لە دێر و کڵێساکاندا وتاری دەدا. لە مۆرا (Mohra) سەری لە خزمانی دا، لەگۆڕەپانی شارۆچکەکەش وتاری بۆ هەندێک لە خەڵکی شارۆچکەکەدا، چونکە ئەم شارۆچکەیە کڵێسای نەبوو.

لۆسەر لە مانگی ئایاردا مۆرای بەجێهێشت، بەڵام نەگەیشتە ویتەنبێرگ. کەسێکی دیکە پلانێکی بۆ لۆسەر هەبوو.

# بەشی (7)
# شاسواری یۆرك

پاشنیوەڕۆی 4ی ئایاری 1521، لۆسەر و سێ سواری دیکە لە مۆراوە بە گالیسکە کەوتنەڕێ. پاش تاریکداهاتن، لەکاتی تێپەڕبوون بە دارستانی تۆرینگن، چوار پیاوی بە چەک و دەمامکدار لەناو دارەکانەوە دەرپەڕین و پرسییان کامتان لۆسەرن؟ گالیسکەچی ئاماژەی بە لۆسەرکرد، پیاوەکان لۆسەریان گرت و بردیان.

هاوڕێکانی وابیریان دەکردەوە، کە ئیدی لۆسەر نابیننەوە، بەڵام فریدریکی دانا پیلانی رفاندنی لۆسەری، رێکخستبو. پلانەکە ئەوە بوو لۆسەر ببەن بۆ قەڵای وارتبۆرگ لە نزیک ئایزناخ، بۆ ئەوەی لەوێ پارێزراو بێت. کەمێک بەر لە کاتژمێر دوازدەی شەو، لۆسەریان بە چاو بەستراوی بە سەر پردێکی گەڕۆکدا برد و لە قەڵایەکدا دایان نا، کە هی فریدریک و شوێنی مانەوەی شاسواران بوو.

لۆسەر بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە، کەڵپۆسی راهیبی یان باڵاپۆشی کڵاوداری رەش و درێژی خۆی گۆڕی و پۆشاکی شاسوارانی لەبەرکرد. لۆسەر لە ژوورێکدا بوو کە قادرمەی شاراوەی هەبوو کەس نەیدەبینی، سەرو ریشی درێژ کرد

و خۆی ناونا یونکەر یۆرک (شاسواری یۆرک).

ژیان لەنێو قەڵادا بۆ لۆسەر، کە خوی بەوانە وتنەوە و ئامۆژگاری و نووسین و خوێندنەوە و سەفەرەوە گرتبوو، ئەزموونێکی ناخۆش بوو. هەندێجار دووچاری نائومێدی دەبوو، بەدەست هێڵنجدانەوە ئازاری دەکێشا. لۆسەر لەم بارەیەوە بۆ هاورێ و مامۆستای هاوکاری فلیپ ملانشتۆن دەنوسێت:

«لێرە وەک گەمژەکان دادەنیشم و لەوپەڕی بەتاڵی و وەڕزیی و تووڕەییدام، کەم نزا دەکەم و تامەزۆری کڵێسای خودا نیم».

ئەوەندەی پێنەچوو لۆسەر دەستیکرد بە خوێندنەوەی رۆژانەی کتێبی پیرۆز. بەرنامەیەکی رێکخست بۆ ئەوەی پەیمانی کۆنی عیبری و پەیمانی نوێی یۆنانی وەربگرێتەوە کە لە لۆسەریان وەرگرتبوو. بەم شێوەیە دەستیکرد بە نوسین. دوای دە مانگ، دوازدە کتێبی نوسی و بڵاویکردەوە، پەیمانی نوێ (ئینجیل)یشی بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕا. فرۆشتنی پەیمانی نوێ (ئینجیل) لە ساڵی 1522دا دەستیپێکرد و پێنج هەزار دانەی لە ماوەی دوو مانگدا لێفرۆشرا.

دوای 24 ساڵ، نزیکەی سێسەد هەزار دانەی لێفرۆشرا.

لە 26 ئایاری 1521دا، شارڵی پێنجەم فەرمانی ڤۆرمسی بە ئامادەبوونی هەندێ نوێنەر واژۆ کرد، کە هێشتا لە ئەنجومەنی ڤۆرمسدا مابوونەوە. ئەم فەرمانە لۆسەری بە فەرمی لە بەرامبەر ئیمپراتۆری رۆمـاوە، بە یاخی لەقەڵەمدا. بەمپێیە هەموان دەیانتوانی لۆسەر بگرن و بیکوژن. هەموان راسپێردرابوون لۆسەر رادەستی کاربەدەستانی حکومەت بکەن.

هەندێ کەس بە توندی پەرچەکرداریان لە بەرامبەر بیرکردنەوە توندەکانی لۆسەردا دەربڕی. سێ زانکۆی ئەورووپا بە ئاشکرا باوەڕەکانی لۆسەریان تاوانبارکرد. مامۆستایانی تیۆلۆژی بۆ دژایەتی باوەڕەکانی لۆسەر داوایەکیان نوسی، بەڵام لە ویتەنبێرگ ئاگری چاکسازی هەڵایسابوو. ئەمێستا کە لۆسەر لە ویتەنبێرگ نەبوو، ئەرکی رابەرایەتی باوەڕی نوێ، سێ کەس لە هاوڕێیانی لۆسەر لە ئەستۆیان گرتبوو: فلیپ ملانشتۆن و ئاندریاس کاریلشتات و گابریل توسولینگ. خەڵکی بە ڕێنمای ئەوان، شێوازی

باوەڕداری و پەرستنی خۆیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕی. ئیدی قەشەکان بە پێی نەریتی کاسۆلیکی، ڕێورەسمی نانی ئێوارەی ڕەبانی پیرۆزیان لە کڵێسادا بەڕێوە نەدەبرد. سێ قەشە لەناویشیاندا کاریلشتات، سوێندی ڕەبەنی خۆیان شکاند و هاوسەرگیریان کرد. سیازدە راهیبە دێری ئاگۆستینەکانیان بەجێهێشت. لەسەرەتایی تشرینی دووەمی ساڵی 1521دا، یوستۆس یۆناس هاوڕێ و مامۆستای هاوکاری لۆسەر، لە کڵێسای (هەموان قەدیس) رایگەیاند، لێبوردنامە جگە لە شتێکی پڕوپووچ هیچی دیکە نییە.

فێرخوازان شۆڕشیان هەڵگیرساند و هێرشیان کردە سەر کڵێسا. فێرخوازان ئەو کتێبانەی پەیوەندیان بە ڕێورەسمی پیرۆز هەبووە، لە کڵێسادا بردیان و قەشەکانیان کردە دەرەوە و بەردبارانیان کردن. خۆپیشاندەرانی چەقۆ بەدەست لە دێرێکی فرانسیسدا، پەیکەرە پیرۆزەکانیان شکاند و مینبەرەکانیان روخاند. فێرخوازان رژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان کرد و شوشەی کڵێساکانیان شکاند. ئەنجومەنی شاری ویتەنبێرگ لەوە

دەترسا، شۆڕشێکی سەراپاگیر بەم زوانە دەستپێبکات.

هەواڵی نائارامی شاری ویتەنبێرگ بە لۆسەر گەیشت. لۆسەر لە سەرەتای کانوونی یەکەمدا، بە پۆشاکی شاسواران و بە ئەسپێکەوە، بەدزییەوە لە قەڵای وارتبۆرگەوە هاتەدەر و خۆی گەیاندە ویتەنبێرگ. ماوەی هەفتەیەک لەوێبوو کەس نەیدەناسییەوە. ئازادانە بە چاوی خۆی ئەو رووداوانەی دەبینی کە روویان دەدا، لەم رووداوانە سەری سوڕدەما. پاش گەڕانەوەی بۆ قەڵای وارتبۆرگ، لە دۆخێکی تووڕەدا نامەی (هۆشداری بۆ هەموو مەسیحییە راستەقینەکان بۆ خۆبەدوورگرتنیان لە ئاژاوەگێڕی) نووسی. لە نامەکەدا رایگەیاند بوو، هیچ بیانوویەک بۆ یاخییەتی و سەرکێشی قبوڵناکرێت.

لە جەژنی کریسمسی ساڵی 1521دا، نزیکەی دوو هەزار کەس، بە نزیکی هەموو خەڵکی شاری ویتەنبێرگ، لە کڵێسای (هەموان قەدیس) کۆبوونەوە. کاریلشتات باڵاپۆشی قەشەی لابرد و رێوڕەسمی نانی ئێوارەی رەبانی بەڕێوەبرد. سەرەتای رێوڕەسمەکەی بە زمانی لاتینی

دەستپێکرد، پاشان زمانی ڕێوڕەسمەکەی گۆڕی بۆ ئەڵمانی. بۆ یەکەمینجار خەڵکی ڕێورەسمی نانی ئێوارەی رەبانیان بە زمانی خۆیان گوێ لێبوو، پاشان کاریلشتات خەڵکەکەی لە ڕێوڕەسمی نانی ئێوارەی رەبانیدا بەشداری پێکرد. تا ئەوکاتە خەڵکی تەنیا لە خواردنی ناندا بەشدارییان پێدەکرا، بەڵام ئێستا کاریلشتات شەرابیشی بە خەڵکی دەدا. ئەم کارانەی کاریلشتات بە پێچەوانەی ڕێساکانی کڵێسای کاسۆلیکەوە بوو.

بە پێداگری کاریلشتات ئەنجوومەنی شاری ویتەنبێرگ، یەکەمین بڕیاری یاسای سەبارەت بە ریفۆرمی کڵێسا دەرکرد. ڕێورەسمی نانی ئێوارەی رەبانی دەبوو بە شێوازی کاریلشتات بەڕێوەببرێت و پەیکەرەکان لە کڵێسادا لاببرێن. بە هەمانشێوە، ئەنجومەنی شار ناردی بە دوای لۆسەردا، تاکو رابەرایەتی ریفۆرمی ئاینی لە ئەستۆ بگرێت و بانگهێشتنامەی بۆ نارد تاکو بگەڕێتەوە. لۆسەر فریدریکی ئاگادارکردەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ویتەنبێرگ. هەرچەندە بڕیاری تاوانبارکردنی ئەنجومەنی ڤۆرمس

لەسەر لۆسەر هێشتا هەڵنەگیرا بوو. لۆسەر لە 6ی ئازاری 1522 گەڕایەوە بۆ ویتەنبێرگ بۆ ئەوەی ئاگرەکە دامرکێنێتەوە. لەبەرئەوەی گرتنی لۆسەر دەبووە هۆی هەڵگیرسانی چەندین شۆڕشی نوێ، بەرپرسان لێیگەڕان و دەسگیریان نەکرد.

لە 9ی ئازاردا، لۆسەر لە پشت کورسییەکەی خۆیەوە لە کڵێسای مریەمی پیرۆز دانیشتەوە. لۆسەر بۆ ماوەی هەشت رۆژ لەبارەی پشوودرێژی و عەشق و چارەسەری لاوازییەکان ئامۆژگاری خەڵکی کرد. ئەو توندووتیژییە لە روانگەی لۆسەرەوە ترسناک بوو، کە روویدەدا. بە خەڵکی دەگوت ناتوانێت بەرگری لە کارە ناڕەواکانیان بکات. شەرمەزار بوو بەوەی کە شەڕ و توندوتیژی و کاولکاری پەیوەست کرابوون، بە باوەڕ و ناوی ئەوەوە. تەنانەت دەیگوت ئامادەیە بۆ هەمیشە ویتەنبێرگ بەجێبهێڵێت.

بەڵام بە هەمان گوڕوتینەوە درێژەی بە ئامۆژگارییەکانی دەدا و دەکۆشا ئەو رووداوانە رێکیان بخاتەوە، کە بەهۆی ئامادە نەبوونی و

مانەوەی لە قەڵای وارتبۆرگ روویان دابوو.
لۆسەر وردە  وردە گروپێکی لە پەیڕەوکارانی بە وەفای خۆی رێکخست کە لەباوەڕەکانی دەگەیشتن، باوەڕگەلێ کە بەتیۆلۆژیا (خوداناسی) ی ویتەنبێرگ ناسرابوون.

پەیڕەوکارانی لۆسەر، بە پرۆتستان و لۆسەرییەکان و هەندێجاریش بە مارتنییەکان بەناوبانگ بوون. بزووتنەوەی پرۆتستان بەخێرایی لە سەرانسەری ئەوروپادا بڵاوبووەوە. لە سویسراش (ئولریش تسوینگلی) و (ژان کالڤن) پەیجۆری ریفۆرمی کلێسا بوون. لە (ستراسبۆرگ)یش (مارتن بوتەسەر) باوەڕەکانی پرۆتستانی دەگوتەوە. ئەوەندەی پێنەچوو مرۆگەل تاقم تاقم بڕوایان بە باوەڕەکەی لۆسەر هێنا.

هەندێ باوەڕداریش، کاتێک لەگەڵ لۆسەر لەسەر بابەتێکی تایبەت ناکۆک بوون، بوونە نەیاری لۆسەر. کاریلشتات ویتەنبێرگی بەجێهێشت و لە ئەنجامدا بووە نەیاری لۆسەر. هەندێ کەسی دیکەش وەک (تۆماس مونتەسەر) کە یەکێک بوو لە هەوادارە یەکەمەکانی لۆسەر،

بـاوەڕی وابـوو، دەبێت خـراپـە لەناوببرێت و کڵێساکانی کاسۆلیک بسوتێنرێن. لۆسەر ئەمانەی بە schwarmgeister ناوبرد، کە لە زمانی ئەڵمانیدا بە واتـای رۆحگەلێک دێت کە وەکو پـوورەی زەردەواڵــەی شێت بۆ ئەملا و ئەولا هێرش دەبەن.

باوەڕەکانی لۆسەر، تەنانەت لە دەرەوەی کڵێساش کاریگەربوون. ئابوریی ئەڵمانیا کە لەسەر شانی جووتیارانی رەنجکێش بە کرێیەکی مەمرە و مەژی بەڕێوەدەچوو، لەکاتێکدا ئاغاکانیان رۆژ لە دوای رۆژ دەوڵەمەنتر دەبوون، لەژێر کایگەری باوەڕەکەی لۆسەر، لەساڵی 1524 جووتیارانی ئەڵمانیا لە بەرانبەر ئاغاکانیانەوە یەکیان گرت. لۆسەر پێشتر هۆشداری دابووە خانەدانەکان و گوتبووی: خەڵکی نەدەتوانن و نەدەیانەوێت لەمە زیاتر بەرگەی زوڵم و زۆری ئێوە بگرن. هەروا گوتبووی تەنانەت خوداش ئەم زوڵمە قبوڵناکات.

لۆسەر کە بە هیوا بوو یەکسانی و ئاشتەوایی بۆ خەڵکی بهێنێت. لە جیاتیدا شەڕێکی بەمانای وشە شەڕ، بە رابەرایەتی مۆنتەسەر هەڵگیرسا.

له بەهاری ساڵی 1525دا نزیکەی سێسەد هەزار جووتیار، بەرهەمەکانیان و سەدان کڵێساو دێر و قەڵایان خاپوور کرد. لۆسەر شار بە شار دەگەڕا، بۆ ئەوەی خەڵکی لە خوێنڕێژی و توندوتیژی دووربخاتەوە.

ئێستا لەبەرئەوەی لۆسەر لە دژی توندووتیژی جووتیاران دەدوا، زۆربەیان لۆسەریان بە دوژمنی خۆیان دەزانی و تەنانەت هەڕەشەشیان لێدەکرد. لۆسەر تووڕە بوو لە وێرانکردنی بێ ئەنجام و گەڕایەوە بۆ ویتەنبێرگ. لە مانگی ئایاردا نامەیەکی لە دژی جووتیارانی چەتە و پیاوکوژ نووسی. میرەکانی هاندا، ئەگەر جووتیاران چەک دانەنێن، بیانکوژن. لەکاتێکدا خەریکی نووسینی ئەم نامەیە بوو، میرەکان رێک ئەم کارەیان کردبوو. جووتیارانیان دەستگیرکران و هەزاران کەس لەو ڕووداوەدا لە سێدارە دران کە بە شەڕی جووتیاران ناسرا.

کاتێک شەڕ ئەنجامێکی توندووتیژیانەی لێکەوتەوە، لۆسەر هەندێکجار بەو هۆیە خەمی دەخوارد کە پەیامی باوەڕەکەی ئەم، ئاکامێکی ترسناکی لەم چەشنەی لێکەوتوەتەوە.

لۆسەر گەڕایەوە سەر ژیانی تایبەتی خۆی. دەستبەجێ هەمان ئەو کارەی کرد، کە قەشە و ڕابەرانی هاوڕێبازی، پێشتر کردبوویان: واتە هاوسەرگیری.

# بەشی(8)
# کاترینا فۆن بۆرا

دوو ساڵ بەسەر ئەم رووداوانەدا تێنەپەڕیبوو، تاقمێک لە راهیبەی تەرکە دنیا، بە خوێندنەوەی کتێبەکانی لۆسەر، باوەڕەکانیان قبوڵکرد. ئەم راهیبانە سوێندی ئاینی خۆیان شکاند و داوایانکرد دێر بەجێ بهێڵن. بەڵام کڵێسای کاسۆلیک داواکەی قبوڵنەکردن. راهیبەکان لە نیسانی 1523دا هەڵهاتن و لەژێر ناوی پەیڕەوکارانی پرۆتستانی لۆسەر، خۆیانە گەیاندە ویتەنبێرگ.

هەندێک لە راهیبەکان گەڕانەوە نێو خێزانەکانیان و ئەوانی دیکەیان لە ویتەنبێرگ مانەوە و لۆسەر بۆ زۆربەیان مێردی دۆزییەوە. یەکێک لەم راهیبانە بە ناوی کاترینا فۆن بۆرا، جیاواز لەوانی دیکە، هەموو پێشنیارەکانی لۆسەری بۆ شووکردن رەتکردبووەوە. دەڵێن ئەو ئامادە نەبووە، جگەلە لۆسەر مێرد بە هیچ کەسێکی دیکە بکات.

لە 31ی حوزەیرانی 1525 مارتن لۆسەری چل و یەک ساڵە و (کاتیی) بیست و شەش ساڵە، پێکەوە هاوسەرگیریان کرد.

لۆسەر لەم بارەیەوە دەنوسێت:

(لەناکاو و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، لە کاتێکدا بیرم لای هەندێ مەسەلەی دیکە بوو، خوداوەند منی گیرۆدەی جڵەوی هاوسەرگیری کرد).

هاوسەرگیریەکەیان بە شێوەیەکی سادە بوو. دایک و باوکی لۆسەریش لەنێو میوانەکاندا بوون، خۆشحاڵبوون بەوەی کوڕەکەیان هاوسەرگیری دەکات. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم هاوسەرگیرییە لە سەرانسەری ئەوروپادا بووە هۆی سەرسامی زۆرێک لە خەڵکی. بێگومان رابەرانی کڵێسای کاسۆلیک دژی ئەم هاوسەرگیرییە بوون، بەڵام تەنانەت هەندێک لە پرۆتستانەکانیش باوەڕیان وابوو، پێویستە لۆسەر خۆی بۆ ریفۆرمی کڵێسا تەرخان بکات، نەک ئارامی ژیانی تایبەتی.

یەکەمین ماڵی مارتن و کاتیی دێری رەش بوو، کە ئیدی دێر نەبوو. ئەم باڵەخانەیە (یۆهان فێردریک)، هەڵبژێراوی نوێی ساکس بە دیاری بە لۆسەری بەخشی بوو. فریدریکی دانا بەرگریکاری دێرینی لۆسەر، مانگێک بەر لە هاوسەرگیری مارتن و کاتیی کۆچی دوایی کردبوو. ئەمێستا یۆهانی برای شوێنی گرتبووەوە.

کاتیی ئەم باڵەخانە گەورەیەی بە ماندووبوونێکی زۆر و بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەبرد. جلەکانی دەشۆرد و سەرچەفەکانی دەگۆڕی و ئاژەڵی ماڵی پەروەردە دەکرد و دەفرۆشت، هەروا کارگەی بیرەدروستکردنی هەڵدەسوڕاند و بە باخ و باخچەش رادەگەیشت، حەوزێکی ماسیشی دروستکردبوو، کەڵەشێر و مریشکیشی بەخێودەکرد. کاتێکیش لۆسەر حەزی لە گۆشت بوایە، کاتیی قەسابیشی بۆ دەکرد. مارتن لەم کارانەدا هاوکاری ژنەکەی دەکرد، بەڵام زۆربەی کاتی خۆی، بە گوتاربێژی و نوسین و فێرکردن بەسەردەبرد. فێرخوازان و میوانان بەردەوام سەردانی ماڵی لۆسەریان دەکرد. بە زۆر لە یەک کاتدا، نزیکی سی میوان لە ماڵی لۆسەر بوون و هەمووان دەیانویست لەگەڵ خودی مامۆستای ریفۆرمدا بدوێن. میوانان پێویستیان بە خۆراک بوو، دەبوو ژوورەکانیان پاکوخاوێن و جلوبەرگیان بشۆردرێت. کاتێ نەخۆش دەکەوتن، کاتیی و لۆسەر چاودێریان دەکردن، تەنانەت گیایان دەکوڵاند بۆ دەرمانکردنی نەخۆشییەکەیان. خەرجی پێداویستی میوانان و دیاری دەست

و دڵکراوەی مارتن بۆ میوانان، کۆڵێکی قورس بوو لەسەر شانیان، بە زۆری پارەیەکی زۆر کەم بۆ خۆیان دەمایەوە.

مارتن چێژی لە ژیانی هاوسەرگیری وەردەگرت. لەم بارەیەوە دەنوسێت: (زۆرشت هەن پێویستە هەر لە یەکەمینساڵی ژیانی هاوسەرگیری پێیان رابێیت. بەیانیان کاتێ لە خەو هەڵدەستی، دوو کەزی لەسەر سەرینەکەت دەبینی کە پێشتر نەتبینیوون). بە وتنی ئەم قسانەش پشتیوانی لە هاوسەرگیری دەکات: (هیچ پەیوەندییەک لەسەر زەوی، بە ئەندازەی هاوسەرگیرییەکی باش دڵگیر نییە و هیچ تاڵییەکیش وەک تاڵی دابڕانی هاوسەرگیری نییە).

لەماوەی ساڵێکدا یەکەمین منداڵ لە شەش منداڵەکەی لۆسەر لەدایکبوو. مارتن و کاتیی ناوی باوکی مارتنیان (هانز) لە کوڕەکەیان نا. سێ کچ و دوو کوڕەکەی دیکەیان لە ماوەی هەشت ساڵی دواتردا لەدایکبوون. سەرباری منداڵەکانی خۆیان، چوار منداڵی دیکەشیان بە منداڵی خۆیان قبوڵکرد.

لۆسەر زۆربەی کات کێشەی تەندروستی هەبوو. گوێی ژەنگی دەهێنا و نەخۆشی دڵی هەبوو، تارادەیەکیش هەمیشە دووچاری بەدهەرسی دەبوو. ئەم نەخۆشیانە بۆ لۆسەر، زۆر کات دەبوونە هۆی نائومێدی و کێشمەکێشی رۆحی و دەروونی.

لەم کاتەدا، لۆسەر خەریکی پۆلێنی مۆسیقای سردوی ئاینی بوو، زۆرێک لەم سرودە مەسیحییانە وەک: (قەڵایەکی پتەوە خودای ئێمە) زۆر بەناوبانگ بوون. لە بەشێکی سرودەکەدا هاتووە:

***قەڵایەکی خۆڕاگرە خودای ئێمە***

***شورایەکە هەرگیز دانارمێت***

***هەر ئەوە یار و یاوەری ئێمە***

***لەنێو ئەم سێڵاوی چەپەڵی و ترسەدا***

هاوینی ساڵی 1527، تاعونی رەشی هێنایە نێو شاری ویتەنبێرگەوە. لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکی لە شار هەڵهاتن، لۆسەر لەوێندەر مایەوە و ماندوونەناسانە پەرستاری نەخۆشانی دەکرد.

کاتیی ژنی ئەو ساڵە دووگیان بوو، لە مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا، ئەلیزابێستی کچیان لەدایکبوو. منداڵێکی نەخۆش بوو تەنیا چەند مانگێک ژیا. لۆسەر بە مەرگی کچەکەی دڵی شکا.

ئەگەرچی خەمی لۆسەر لەو ساڵەدا خێزانەکەی و تەندروستی خۆی بوو، ریفۆرمە ئاینیەکەشی بەهەمانشێوە لە سەرانسەر ئەوروپادا بڵاودەبووەوە و کێشەکانی زیاتر و زیاتر دەبوون.

لە ساڵی 1530دا شارلی پێنجەم، بانگهێشتی هەڵبژێراوانی ساکس و هەموو فەرمانڕەوایانی دیکەی کرد، بۆ ئەنجوومەنی پاشایەتی لە شاری ئاوگسبۆرگ. دەستەیەک کە لە شەش میر پێکهاتبوون، دەیانویست باوەڕەکانی لۆسەر لە ئەنجومەنی پاشایەتیدا بخەنە بەرباس. داوا لە ملانشتۆن کرا داخوازییەکی روون سەبارەت بە باوەڕەکانی لۆسەر بنوسێت، جیاوازییان لەگەڵ باوەڕەکانی کڵێسای کاسۆلیکدا روون بکاتەوە. لە 3ی نیساندا لۆسەر و دەستەیەک لە پەیڕەوکارانی ناوبراو، بەرە و ئاوگسبۆرگ کەوتنەڕێ. لەگەڵ

ئەوەشدا، لۆسەر لە قەڵای (کوبۆرگ) مایەوە کە 160 کیلۆمەتر لە ئاوگسبۆرگەوە دووربوو. لەبەرئەوەی هێشتا لۆسەر بە یاخی دادنراو ئەگەری گرتنی هەبوو، نەیدەتوانی بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بکات.

کۆبوونەوەکانی ئاوگسبۆرگ تاکو هاوین درێژەی کێشا. لە ئاکامدا لە 25 حوزەیراندا داخویانی باوەڕ، کە بە (باوەڕنامەی) ئاوگسبۆرگ ناوی دەرکرد، بۆ ئیمپراتۆر خرایە روو. شەش میر داخویانیەکەیان بە دەنگی بەرز و بە زمانی ئەڵمانی، بۆ شارل و میرەکانی دیکە خوێندەوە. کاتێ لۆسەر بیستی (باوەڕنامەی) بڕوای ئەویان بۆ هەموو رابەرانی ئەڵمانیان خوێندوەتەوە خۆشحاڵ بوو، لەم بارەیەوە دەنوسێت:

تا دواڕادە خۆشحاڵم کە تا ئەم ساتە بە زیندوویی ماومەتەوە، تاکو ئەوە ببینم، کە باوەڕدارانی کۆڵنەدەری مەسیحی، لە ئەنجومەنێکی مەزنی لەم جۆرەدا، ناوی ئەم باوەڕنامەیە بە بەرچاوی هەموانەوە رابگەیەنن، ئەو باوەڕنامەیەی کە لە راستیدا لە کەماڵی جوانییدایە.

وەڵامی کڵێسا- هەڵوەشاندنەوەی باوەڕنامەی ئاوگسبۆرگ، توندو دەستبەجێ بوو، کە یۆهان ئیک نوسیبووی-. ئیک داوای لە شارڵ و رابەرانی دیکە کرد، کە ئەم باوەڕنامەیە هەڵوەشێننەوە. یەکێک لە میرانی پارێزەری لۆسەر، وەک نیشانەی نارەزای ئەنجومەنی بەجێهێشت. ئەوانی دیکەش لەبارەی یەکگرتنەوە کەوتنە گفتۆگۆ.

تاکو مانگی ئاب، هێشتا مشتومڕ بەردەوام بوو. لۆسەر نیگەرانی کاریگەریی ئەم رووداوانەوە بوو بەسەر ئەڵمانیاوە. ترسی لەوەی بوو بەشەڕ کۆتای بێت، بەڵام هیچیشی لەدەستنەدەهات. لە کۆتاییدا، ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆما، باوەڕنامە ئاوگسبۆرگی رەتکردەوە. لۆسەر نائومێدبوو رایگەیاند: کڵێسای کاسۆلیک و ئەوکەسانەی بەرگری لەم کڵێسا دەکەن، بە جۆرێکی نائومێدکەر لە هەڵەدان. لۆسەر داوای لە مەسیحیگەل کرد، ئیدی نزا بۆ پاپا نەکەن.

لۆسەری چل و شەش ساڵە، کە هێشتا دۆخی تەندروستی ئەوەندە لەبار نەبوو، سەرسەختانە درێژەی بە ئامۆژگاری و فێرکارییەکانی دا.

زۆربەی ژیانی تەرخانکرد بۆ پەرەپێدانی باوەڕە ئاینییەکانی و گفتۆگۆ لەگەڵ ئەوکەسانەی کە نەیاری بوون. لۆسەر دڵ و چەقی ریفۆرم بوو. نەیدەتوانی خۆی بداتە دەست نەخۆشی، لە کاتێکدا زۆرێک لە خەڵکی هێشتا پێویستیان بەوە بوو، ئەوەی بەلای لۆسەرەوە هەقیقەت بوو فێریان بکات.

# بەشی (9)
# گۆڕینی ڕێڕەوی مێژوو

لۆسەر هەر بەوجۆرەی کە تەمەنی هەڵدەکشا، لە فێرکردنی نەوەی نوێدا هەوڵەکانی چڕتر دەکردەوە. راڤەی پرسە گەورە و بچوکەکان (دوکاتیشیزم)ی نوسی، کە رێنماییگەلی فێرکاری بوون، بۆ منداڵان و قەشە و فێرخوازانی لاو.

بە هەمانشێوە لەگەڵ نەیارەکانیدا درێژەی بە مشتومڕ دەدا. چەندین ساڵ لەگەڵ دیسیدریۆس ئاراسمۆس زانا و نوسەری کاسۆلیکی، لە مشتومڕ دابوو. ئارسمۆس هەوڵی دەدا کڵێسای کاسۆلیک بگۆڕێت، بەڵام هەرگیز وەک لۆسەر و پەیڕەوکارانی لە کڵێسا دانەبڕا. ئەم دوو پیاوە بە توندی نەیاری یەکدی بوون و لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانیاندا هێرشیان دەکردە سەر یەکدی، بەڵام کاتێ ئارسمۆس تێگەیشت لۆسەر بەو رادەیە لە نێو خەڵکیدا خۆشەویستە، لە ئاکامدا مشتومڕی خۆی لەگەڵ لۆسەر بە (پشیلەیەک چواند، کە فیلێک بانگهێشتی کێشمەکێش دەکات).

ساڵی 1540 لۆسەر تەمەنی بووە 56 ساڵ،

که لەو رۆژگارەدا بە پیاوێکی پیر دەژمێردرا. بابەتی هاوسەرگیریی دیسانەوە تاوی سەند. یەکێک لە ریفۆرامخوازانی هاوڕێبازی، داوای لە لۆسەر کرد، بەرگری لەخواستی هاوسەرگیری دووەم بکات. فرە هاوسەری، یان هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێک زیاتر، کارێکی نایاسایی بوو. کاتێک لۆسەر ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەی پرۆتستۆ نەکرد، هەرایەکی لەنێو کاسۆلیکەکان و هەروا لە نێو پرۆتستانەکانیش نایەوە. لۆسەر تەنیا وتی تەڵاق کێشەیەکی سەختترە لە فرە هاوسەری. خەڵکی بەهۆی دەربڕینی ئەم بۆچوونە و نوسینەکانی دواتری، کە سەبارەت بە موسڵمانان و جولەکەکان بوو، بەردەوام رەخنەیان لێدەگرت.

لە ساڵی 1542دا، (ماگدالینا) کچە سیازدە ساڵانەکەی لۆسەر کۆچی دوایی کرد. ئەمە قۆناغێکی پڕ ئازار بوو بۆ لۆسەر و کاتیی. سەرباری ئەمەش، لۆسەر بەهۆی ئەو رووداوانەی لە ویتەنبێرگ دەقەومان، نائومێد و پەرێشان بوو. گوڕوتینی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی دامرکایەوە. بۆ زۆرێک لە ریفۆرمخوازەکان،

حەزە دونیاییەکان زۆر گرنگتربوون لە ریفۆرمی ئاینی. لۆسەر ویتەنبێرگی بە شاری بەدئەخلاقان پەسەند کرد و نوسی: (نائومێد بووم و ئیدی نامەوێت لێرە بژیم). لۆسەر لە دژی دز و پیاوکوژان وتاری دەداو هێرشی کردە سەر ئەو کەسانەی کە بە بڕوای ئەو خزمەتی شەیتان دەکەن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئومێدی بە کڵێساکەی خۆی بوو. لۆسەر بە کاتیی وت:

ناهێڵم دۆخێکی خەماوی بنیشێتە سەر سیمای کۆمەڵەی کڵێساکەمانەوە. ئەوانەی کە لە سایەی فێرکارییەکی بێگەرد و دروستدا پەروەردە دەکرێن، رۆژ بە رۆژ بەدەستی قەشەگەلی راستگۆ و روو راست گەشە دەکەن.

لە ساڵی 1545دا، لۆسەر دووجار سەردانی ئایزلبنی زادگای کرد، تاکو مشتومڕە سیاسییەکەی چارەسەر بکات. لە ساڵی 1546دا، دیسانەوە سەردانی ئەوێندەری کرد، بەڵام ئەمجارەیان نەگەڕایەوە.

پرسە سیاسییەکەی لە 17ی شوباتدا چارەسەر کرا، بەڵام لە دەورووبەری کاتژمێر هەشتی شەودا، لۆسەری 62 ساڵە، هەستی بە

ئازارێک لە قەفەسەی سنگیدا کرد. چووە سەر پێخەفەکەی و نزای رێورەسمی مردنی خوێند:

رۆحم بە دەستەکانت دەسپێرم، منت رزگار کردەوە ئەی خوداوەند، خودای باوەڕداران.

یۆستۆس یۆناسی هاوڕێی دێرینی، بەسەر سەرییەوە بوو، لە دەوروبەری کاتژمێر سێی سەرلەبەیانی 17ی شوباتی ساڵی 1546، یۆناس هاواری کرد:

باوکی پایەبەرز، ئایا ئامادەی بە پشت بەستن بە سەروەری مەزنت عیسای مەسیح بمریت؟

لۆسەر لێبڕاوانە گوتی: «ya» واتە (بەڵێ). پاشان رۆحی دەرچوو.

تەرمی لۆسەر ئەو رۆژە برا بۆ کڵێسای ئاندرۆ لە ئایزلبن. یۆناسی هاوڕێی لەوێندەر رێوڕەسمی کۆتایی مردووی بەڕێوەبرد. لە 20ی شوباتدا تەرمی لۆسەر بە باڵاپۆشێکی سپی درێژەوە، خرایە نێو تابوتێکەوە و لەگەڵ 65 سوار و دوو شاسوار و خەڵکێکی زۆری تازیەباردا، بە دووری 120 کیلۆمەتر بەرەو ویتەنبێرگ کەوتنەڕێ. لە سەرە رێگەی شارەکانی ئەڵمانیادا کەڕەناکان لێیان دەدا.

کاتیی و منداڵەکانی لە دەروازەی شاری ویتەنبێرگدا چاوەڕێی بوون. قەشەکان و مامۆستایان و فێرخوازان و ئەندامانی ئەنجومەنی شار و ئاپۆرای زۆری خەڵکی ویتەنبێرگیش لەوێ خڕبووبووەوە. ئاپۆرایەک کە سات لە دوای سات ژمارەکەی زیاتر دەبوو، بەرەو کڵێسای (هەمووان قەدیس) بەڕێ کەوتن. ئەو کڵێسایەی کە لەوێڕا لۆسەر باوەڕە پڕ گوڕوتینەکانی خۆی لە ئامۆژگاری و وتار بۆ خەڵکی دەخستەڕوو، ئێستا شوێنی بەشداربوانی رێورەسمەکەی تێدا نەدەبووەوە، رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی پیاوێک کە ویتەنبێرگ و ئیمپراتۆری پیرۆزی رۆمای بۆ هەمیشە گۆڕی بوو.

بەپێی نەریت، تەرمی لۆسەریان لە نێو کڵێسای (هەموان قەدیس)دا و لەبەرانبەر مینبەرەکەوە بەخاکسپارد. پیاوێک کە دەرگای ریفۆرمی بە رووی ئاینی فەرمی کڵێسادا کردبووەوە، ئەمێستا مردبوو. بەڵام بیروباوەڕ و ئامانجەکانی هێشتا زیندوو بوون. ریفۆرمی ئاینی وەک هەرەسی بەفر ئەوروپای لە خۆشحاڵیدا نغرۆ کردبوو. کڵێساگەلی پرۆتستانی لە هەموو شوێنێکەوە

سەریان دەرهێنا. ریفۆرمخوازان لە بەریتانیا و فەرەنسا و سویسرا و وڵاتانی دیکە، رەوایەتیان بە بیروباوەڕەکانی خۆیان بەخشی. ئەمڕۆکە زۆرترین رێژەی لۆسەرییەکان لە ئەڵمانیا ( 25,8 ملیۆن کەس) و ئەمریکا (13,6ملیۆن کەس) و سوید (7,2 ملیۆن کەس) و دانیمارک (4,6 ملیۆن کەس)دا دەژین.

کڵێسای کاسۆلیک هەوڵیدا بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی سەرکوت بکات. ئەو کەسانەی بە داهێنەری بیری نوێ لەقەڵەم دران، بە لەسێدارەدان، یاخود سوتاندن، یان خنکاندن سزا دران. کڵێسا بەهەمانشێوە لیستی کتێبگەلی گومڕاکەر (ئیندکس لیبروروم پروهیبتوروم) ئامادەکرد، کە بریتی بوو لە کتێبە یاساغەکان. بێگومان ئەم لیستە کتێبەکانی لۆسەر و نوسەرانی پرۆتستانی لە نێودا بوو، هەروەها کتێبگەلی هونەری و ئەدەبی و زانستیشی لەخۆگرتبوو.

برەوسەندنی بیروڕاکانی لۆسەر، گۆڕانی کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا هێنا. دەسەڵاتی بنەماڵەکانی کەمکردەوە و پێگەی جووتیارانی

باشترکرد، بەڵام ریفۆرمی ئاینی بە هەمانشێوە بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی نێوان پرۆتستان و کاسۆلیکەکان، کە سەدان ساڵ درێژەی کێشا. سەدەیەک دوای ئەوەی لۆسەر نەوەد و پێنج پرسەکەی خۆی بە دەرگای کڵێسای (هەموان قەدیس)دا هەڵواسی، شەڕێکی سی ساڵە لەنێوان کاسۆلیک و پرۆتستانەکان دەستیپێکرد. ئەم شەڕە زۆربەی ئەڵمانیای  وێران کرد و یەک لەسەر سێی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەناوبرد.

بزوتنەوەی ریفۆرمی ئاینی جیهانی راچڵەکاند و شێوازی نوێی بۆ روانین لە ئاین هێنایە ئاراوە، هەروەها ئەم بزوتنەوەیە کڵێسای کاتۆلیکی بۆ هەمیشە دووچاری کەرتبوون کرد، بەڵام ئەو ئەنگێزەیەشی بە رابەرانی کڵێسای کاسۆلیک بەخشی، بە بزوتنەوەیەک کە بە بزوتنەوەی دژە ریفۆرمی ئاینی ناسرا، گۆڕانکاری جەوهەری لەنێو خودی کڵێسای کاسۆلیکدا بکەن. لە ئەنجامدا، مۆڵەتی رێورەسمی نانی ئێوارەی رەبانی بە نزاخوێنان بەخشرا و بڵاوکردنەوەی کتێبی پیرۆز بە زمانەکانی دیکە و بەدەر لە زمانی

لاتینی، مۆڵەتی پێدرا و دواتریش ڕێورەسمی پیرۆز بە زمانی خەڵکی بەڕێوەدەبرا.

مارتن لۆسەر بۆ گەیاندی بیروباوەڕەکەی، بە گوڕوتین و پێداگر بوو. نە دەترسا و بیروڕاکانی لەگەڵ هەمواندا باسدەکرد، لە جووتیارەوە بیگرە بۆ میر و ئیمپڕاتۆران. بەم کارەشی ئاین و جیهان و ڕێرەوی مێژووشی بۆ هەمیشە گۆڕی.

کاترینا فۆن لۆسەر، بەشێوەیەکی شایستە لەبارەی لۆسەرەوە نوسیوویەتی:

کێیە بە نەمانی پیاوێکی مەزن، لەوجۆرە غەمگین و بەداخ نەبێت، کە سەروەری ئازیزی من بوو. ئەو نەک تەنیا بۆ شارێک یان وڵاتێک، بەڵکو بۆ هەموو دونیا کارگەلێکی مەزنی ئەنجام دا.

**پەراوێز:**

1. پاپا گریگۆری حەوتەم لە نێوان ساڵانی(1020–1085) ژیاوە. هەوڵیداوە ریفۆرم لە کڵێسای کاسۆلیکدا بکات.

2. دیسدریۆس ئاراسمۆس(1469–1536) هەوڵیدا لە نێو خودی کڵێسادا ریفۆرم بکات.

# ڕوانینێك بۆ مێژووی
# ریفۆرمیزەیشن و ڕۆڵی مارتن لۆسەر

فەرامەرز کوشان

لە فارسییەوە : ڕایان عوسمان

ریفۆرمیزەیشن لە مانای تایبەتیدا بە بزوتنەوەی مەزهەبییەوە پەیوەست دەکرێت کە لەسەدەی شانزەیەمی زایینی لە ئەڵمانیا لە سەردەستی مارتن لۆسەر، لە سویسرا لەلایەن کالوین وئۆلریش سوینگلی بە مەبەستی چاکسازی لە کڵێسای کاسۆلیکدا سەریهەڵدا بوەە هۆی گەورەترین کاردانەوەی مێژووی مەسیحیەت. لەناو ئەم بزوتنەوە لەپەنا کڵێسای کاسۆلیکدا، گروپی ریفۆرمیست بنیادنرا و لە ناو ریفۆرمیستە سەرەتاییەکاندا گروپی مەسیحی بچوک و گەورەی تری ( پرۆتستان) سەریانهەڵدا. سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ریفۆرم بە گشتی بۆ ساڵی 1517 دەگەرێننەوە. کاتێک کە مارتن لۆسەر بەیاننامەکەی خۆی بە 95 تێزی چاکسازانە لە گەورە کڵێسای شاری ویتنبێرگ لە ناوچەی ساکسنی ئەڵمانیا دارشت، بەڵام ریشەکانی ئەم بزوتنەیە بۆ ساڵانی دورتر دەگەرێتەوە. پێویستی راستەقینە بۆ ریفۆرم لە کڵێسای کاسۆلیکدا بە هۆی نارەزایی زۆرێکی خەڵک ،لەوانە جوتیاران، پیشەوەرانی شارەکان و بەشێکی رۆحانیەکان و بەرپرسان لە کەندەڵی دەسەڵات بەسەر کڵێسای

کاسۆلیک، خراپ سود وەرگرتن لە دەسەڵات، سەرمایە پەرستی وفرۆشتنی پێگەی کڵیسا لەلایەن پاپا ودەستەکەیەوە بوو. سەرەکیترین شێوەی سەرمایە ویستی وگەندەڵیەکە، فرۆشتنی ((بەخشین نامەکانی گیاکان)) لەلایەن پاپا لیۆی دەیەم و دەستەکەی لە دەیەی دووەمی سەدەی شانزەیەم بوو. مەبەستی ڤاتیکان لە فرۆشتنی (( بەخشین نامەکان))، پەیداکردنی پارە بوو بۆ ژیانی پر کەیف وخۆشی پاپا خۆی ودارودەستەکەی، ئامادەکردنی سوپای ڤاتیکان بۆ رووبەرووبونەوەی کێبرکێکەران و تەواوی کڵێسای گەورەی (( سێنت پیتەر)) بوو لە شاری رۆمادا. هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری وسیاسی و وفاکتەری کلتوری و مەزهەبی جۆراوجۆر رۆڵیان لە بەدیهێنان و گەشەکردنی بزوتنەوەی ریفۆرمدا هەبوو.

**هەلومەرجی ئابوری و کۆمەڵایەتی**

سەدەی شانزەیەم هاوکات لەگەڵ وەرچەرخانی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. یەکێک لە فاکتەرە سەرەکیەکانی ئەم

وەرچەرخانە، گەشەی شارەکان، زیاد بوونی ڕۆڵی سەرمایەداری بازرگانی نێوان شارەکان و پەیدابوونی چینێکی دەوڵەمەند لە بازرگانەکان بوو. بەم دیاردە کۆمەڵایەتیە دەوترێت سەرمایەداری سەرەتایی. سەرمایەی بازرگانانی شارنشین کە بەزۆری شارەوانیەکانیشیان بەرێوە دەبرد، لەسەرمایەی ئەوانەی تەنیا داهاتیان لەسەر زەوی و دارستانەکان بوو، زیاتردە بوو. لەسەدەی شانزیەم دا دانیشتوانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا لە 12ملیۆنەوە گەیشتە 15ملیۆن. گەشەی یەک لەدوای یەکی دانیشتوان بووە هۆی دابەشکردنی زۆرتری زەوییە کشتوکاڵیەکان لەنێوان جوتیار و خاوەن زەوییەکاندا. بچوکبوونەوەی زەویە کشتوکاڵیەکان دەبوە هۆی هەژاری زیاتری جوتیاران و فشاری توندی خاوەن زەوییەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرمایە وپشکی زیاتری بەرهەم .ئەو جوتیارە هەژارانەی کە نەیان دەتوانی باجی خاوەن زەوییەکان بدەن، لەسەریان بوو ئەو کەم وکورتیە بە بێگار بۆ خاوەن سەرمایەکان و خزمەتکردنی سەربازی لەژێر فەرمانی ئەواندا بەسەرببەن. لەسەرێکی ترەوە دوای دۆزینەوەی

ئەمریکا و تالآنکردنی سامانی سوورەکان لە لایەن ئیسپانیاوە، ڕێژەیەکی زۆر لە ئاڵتون هاتە نێو بازارەکانی ئەوروپاوە. ئەمە بووە هۆی کەوتنی بەهای پارە و کەمبوونەوەی هێزی کرینی خەڵک لە لایەک و هەرزانتر بوونی هێزی کار لەلایەکی ترەوە. ئەم دۆخە قەیراناوییە لەسەرەتای سەدەی شانزەیەمدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ژمارەیەک شۆرش لەلایەن جوتیارانەوە. لوتکەی ئەم شۆڕشانە ،شەری جوتیاری لە سالآنی 1524 و1525 بوو.

**هەلو مەرجی سیاسی ئەوروپا**

**لە نیوەی یەکەمی سەدەی شانزەیەمدا**

حکومەتی ئەڵمانیا کە " ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی خەڵکی ئەڵمانیا"شی پێدەوترا، حکومەتێکی نارێکخراو بوو. قەیسەری ئەڵمانیا لەلایەن بەرپرس و دەسەلآتدارانی ناوخۆی (کۆرفۆستەکان)ەوە هەڵدەبژێردرا. قەیسەر بۆ دانانی یاساو دابینکردنی بودجە بۆ سوپاکانی خۆی، پێویستی بە رای بەرپرس ونووێنەرانی شارەکان بوو، کە لە پەرلەمانی ئەڵمانیا (

رایشتاگ) کۆدەبوونەوە. ئەم دوانەیی بوونەی دەسەڵات و ناڕێکخراوی یەکێک بوو لە هۆکارە یارمەتیدەرەکانی سەرهەڵدانی ریفۆرم لەوڵات بەبەراورد لەگەڵ فەرەنسای خاوەن دەسەڵاتی رەهادا. بەتێپەربوونی کات بەشێک لە بەرپرسانی ئەڵمانیا بە پشتیوانیکردنی بزوتنەوەی ریفۆرم و رێگرتن لە تیاچوونی لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکەوە ،هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خود ولاوازی دەسەڵاتی قەیسەر وڤاتیکانیاندا. شەری دەسەڵات لە نێوان ئیمپراتۆری فەرەنسا وئیمپراتۆریەتی(( هۆبزبۆرگەکان))یش لەو دەمەدا بەتوندی لە ئارادا بوو. ئیمپراتۆری هابزبۆرگەکان یەکیەتیەک بوو لە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیاو ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیا. هابزبۆرگەکان دەیانویست لە رێگەی دەستەبەرکردنی باشووری فەرەنسا، سویسرا وباکوری ئیتالیاوە، سنورێکی هاوبەش لەنێوانیاندا دروستبکەن و ئیمپراتۆری فەرەنسا گەمارۆ بدەن. فەرەنسا بەتوندی لە بەرامبەر ئەم ویستی فراوان بوونەی هۆبزبۆرگانەدا بەرگریدەکرد. لەلایەکی ترەوە ڤاتیکانیش کە نیگەرانی دەسەڵاتی یەکێک

لەرکابەرەکانی خۆی بوو، جارێک لایەنی یەکێکیان وجارەکەی تریش لایەنی  لاکەی تریانی دەگرت. لەنێوان سالآنی 1521و 1544  سێ شەری گەورە لە نێوان کارلی پێنجەم قەیسەری ئەلمانیا وفەرەنسی یەکەم پاشای فەرەنسا روویدا. فاکتەرێکی تر کە بووە هۆی قەیران لە ئەوروپادا، لەشکرکێشی تورکە عوسمانیەکان بوو . لە 1529 عوسمانیەکان دوای دەستبەسەرگرتنی مەجەر چوونە کەنارەکانی دەریای ڤین . قەیسەری ئەلمانیا بۆ روبەروبوونەوی سوپای عوسمانی پێویستی بە پێویستی بە یارمەتی و پالپشتی بەرپرس و نوێنەری شارەکان لە رایشتاگ بوو. ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی قەیسەری کاسۆلیکی ئەلمانیا  زیاتر بڕوانێتە مەسەلە دەرەکیەکان و دەرفەتی پێویستی بۆ لەناوبردنی  بزوتنەوەی ریفۆرمیزەیشن نەبێت. فاکتەری فەرهەنگی ومەزهەبی لە دروستکردن وگەشەکردنی بزوتنەوەی ریفۆرمدا رۆلیان هەبووە وەک ئەوەی لە سەدەی چواردەیەم بە دواوە هزری سەدەی ناوەراست " خواسێنتەری" بۆ "مرۆڤ سێنتەری" یان "مرۆڤگەرایی" گۆری

. له هونه‌ردا قوتابخانه‌ی گۆتیگ  شوێنی خۆی دایه قوتابخانه‌ی رێنیسانس. رێنیسانس به مانای نوێگه‌ری و گه‌رانه‌وه بۆ ریشه‌کانه، مه‌به‌ست له‌مه گه‌رانه‌وه بۆ ریشه‌کانی یۆنانی کۆن  وه‌ک ریشه‌ی هه‌موو فه‌رهه‌نگه ئه‌وروپیه‌کانه. له یۆنانی کۆندا نه‌ک خودا، به‌ڵکو مرۆڤ سێنته‌ری ئه‌ندێشه، فه‌رهه‌نگ و هونه‌ر بوو. ته‌نانه‌ت خوداکانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ش فۆرمێکی مۆرڤانه‌یان هه‌بوو. عیشقیان ده‌کرد، ده‌بوونه خاوه‌ن منداڵ، توره ده‌بوون و ده‌که‌وتنه شه‌ر وکێبرکێ له‌گه‌ڵ یه‌کتردا. له‌گه‌ڵ بایه‌خ پێدانی نوێی هزری مرۆڤگه‌رایی  و ئاراسته‌کردنی له ئیتالیاوه بۆ هه‌موو ئه‌وروپا، هه‌ندێ له زانا مه‌سیحییه‌کان به پێداچوونه‌وی ئه‌م دیدگایه که‌وتنه  لێکۆڵینه‌وه‌ی ئینجیل و کتێبه مه‌سیحییه‌کانی تر. روانینی مرۆڤگه‌رایانه بۆ ریشه‌کانی مه‌زهه‌بی مه‌سیحیه‌ت، گۆمان و پرسیاری له‌م بیرمه‌ندانه‌دا سه‌باره‌ت به‌راستی ده‌سه‌ڵاتی ره‌های کڵێساو حکومه‌تی ڤاتیکان و،  پێویست بوونی وه‌ک ناوه‌ندێکی په‌یوه‌ندی مرۆڤ و خودا  دروستده‌کرد. له‌نیوه‌ی سه‌ده‌ی پانزه‌هه‌مه‌وه به دۆزینه‌وه‌ی پیشه‌سازی

چاپ، ئەندێشە چاکسازەکان بە خێراییەکی بەراوردنەکراو لەگەڵ سەردەمی پێشوو لە ئەوروپای مەسیحیدا بایەخی پەیدا کرد. یەکێک لە ریشەکانی ریفۆرمیزەیشن دیدگای عیرفانی مەزهەبی مەسیحی بوو. ئەم دیدگایە بڕوای بە یەکسان بوونی هەموو بروادارانی مەسیحی و پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ خودا، بەبێ بوونی ناوەند بوو. مردن لە ژیانی مرۆڤی سەدەکانی ناوەراست و سەدەکانی دواتردا رۆڵی گەورەی هەبوو. جیا لە هەژاری و برسیەتی هەمیشەیی، نەخۆشیە ترسناکەکانی وەک تاعون هەندێ بەشی ئەوروپای بەتەواوی لە دانیشتوان خاڵی کردبوەوە. ترس لە مردن و دواتر سزای خوایی لە جیهانێکی تردا، بەشێوەیەکی بەرچاو خەڵکی بە رۆحانیەتی کاسۆلیکیەوە پەیوەستدەکرد. جێبەجێکردنی سرووتی مەزهەبی بایەخێکی ئەوتۆی پەیداکردبوو. کۆتا هەنگاو بۆ گەیشتن بە لێخۆشبوون لە جیهانی هەمیشەییدا، پاککردنەوەی " کارنامەی گوناهەکان" لە رێگەی کرینی " نامەکانی بەخشین"ەوە بوو لە کڵیسادا. پێگە باشە رۆحانیەکان هەموو لەلایەن بەرپرسانەوە

داگیرکرابوون کە بەزۆری بەنرخێکی گران لە ڤاتیکانیان دەکری و دواتر بە پێدانی باج بەسەر جوتیاراندا نرخەکەیان جێبەجێ دەکرد. زۆرێک لەم پایەبەرزە رۆحانیانە، بەپێچەوانەی دەستوری رەسمی ڤاتیکانەوە، لەگەڵ مەعشوقەکانیاندا دەژیان و لەوان منالّیان دەبوو. زیاتر ئەوان زیاتر بەکاری حکومیەوە سەرقالّ بوون و راپەراندنی کاروباری کلّێسایان بە پیاوانی ئایینی خوارووی خۆیان ئەسپارد.

جۆن ڤیکلیف یەکێکە لە بنیادنەرانی ئەندێشەی ریفۆرمەیشن لەسەدەی چواردەیەم لە ئینگلتەرا. ئەو کە لە ئۆکسفۆرد ئەیخوێند، پیرۆز کردنی وێنە وپەیکەری قەشە و بالاّکانی مەسیح، هەروەها قەدەغەبوونی هاوسەرگیری بۆ ئاینییەکانی بە پێچەوانەی دەستوری عیسای مەسیح دەزانی. هەرچۆنێک بوو ڤاتیکان ئەوی بە گومڕا و دژە مەسیحی تاوانبار کرد. هەرچەندە ڤیکلیف بەهۆی خۆشەویست بوونیەوە لە ئینگلتەرا لە سووتان رزکاری بوو، بەلاّم لە سالّی 1415 ”کۆنسیل“ ئەنجومەنی بالاّی ڤاتیکان فرمانی بۆ سوتان و خستنە گۆری دەکرد. دوەمین بیرمەندی گەورە

و نوێنەری پرۆسەی ریفۆرم ، جان هۆس بوو کە لەسەرتای سەدەی پانزەیەمەوە لە زانکۆی پراگ لەژێر چاودێری پەروەردەی جۆن ڤیکلیف دا کەوتە رەخنەگرتنی گەندەڵی لە ڤاتیکان و دورکەوتنەوە لە خوێندنی مەسیحی. جان هۆس لەساڵی 1414 لە لایەن کۆنسیلەوە بانگهێشت کرا تالە گناهەکانی پاشگەز بێتەوە و دواجار، سەرەرای بەڵێنێک کە لە بارەی سوتاندنیەوە پێیان دابوو، لە ساڵی 1415 وەک بێباوەڕ لە ئاگردا سوتاندیان.

مارتن لۆسەر لە دایک بووی ساڵی 1483، لەساڵی 1512 لە زانکۆی ڤیتەنبێرگ لە رۆژهەلاتی ئەڵمانیا سەرقاڵی خوێندنی کتێبی ئینجیل بوو. دوای پێنج ساڵ ، ئالبرێشت ڤان براندنبۆرگ کەسایەتی گەورەی شاری براندنبۆرگ کە ڤیتەنبێرگیش دەکەوتە سنوری کڵێسای ئەوەوە، بریاریدا بە کرینی بەشە دیارەکانی شاریماینز لە رۆژئاوای ئەڵمانیا. بە پێدانی برێک پارەی زۆر بە پاپا لیۆی دەیەم، مۆڵەتێکی تایبەتی بۆ بەدەست گرتنی دوو پێگەی بەرز وەرگرت کە دژی دام ودەستوری

ڤاتیکان بوو. ئالبرێشت سەرەتا پارەی کڕینی ئەم پێگەیەی  لە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی باشوری ئەڵمانیا بە ناوی فۆگرەکان قەرز کرد، دواتر راهیبێکی بە ناوی یۆهان تتزل ناردە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکەی، تا بە فرۆشتنی " بەخشین نامەی گوناهەکان"  پارەی پێویست بۆ دانەوەی قەرزەکان  تەیار بکات. مارتن لۆسەر لە تێزە نەوەد وپێنج دانەکانیدا  کە لەساڵی 1517 بڵاویکردەوە، بەتوندی رەخنەی لەم کارە گرت. تێزەکانی ئەو کە سەرەتا بۆ گروپێکی دیاریکراو لە مامۆستای زانکۆکان نووسرا بوون ،پێشوازیەکی گەورەیان لێکرا و وێنەکانیان بە خێرایی لە ئەڵمانیا بڵاو بوونەوە. ساڵێک دواتر لۆسەر بۆ بەرگری کردن لە تێزەکانی ، یان پاشگەزبوونەوە لێیان  بانگهێشتی شاری هایدڵبێرگ کرا. لە دانیشتنی بەرگریدا کە لە کڵێسای گەورەی شار دا  رێکخرا، لوسەر توانی زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆکان  وئاینی یە بەرجەستەکانی بەشداربووی ئەم دانیشتنە سەبارەت بە دروستی بیروراکانی رازی بکات. ئەم مامۆستا وئاینیانە ، دواتر گۆردران بە

بانگەشەکارانی بزوتنەوەی ریفۆرم.لە هەمان ساڵدا لوسەر بۆ هەڵسەنگاندنی بیروراکانی بانگهێشتی رۆما کرا. فریدریک بەڕیوەبەری ناوچەی ساکسۆن کە پشتگیری لۆسەری دەکرد، نەیهێشت بچێتە رۆما و لەبری ئەویَ پێشنیاری ئەوەی کرد، کە لۆسەر لە رایشتاگ کە لە شاری ئۆگسبۆرگ بۆ هەڵبژاردنی کارڵی پێنجەم وەکو قەیسەری ئەڵمانیا بەرێوەدەچوو، بەرگری لە خۆی بکات. کارڵ کە پێویستی بە رای فریدریک بوو لەم دانیشتنە دا،خواستەکەی پەسەند کرد ولە ناردنی لۆسەر بۆ رۆما رێگری کرد.چ لە دانیشتنی رایشتاگ و چ لە کۆبوونەوەی هەڵسەنگاندنی بیرورای تر کە لەساڵی 1419 بەریوەچوو، مارتن لۆسەر بە توندی کەتە رەخنەگرتنی ڤاتیکان.ئەو لەم دانیشتنانەدا پاکبوونی پاپای رەتکردەوە و سوتاندنی جان هۆسی مەحکوم کرد. لایەنگریە نوێیەکانی لۆسەر کەتا ئەو کاتەش هێشتا هیوای بە چاکسازی نێو کڵێسا و رازی کردنی پاپا هەبوو، کەلێنی نێوان بزوتنەوەی ریفۆرم و کلێسای کاسۆلیکی زیاتر کرد. لەساڵی 1520 مارتن لۆسەر کە لە ناخەوە

هیوای به چاکسازی کڵیسای کاسۆلیک نەبوو، لە کتێبێکدا بۆ بەرپرسانی ئەڵمانیا ، داوای کرد خۆیان بکەونە چاککردنی کڵێساو کۆمەڵگای مەسیحی .لەم کتێبەدا خوازیاری جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت وچاکسازی کۆمەڵایەتی وەک فێرکردنی گشتی و ئاوردانەوە لە هەژاران بوو. لۆسەر لە دووکتێبی سەرەکی تری خۆیدا بە ناوەکانی " لەبارەی کۆیلەبوونی بابلی کڵێساوە" کە ئاماژەیە بە کۆیلەبوونی جوولەکە لە بابل و " لەبارەی ئازادی مرۆڤی مەسیحیەوە " بنچینەو بنەماکانی کڵێسای کاسۆلیکی رەتکردەوەو ، خوازیاری گەرانەوە بۆ نەریتی عیسای مەسیح لە ژیانی ساکار و یەکسانی هەموو مەسیحیەکان بوو. روانینی لۆسەر تەنیا بە ئاراستەی بەرانبەری مەسیحسەکان لە کاروباری ئاینی ولە بەرامبەر خودا بوو. بەپێچەوانەی ئەمەوە، لە بەرامبەر کاروباری دنیایی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا بڕوای بە پێویست بوونی نایەکسانی ورۆڵی بەرپرسان وخاوەندارەکان بوو. ئەندێشەکانی لۆسەر بە زوویی لەلایەن بەشێکی زۆری ئەڵمانیا وبەرپرسانەوە پێشوازی

لێکرا. ئەوان لەسەرێکەوە  لە رێگەی حکومەت و دەسەڵاتەکەیانەوە  پشتگیریی لۆسەریان بەدیدەکرد ولەسەرێکی ترەوە رەخنەکانی لۆسەر بووە هۆی سەربەخۆیی زیاتریان ونەدانی باج بەحکومەتی ڤاتیکان . لەساڵی 1521 لێپرسینەوە وهەڵسەنگاندنی راکانی لۆسەر جارێکی تر دەستی پێکردەوە . ئەمجارەش بەهۆی دەسەڵاتی فریدریکەوە  کە مێژووی ئەڵمانیا بە " فریدریکی دانا" ناوی دەبات داداگاییەکەی نەک لە رۆما ولەلایەن پاپاوە ، بەڵکو لە رایشتاگ ولەلایەن  کارڵی پێنجەمی قەیسەری ئەڵمانیاوە ئەنجامدرا. لەکۆتایی دانیشتنەکەدا چونکە لۆسەر لەسەر راکانی خۆی سوور بوو ، رایشتاگ دوای مۆڵەتی 21 رۆژە ، گرتن ورشتنی خوێنەکەی حەڵاڵ راگەیاند. لۆسەر لەگەرانەوە بۆ ویلایوتی ساکسۆن ، لە رووداوێکی رفاندنی نمایشیدا لەلایەن سەربازانی  فریدریکەوە  بۆ قەڵایەک لە شاری ڤارتبۆرگ برا. لەماوەی ئەو ساڵەدا کەبە ناوی نهێنیەوە لەوێ دەژیا، بۆیەکەم جار کتێبی ( پەیمانی نوێ)ی ئینجیلی لە زمانی یۆنانی و عیبری کۆنەوە بۆ ئەڵمانی

وەرگێرا. وەرگێرانی ئینجیل بووە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی زمانی ئەڵمانی شارەزا بوون بەبێ کڵێسا و ئاینیەکان هەلی خوێندنەوەی ئینجیل پەیدا بکەن. وەرگێرانی ئەڵمانی ئینجیل، نەتەنیا لە بایەخی هزری چاکسازی بەڵکو لە بنچینەی زمانی ئەڵمانی نوێشدا رۆڵی هەبوو. زۆرێک لەو چەمک و زاراوانەی کە لۆسەر بۆ یەکەم جار لە وەرگێرانەکەیدا بەکاریهێناون،تائەمرۆش لەزمانی ئاخاوتن و نووسینی ئەڵمانیدا بەکاردەهێنرێن. لەساڵی 1521 گروپێک لە هاورێ وپەیرەوانی لۆسەر لەگەڵیدا کەوتنە ناکۆکی. کەسانی وەکو "کارلشتات" و" تۆماس مۆنتسەر" کە دواتر وەکو بزاڤی چەپی ریفۆرم دەرکەوتن، خوازیاری چاکسازی قووڵ چ لەبواری ئایینی و چ لە بواری کۆمەڵایەتی بوون. کارلشتاک خوازیاری کردنە دەرەوەی تەواوی وێنە پیرۆزەکان لە کڵێساو جێبەجێکردنی سرووتە مەزهەبیەکان بەبێ جلوبەرگی ئایینی و چارەسەری سومعەکان بوو. تۆماس مۆنتسەر خوازیاری ئازادی و یەکسانی مەسیحیەکان نەتەنیا لە بەرامبەر خودا، بەڵکو لە جیهانی مادی و ژیانی رۆژانە بوو.

لۆسەر سەرەتا لە هەوڵی هاوسەنگ کردنەوەی بزاڤی توندرەوی ریفۆرمیستیدا بوو، پاشان کەوتە رووبەروبونەوەی. مۆنتسەر لە شەرە جوتیاریەکانی ئەڵمانیا لەساڵەکانی 1524-1526 گۆردرا بە یەکێک لە رێبەرە سەرەکیەکانی شۆڕش.

**شەرە جوتیاریەکانی ئەڵمانیا**

ئەوەی لە مێژوودا بە ناوی شەرەکانی جوتیاری ئەڵمانیاوە ناسراوە، لە بنەڕەتدا تایبەت نەبوو بە ئەڵمانیا و جوتیارانیشەوە. چوارچێوەی سەرەکی شۆڕشەکە لە باشووری ئەڵمانیا، سویسرا، نەمسا ،سەرووی ناوچەی فەرەنساو تۆریبگن لە رۆژهەلاتی ئەڵمانیا بوو. لە زۆربەی لایەنەکانەوە نەتەنیا جوتیاران، بەڵکۆ ئاینییەکانی چینی خواروو، کرێکارانی کشتوکاڵ، پیشەوەرانی شارو گوندو تەنانەت نوێنەری خاوەنداری گوندەکان (( شۆلتهایسەکان)) لەم شۆرشانەدا بەشدارییاندەکرد. وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، لەسەدەی پانزە وشانزەیەمدا، گەشەی دانیشتوان بووە هۆی بەشینەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکان

بەیەکەی زۆر بچوک کە چیتر توانای دابینکردنی پێویستییەکانی خێزانێکی نەبوو. جوتیاران وەک هێزی سەرەکی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتی، دەبوو بەو رێژەی بەرهەمە ژیانی شازادە، موڵکدارەکان، پیاوانی ئاینی و فەرمانبەرانی دەوڵەتیان دابینبکردایە. وشکەساڵی نەتەنیا هۆی کەمبوونی بەرهەم، بەڵکو هۆی توندترکردنەوەی بەرهەمێنان بوو لەلایەن خاوەن زەویەکانەوە کە لەم ساڵانەدا ئامادە نەبوون بە هیچ نرخێک چاوپۆشی لە بەشێکی بەرهەمەکەیان بکەن. نەبوونی توانای جوتیاران لە دانی پشکی خاوەن زەویی و بەرپرسەکان، بووە هۆی لادانیان لە پێدانی باج بە خاوەن موڵکەکان. نەبوونی توانا لە دابینکردنی ئەم بێگارە، زۆرێک لە جوتیارە ئازادەکانی دەکردە کۆیلەی بەرپرسان. بەرپرسەکان لەم سەردەمەدا بەشێوەی زیادکردنی رۆژ، تەنانەت مافی ئاسایی جوتیارانیشیان وەک مۆڵەتی سوود وەرگرتن لە دارستان، لەوەرگەکان و دەریاچەکان پێشێلدەکرد. خاوەندارەکان، ماوەی خزمەتی زۆرەملێی جوتیارانیان لە سەربازگە،

کێڵگە و ئاپارتمانەکانی خۆیاندا زۆر دەکرد. جوتیارەکان تەنانەت لەو خاوەندارە لادەرانەش کە بۆ دابینکردنی ژیانی خۆیان دەستیاندابووە یاخیبوون، دزی و تالآنکردن، دڵنیا نەبوون. کڵێسا و پیاوانی ئایین وەک خاوەندارە گەورەکانیش لە پاراستنی ئەم هەلومەرجە قازانجیان دەکرد. پاپا و حکومەتی ڤاتیکان سامانی بێ شوماری خۆیان جیا لە فرۆشتنی ” نامەکانی بەخشین لە گوناه“ ،لەرێگەی بەرهەمی زەوییە کشتوکاڵیەکانی خۆیانەوە و پشکی کڵێساو ( دەیەک) لە جوتیارانەوە بە دەستدەهێنا. ئەم سامانە لە رێگەی ژیانی خۆشگوزەرانی پاپا و کەسەکانی، تەیار کردنی سوپای ڤاتیکان، بینای کڵێساو خەریک بوون بە هونەرە جوانەکانەوە بەکار دەبرا. بە هەڵگیرسانی شۆڕش، زۆرێک لە جوتیاران کە ئیتر شتێکیان بۆ لەدەستدان نەمابوو چوونە پاڵ ئەوەوە. لەساڵی 1525 نوێنەرانی سێ بزاڤی سەرەکی شۆڕشەکە، لە شاری مێمینگن لە باشووری ئەڵمانیا کە دانیشتوانەکەی پشتگیری ئەو شۆرشە جوتیارانەیان دەکرد، لەپەنا یەک کۆبوونەوە تابۆ یەکەم جار

خواستەکانیان  بە هاوبەشی لە ڕاگەیەنراوێکی 12 مادەییدا ڕابگەیەنن. ئەم ڕاگەیەنراوە کە وەک یەکەمین  ڕاگەیەنراوی مافی مرۆڤ لە مێژوودا تۆمار کراوە،  خواستەکانی جوتیارانی وەک ڕەتکردنەوەی وابەستەبوونی جوتیاران بە خاوەن زەوییەکان،  دانەوەی مافی ئاسایی جوتیاران لە سوود وەرگرتنی دارستانەکان، کێڵکە و دەریاچەکان، کەمکردنەوەی خزمەتی زۆرەملێ لە سوپاو زەوی خاوەن موڵکەکان، هەڵبژاردنی قەشە ناوخوییەکان لەلایەن هاوڵاتیان و لابردنی سزای بێهۆکاری لە خۆ دەگرت. لە بەهاری هەمان ساڵ دا جوتیارە شۆرشگێرەکان، ” لۆدڤیک ڤان هێلفنشتاین“ یان لەگەڵ سوارەکانیدا کوشت کە زاوای قەیسەری پێشووی ئەڵمانیاو سەرکردەیەکی نەخوازراو بوو. مارتن لۆسەر کە تائەم کاتەش پشگیری مافەکانی جوتیاران بوو، ئەم کردەیەکی بە فێڵی شەیتان ناوبردو لە هەموو بەرپرسانی ئەڵمانیای بەبێ جیاوازی مەزهەبی خواست کە بەتەواوی هێزەوە بکەونە لە ناوبردنی جوتیاران . لایەنگری لۆسەر ڕۆڵێکی گرنگی لە  بەهێزکردنی پێگەی

بەرپرسان و یەکگرتنیان لە سەرکوتکردنی شۆڕشدا هەبوو. ئەو جوتیارانەی کە مەشقی سەربازییان نەدیبوو و یەکەیەکی فەرماندەیی و ڕاهێنانیان نەبوو، بە داس و پەنجەکانی خۆیان نەیانتوانی زیاتر لە دوو ساڵ لە بەرامبەر هێزە ڕاهێنراو و تەیار کراوەکانی بەرپرسان بوەستن. ئەو زیانانەی کە جوتیارەکان لە سەردەمی شۆرشی دووساڵەتیایدا گیانی خۆیان لە دەست دا ،لە نێوان 75 بۆ 130 هەزار کەس مەزندە دەکرێت. تۆماس مۆنتسەر، قەشەی ریفۆرمیست و ناودارترین ڕێبەری شۆڕش، دوای ئەوەی هێزەکانی ژێردەستی تیا چوون دەستگیر کرا. وەک تەواوی ڕێبەرەکانی شۆڕش دوای ئازاردانی، سەریان لە لاشەکەی جیاکردەوە. شۆڕش بۆ جوتیارەکان هیچ بەرهەمێکی نەبوو. بە پێچەوانەوە بەرپرس و خاوەندارەکان دوای سەرکوتکردنی شۆرش باج وماڵیاتەکانیان زۆرتر کرد. دەبوو سێسەد لە شۆرش تێپەرێت تاکو ڕێورەسمی بەرپرس و ژێردەستە لە ئەوروپا هەڵبوەشێنەوە و خواستەکانی ڕاگەیەنراوی جوتیاران بکرێنە یاسای رەسمی وڵاتان. تەنیا

جوتیاران نەبوون کە بەر فەرمانی کوشتنی لۆسەر کەوتن. تورکە عوسمانیەکان، جوولەکەکان و ئەو ژنانانەی کە بە جادووگەری تاونبار دەکران، لە روانگەی ئـەوەوە سزای مەرگیان هەبوو. لۆسەر لە تەمەنی گەنجیدا زۆر هیوادار بوو بە بانگەشە و درێژەدانی " مەسیحیەتی راستەقینە" جوولەکەکان بۆ ئاینی مەسیحی راپێچ بکات. لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا کە لە بانگهێشتکردنی جولەکەکان نائومێد بووبوو، چەند جارێک نووسی" ئەگەر دەمتوانی، ئەم نەتەوە تەمەڵ و شەیتانیەم کە هەقی مردن و شمشێریان هەیە لە خوێندنگا و خێزان و پەرستگاکانیان دەربهێنایە کە شوێنی بانگەشەی کوفرە، لە تەویلەیەکدا کۆمدەکرنەوەو خانوەکانیانم دەسووتاند و لەگەڵ خاکدا هاوسەنگمدەکردن". نووسینەکانی دژە جوولەکەی لۆسەر لەسەردەمی ناسیۆنالیزمی ئـەڵـمـانـیـادا بـەشـێـوەی فــــراوان لـەلایـەن بانگەشەکارانی نازییەوە سوودیان لێوەردەگیرا. زۆرێک لە ئایینیە پرۆتستان و پەیرەوانی لۆسەر، لـەو سـەردەمـەدا بە سنگفراونیەوە باوەشیان بۆ بزاڤی ناسیۆنال سۆسیالیزم دەکـردەوەو

هیتلەریان بە جێبەجێکاری دەستورەکانی لۆسەر دەزانی. مامەڵەی حکومەتەکان لە وڵاتە جیاوازەکانی ئەوروپا لەگەڵ بزوتنەوەی ریفۆرم، بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو وڵاتانە جیاواز بوو. ریفۆرمەیشن لە وڵاتانی سویسرا و هۆڵەنداو هەڵکردنی ئایدیای سەربەخۆیی و جیابوونەوە بوو لە ئیمپراتۆیەتی هۆبزبۆرگ و ڤاتیکان بوو. گروپی ریفۆرمیستی وەک لۆسەری و کالڤینی بە زوویی لە لایەن بەرپرسنی ناوخۆ وە پەسەند کران و بە ئایینی رەسمی ئەو وڵاتانە گۆردران. لە ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە پاریس بەرێوەدەبرا، هەلومەرجی بزوتنەوەی ریفۆرم بەتەواوی جیاواز بوو. تەواوی پێگە رێکخراوەکانی کڵێسای کاسۆلیک لە خزمەت پاشادا بوون. گەنجان و خەڵکی سادەش بۆ خزمەتی سەربازی کەڵکیان لێوەردەگیرا. لەم بارودۆخەدا پاشاو حکومەتی ناوەندی فەرەنسا هیچ مەیلێکیان بۆ لاواز بوونی کڵێسای کاسۆلیک و بەهێز بوونی بزاڤەکە نەبوو، کە پێکهاتەی رێکخراوەیی کڵێسایان تێکدەشکاند. لایەنگرانی

بزوتنەوەی ریفۆرم لەسەرەتای دەرکەوتنی کتێبەکانی مارتن لۆسەر، زیاد لە دووسەد ساڵ، تا سەرهەڵدانی شۆرشە گەورەکەی فەرەنسا، لەلایەن چاودێرانی حکومەتەوە دەکوژران و سەرکوتدەکران. زۆرێک لە ریفۆرمیستەکان بۆ رزگارکردنی خۆیان لەم ساڵانەدا پەنایان دەبردە بەر کۆچ بەجێهێشتنی وڵاتەکەیان بۆ ئەو شوێنانەی کە پشگیریان لێدەکرا. لە ئینگلتەرا، دوای ئەوەی لە سەردەمێکی درێژدا، پرۆتستانت و رەخنەگران دەکوژران وسەرکوتدەکران. دواجار لە کۆتایی لە سەدەی شانزەیەمدا، ئەلیزابێسی یەکەمی پاشای ئینگلتەرا، کڵێسای ئەنگلینی گۆڕی بە مەزهەبی رەسمی وڵات، کە پێکهاتەی نەریتەکانی کاسۆلیک و پرۆتستان بوو. بەم شێوەیە ئیمپراتۆری بەریتانیا پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڤاتیکاندا پچراند و پێدانی باجی بۆ هەمیشە راگرت.

**سەرچاوە :**

- سایتی ایران امروز

# مارتین لۆتەر ئەو منداڵە بێنەوایەی جیهانی گۆڕی

هاری ئیمرسۆن فاسدیك
وەرگێڕان بۆ فارسی: فریدون بدرای
لە فارسییەوە: ئارام مەحمود ئەحمەد

ڕێکەوتی 17/4/1521 ڕۆژێک لە ڕۆژە مێژووییەکانی جیهان بوو. لەو ڕۆژەدا (شارلی پێنجەم) فەرمانڕەوای بەشێکی زۆری ئەوروپا لە ئەنجومەنی شاری (وۆرمس Worms) لە ئەڵمانیا دادوەری دەکرد. شازادەکان، خانەدانەکان، پیاوە ئایینییەکان لە دەوری کۆبوونەوە، لە بەرامبەریاندا قەشەیەک بە تەنیایی وەستابوو. ئەو قەشەیە (مارتن لۆتەر)ی ناوبوو. بۆ دادگایی کردن بانگ کرا، ژیانی لە مەترسیدا بوو. پاپا تەکفیری کردبوو، مارتنی بە نوسینی کتێبی یاساغ تاوانبار کردبوو، کتێبەکان لەبەردەم مێزی ئەندامانی دادگا دانرابوون.

ئیمپراتۆر داوای لە مارتن کرد دان بە هەڵەکانیدا بنێت و دەست لە وتە و بیدعەکانی هەڵگرێت، بەپێچەوانەوە لەو ڕۆژگارەدا هەر کەسێک بە بێ باوەڕی و فێرکردنی خراپە تاوانبار بکرایە، بە زیندوویی دەسوتێنرا، بێ باوەڕ و فێرکاری خراپە کەسێک بوو، کە بە پێچەوانەی کڵێسای ڕۆمەوە بدوێت.

قەشەکە بە تەواوی ئاگاداری ئەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لە وتەکانی پاشگەز نەبووە و

فێرکارییەکانی خۆی بە هەڵە هەژمار نەکرد. لە بەرامبەر ئەنجومەنی باڵادا وتی «من نە دەتوانم و نە دەخـوازم شتێک وەرگـرمـەوە، چونکە بە پێچەوانەی ویژدان رەفتار کردن نە راستە و نە ئارامی دەبەخشێت.» ئەمە یەکێک لەو رووداوانە بوو، کە چارەنوسی جیهانی رۆژئاوای گۆڕی و بووە هۆی رووداوی گەورە.

کاتێک مارتین لۆتەر 10/11/1483 چاوی بە جیهان هەڵهێنا، هیچ کەسێک پێشبینی نەدەکرد لە مێژووی جیهاندا ئەو رۆڵە گەورەیەی هەبێت. مارتین لە خێزانێکی گوندنشینی هـەژار بوو. لۆتەر وتویەتی «گوندنشینم و باوکم و باپیرەم و ئەوانی تری پێشووش هەموویان گوندنشینی رەسەن بوون.» ئەم خێزانە لە (ساکسۆنی) لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا دەژیان. بە لایەنی کەمەوە تا شـەڕی جیهانی یەکەم هێشتا پاشماوەکانی خێزانی لۆتەر لە گوندی بچووکی (مۆهر Mohre) لە رۆژئاوای گردەکانی (تورینگن Thuring ia) دەژیـان. (هانس لۆتەر) باوکی مارتین لەوێوە رۆیشتووە بۆ (ئیسلبن Eisleben) کە هەشتا کیلۆمەتر دوورتر بوو و خەریکی کانزاکاری بوو.

مارتین لەوێ لەدایکبوو، بەڵام شەش مانگ دواتر دوبارە خێزانی لۆتەر کۆچیان کرد و رۆیشتوون بۆ شارۆچکەی (مانسفیڵد Mansfield). ئەم شارۆچکەیە نزیکی ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە مس بووە و یەکەم یادەوەرییەکانی ژیانی لۆتەر لەوێوە دەستیپێکردووە.

دایکی بۆ داری سوتاندن لە دارستانەکانی نزیکیانەوە داری هێناوە، دووری رێگەکە و قورسی بارەکەی ماندووی کردووە و دەنگی هەناسەی ماندووبوونی دایکی لە گوێچکەی مارتیندا دەزرنگایەوە.

«دایک و باوکم زۆر هەژار بوون و بۆ ئێمە بە ئازارترین کارەکانیان دەکرد.»

بەڵام باوکی لۆتەر پیاقێکی بەهێز بوو، زۆری پێنەچوو لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو، تا خۆی کانی کانزا و کورەی تواندنەوەی کانزای بەکرێ گرت. کاتێک لۆتەر تەمەنی بوو بە هەشت ساڵ (هانس) بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شار هەڵبژێردرا و تا کۆتایی تەمەنی لەو کارەدا مایەوە.

بەردەوام مارتین شانازی بە سەرەتا بەرەنگارییەکانی خێزانەکەی دژی هەژاری و

کەم دەرامەتی دەکرد. مارتین پێیوابوو منداڵانی بێنەوا لە منداڵانی خێزانە سەرمایەدارەکان باشتر دەتوانن بە سەر تەنگ و چەڵەمەکانی ژیاندا سەرکەون، چونکە منداڵە سەرمایەدارەکان بە خۆ بەگەورەزان پەروەردە دەبن، لە کاتێکدا منداڵە هەژارەکان بە بێنەوایی پەروەردە دەبن و «پێویستە رەنج بکێشن و کار بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بژین.»

لە دیدی ئێمەوە ئەو سەردەمە بۆ منداڵانی سەرمایەدار و هەژاریش رۆژگارێکی سەخت بووە. لێدان لە هەموو شوێنێک لە ماڵەوە لە خوێندنگە رەواجی هەبووە. ئەگەر ئەوەی مارتین لەوبارەیەوە نوسیویەتی راست بێت دەردەکەوێت ئەو برینانەی ژمارەیەک لەو لێدانانە لەسەر دڵی ئەو جێیانهێشتووە، هەرگیز سارێژ نەبوون. «دایکم لەسەر دزییەکی بچووک ئەوەندی لێدان، کە خوێن لە جەستەم دەچۆڕا» ؛ «باوکم جارێکیان ئەوەندی لێدام لە ماڵەوە رامکرد و رقم لێی دەبووەوە، زۆر هەوڵیدا تا گەڕامەوە ماڵەوە» ؛ «تەنیا بەیانییەک لە خوێندنگە پانزە جار بێ هیچ هۆکارێک لێیاندام. تاوانەکەم ئەوە بوو، کە وانەکەم فێر نەببووم.»

لەگەڵ ئـەوەی مارتین گەنجێکی هەستیار بووە و زوو ڕەنجاوە و ئەم سزادانانە کە لەو ڕۆژگارەدا توڕەیی لە ناخیدا چاندبوو، دەیزانی ئەوە تەنیا چارەنوسی ئەو نییە، بەڵکو هەموو کوڕان و کچان هەمان چارەنوسیان هەیە. دانی بەوەدا ناوە، کە دایکیشی کە بە هۆی کەمترین هەڵەوە لێی داوە بۆ باشە و چاکەی ئەو ئەوەی کردووە و لە ژیانیدا خۆشەویستییەکی بێ پایانی هەبووە. خێزانێکی باشی هەبووە، لەگەڵ ئەوەی ڕێکخستنێکی توند لە خێزانەکەیدا هەبووە، بەڵم لێوڕێژ لە میهرەبانی گوێڕایەڵی بووە.

باشەی ئەو خێزانە لـەوەوە دەردەکـەوێت، چونکە پەیان بە توانا سەرسوڕهێنەرەکانی مارتین بردووە و بەشێوەیەک بواری خوێندنیان بۆ ڕەخساندووە، کە هیچ یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە بە خۆیەوە نەبینیوە.

خێزانەکەی مارتین زۆر مەزهەبی بوون و پەیڕەویان لە کڵێسای ڕۆم کردووە. لەو ڕۆژگارەدا هێشتا هیچ کڵێسایەکی تر بوونی نەبوو. مارتین لە ماڵەوە و لە خویندنگە بنەماکانی شەریعەتی کاسۆلیک فێردەکرا. جێی باسە کە باوکی مارتین

کەسێکی ئازا بوو و پێیخۆش نەبووە داردەستی کەس بێت و جارێک کە زۆر نەخۆش بووە قەسەیەک بە هەڵی زانیوە تا ناچاری بکات پارە بدات بە کڵێسا، بەڵام نەیتوانیوە. هانس لە وەڵامدا پێیوتووە «من منداڵی زۆرم هەیە. دەمەوێت سامانەکەم بۆ ئەوان جێبێڵم، چونکە لە کڵێسا زیاتر پێویستیان پێی هەیە.»

زۆری پێنەچوو مارتین (دوعای رەببانی، دە فەرمان، شەهادەت)ی لەبەرکرد و کەوتە خوێندنی سرودە پیرۆزەکان. لە بۆنە پیرۆزەکان، جەژنە مەزهەبییەکان و بۆنەکانی تردا بەشداری دەکرد.

شارە (سەکسۆنییەکان) پڕ بوون لە کڵێسا، قەشە، پێسەنگای شتە پیرۆزەکان، گۆڕی کەسایەتییە ئایینییەکان، کە نەخۆشەکان بۆ داوای چارەسەر سەردانیان دەکردن. بۆ مارتین سەرجەم ئەم رواڵەتە مەزهەبییانە بەڵگەنەویست و سەلمێنراو بوون. ئەمانە ببوونە بەشێک لە ژیانی رۆژانەی. مارتین بەتایبەتی پێیخۆش بوو گۆرانی بڵێت، هەمیشە چێژی لە میوزیک وەرگرتووە و خۆشی دەنگی خۆش بووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەستی مەزهەبی مارتین روکارێکی تریشی هەبوو، کە هەر کەسێک بیەوێت لەوە تێبگات کە دواتر بەسەری هاتووە، پێویستە ئاگاداری بێت. مارتین زۆر لە خواترس بووە و ویژدانێکی زۆر هەستیاری هەبووە و بە بەچووکترین هەڵە خۆی وەک تاوانبارێکی بێچارە دەبینیەوە و لەبەرئەوەی لەبارەی تورەیی خواوە بەرامبەر بەندەکانی زۆری بیستبوو، زۆر دەترسا. لەو رۆژگارەدا دۆزەخ لە خەیاڵی خەڵکدا وەک واقیعییەتێک بەرجەستە بوو. دۆزەخ جێی ئەشکەنجەی هەتا هەتایی بوو، دوای مردن تاوانباران دەبەن بۆ دۆزەخ.

لەو رۆژگارەدا ئەوەندە خەڵک لە دۆزەخ ترسێنرابوو بە ناچاری کاری چاکەیان ئەنجام دەدا. لەمرووەوە ویژدانی هەستیاری مارتین بەردەوام لە ترسدا بەسەری بردووە. مارتین لە (عیسا)ش ترساوە و بە دادوەرێکی توندی زانیوە کە بۆ لێپێچینەوە لە کاری تاوانباران دەگەڕێتەوە. کاتێک لە کڵێسای (مانسفیڵد) لە وێنەی تورەی (عیسا)ی روانیوە سەرتاپا لەرزیوە.

لە ساڵانی دواتردا مارتین ئەو ترسەی لە

خوا و عیسا بە سەرچاوە گرتوو لە سزادانەکانی دایک و باوکی زانیوە و وتویەتی، کاتێک مندالآنی وەک ئەو لە منداڵییەوە ترس لە دڵیاندا بچێنرێت، ئیتر تا کۆتایی تەمەنیان ناتوانن لە بیری بکەن و بەسەریدا سەرکەون.

بۆ لێکدانەوەی ژیانی مارتین پێویستە بیرمان بێت کە ئەو زیاتر لە 400 ساڵ بەرلە ئێستا ژیاوە. ئەوەی خەڵکی ئەو رۆژگارە باوەڕیان پێی هەبووە، خەڵکی ئەم سەردەمە باوەڕیان پێی نییە. بۆ نمونە لەو سەردەمەدا خەڵکی پێیان وابووە، کە لە دارستان و ئاوەکان و کانەکانی کانزادا پڕە لە دێو و پەری و جادوو. هەر کاتێک لافاوێک هاتووە بە کاری دێوەکانیان زانیوە و نەفرەتیان لێکردوون. دایکی مارتینیش باوەڕی بەو شتانە هەبووە، چونکە هەر کاتێک هێلکە، شیر یان کەرە کەمی دەکرد وای بیرکردووەتەوە کە جنۆکەکان دزیویانە. مارتینیش هاوشێوەیەی هەموو ئەوانەی لەو سەردەمەدا ژیاون، تا رۆژی مردنی باوەڕی بەو شتانە هەبووە. وتویەتی «دێوەکان لە زۆر شوێن نیشتەجێن. پروس پڕە لە جنۆکە و (لاپلاند) پڕە لە جادو.» هەروەها باسی لەوە

کردووە، کە دەریاچەیەکی نزیک لە زێدەکەی دێوی زۆری لێدەژین و ئەگەر بەردێک فڕێ بدەنە ناو دەریاچەکەوە لافاو دروست دەبێت و سەرزەوییەکانی دەوروبەری دادەپۆشێت. لەمڕووەوە پێویستە ئێمە بزانین باس لە پیاوێک دەکەین، کە لەگەڵ ئەوەی لە دروستکردنی جیهانێکی نوێدا پشکێکی زۆری هەیە، خۆی لە جیهانێکی زۆر کۆندا ژیاوە. مارتین لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بووە، کە کریستۆف کۆلۆمبۆس ئەمەریکای دۆزیوەتەوە. مارتین ماوەیەک دواتر ئاگاداری ئەو دۆزینەوەیە بوو، ئەو کاتەی ئاگاداری ئەوەش بوو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دروست نەکردووە. دۆزینەوەی نیوەگۆیەکی تریش بۆ خەڵکی مانسفیڵد گرنگ نەبوو، بۆ خەڵکانێک کە پێیانوابووە بە گەڕانەوەی مەسیح دنیا کۆتایی دێت، ئەمجۆرە شتانە چی بەهایەکیان هەبوو؟

بەڵام لەبارەی ئەستێرەکانەوە مارتین وا فێرکرابوو کە زەوی وەستاوە و خۆر بە دەوریدا دەخولێتەوە. لەو سەردەمەدا کە مارتین لۆتەر لە مانسفیڵد گوێی لە وتەی مامۆستاکانی کە دەیانوت زەوی وەستاوە و خۆر بەدەوریدا

دەخولێتەوە، دەگرت، توێژەرێکی گەنجی تر بە ناوی (کۆپەرنیک) لە زانکۆی (کراکوی) پۆڵەندا وانەی دەخوێند، کۆپەرنیک دە ساڵ لە مارتین گەورەتر بووە و چارەنوس وابووە کە ئەو تێکڕای ئەندێشەی خەڵکی جیهان و بونەوەران بگۆڕێت.

لۆتەر و کۆپەرنیک دوو پیاوی دلێر و پێشڕەوی هاوجەرخ بوون و بە فەرمانی چارەنوس دەبوو لە سنوری دەسەڵاتی خۆیاندا سیستمی جیهانی بگۆڕن. هەرچۆنێک بێت کاتێک چەند ساڵێک دواتر کتێبی کۆپەرنیک کە باسی لە سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردای دەکرد بڵاوکرایەوە، لۆتەریش هاوشێوەی زۆرینەی خەڵک و زانایان و بیرمەندە گەورەکانی سەردەمی خۆی باوەڕی بە وشەیەکی کۆپەرنیک نەکرد و کۆپەرنیکی بە «نەزانێک کە دەیەوێت زانستی ئەستێرە ناسی بە تەواوی بگۆڕێت» ناوی برد.

هۆکارەکەی مارتین ئەوە بوو، کە لە کتێبی پیرۆزدا (یوشع) فەرمانی بە خۆر کردووە لە جوڵە بوەستێت نەک زەوی و بەپێی تێگەیشتنی مارتین ئەمە بە واتای ئەوە هاتووە کە زەوی وەستاوە و خۆر خولاوەتەوە.

بەڵێ مارتین منداڵی سەردەمی خۆی بووە و هاوشێوەی خەڵکانی سەردەمی خۆی باوەڕی بە تیۆرە کۆنە زانستی و ئایینییەکان هەبووە، بەڵام لە ناخی لۆتەردا شتێکی تر هەبوو، کە دەرەنجام و بەرهەمەکەی هیچ کەسێک تا ئەو کاتەی مارتین گەنج بوو، نەیدەتوانی تێیبگات. ئەو شتەش جدی بوونی لە رادەبەدەری مارتین بوو. جدی بوونی مارتین لەبارەی مەزهەبەوە تا دەمارگیری رۆیشتبوو. چارەنوسیش وابووە کە ژیانی مەزهەبی جیهانی رۆژئاوا بگۆڕێت.

**مارتین لە خوێندنگە**

لە تەمەنی 13 ساڵیدا دایک و باوکی ناردیان بۆ (ماگدبۆرگ) بۆ خوێندنگە و ساڵی دواتر نێردراوە بۆ خوێندنەگەیەکی باشتر لە (ئایزناخ). باوکی ئومێدەوار بوو مارتین ببێت بە دادوەر.

ئەو رۆژەی مارتین ماڵئاوایی لە خێزانەکەی کرد و هەموو ئەوەی هەیبووە لە کۆڵەپشتەکەیدا هەڵیگرت و لەگەڵ هاورێکەی بەرەو (ماگدبۆرگ) بەرێکەوت، بە رۆژێکی گرنگی مێژووی جیهان هەژمار دەکرێت. لەو لایەنەوە کە خێزانی مارتین

هــەژار بــوون بێجگە لــە دوعــای خێزانەکەی هیچی تری لەگەڵ خۆیدا نەبرد. لەو رۆژگارەدا خوێندکارەکان بژێوی خۆیان لە رێگەی سواڵەوە دابینکردووە و گۆرانیان وتووە و خەڵک خێری پێکردووە. لەو لایەنەوە کە مارتین دەنگی خۆش بووە، لەو رێگەیەوە بژێوی خۆی دابینکردووە. لە ئایزناخ بە هۆی دەنگە خۆشەکەیەوە دەرگایەک بە روویدا کرایەوە و (کتا) کە خانمێکی سەرمایەدار بووە بردویەتییە مەڵەکەی و شوێنی مانەوەی پێداوە و وەک دایکێک ئاگاداری بووە. لەو ساتەوە مارتین چووە ناو خێزانێکیسەرمایەدارەوە و تێکەڵی کەسانی تێگەیشتوو بوو. هەروەها لە (ئـایـزنـاخ) لای مامۆستایەک بـە نـاوی (جـۆن تربونیوس) وانەی دەخوێند کە زۆر باش بوو. رەفتاری ئەو مامۆستایە لەگەڵ خوێندکارەکانی بۆ خەڵکی جێی سەرسوڕمان بوو. زۆر رێزی لە خوێندکارەکانی گرتووە و وتویەتی «لەوانەیە لە ناو ئەم خوێندکارانەدا لە داهاتوودا کەسانێکیان ببن بە فەرمانڕەوا، سەرۆک سارەوانی، وەزیر.»

دوای ئەوەی باری دارایی باوکی باشتر بوو، کوڕە حەڤدە ساڵەکەی نارد بۆ زانکۆی (ئارفورت)

که لەو کاتەدا گەورەترین زانکۆی ئەڵمانیا بووە. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە و لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە. دواتر چووەتە پەیمانگەی دادوەران، لە هەمان زانکۆ.

بەڵام دواتر مارتین بووە بە قەشە و باوکی بە هۆی بڕیارەیەوە زۆر لێی نیگەران بوو. سەرۆکی دێرەکە داوای لێکردووە لە زانکۆ بۆ مامۆستایی بخوێنێت و مارتین بە گوێی کردووە.

یەکێک لە هۆکارەکانی گومانی مارتین لە سەفەریدا بۆ ڕۆم دەرکەوتووە. لە ناو زاهیدەکانی (ئاگۆستینۆس) ناکۆکییەک دروست ببوو، کە دەبوو بە فەتوای پاپا کۆتایی بێت. لۆتەر یەکێک لەو دوو نوێنەرە بوو، کە لەلایەن قەسەکانەوە بۆ ڕۆیشتن بۆ شاری پیرۆز هەڵبژێردرابوو. بەر لەوەی کارەکەی لە شاری پیرۆز کۆتایی بێت شتە ناپیرۆز و خراپەکان ئازاریان دەدا.

کاتێک لۆتەر گەڕایەوە بۆ شارەکەی هێشتا باوەڕدار بوو، لە دێرەکەی خۆیەوە بۆ دێرێکی تر گواسترابووەوە. ئەم شوێن گۆڕکێیە کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی دروستکرد.

**شەڕە گەورەکە دەستپێدەکات**

هێشتا لۆتەر تەمەنی نەگەیشتبووە تەمەنی سی ساڵان لە زانستی خواناسیدا کامڵ ببوو، کەوتە وانە وتنەوە لە زانکۆ و وتار خوێندنەوە لە کڵێسا. لەو کاتەدا بە بیریدا نەهاتبوو، کە چی سەفەرێکی زریاناوی دەستپێکردووە و کام رووداوە گەورانە لە رییدان. ئەگەر دەیزانی هەرگیز ئەو سەفەرەی دەستپێنەدەکرد. سەرەتا هەموو شتێک جێی ئومێدەواری بووە.

لۆتەر نیشانی داوە، کە وتاربێژێکی بە توانایە. لەگەڵ هاوڵاتیانی سادە بە سادەیی دواوە، بە وتەی خۆی «تا ئەوەندەی بتوانم بە سادەیی دەدوێم بۆ ئەوەی خەڵکی کۆڵان و بازاڕ و منداڵ و خزمەتکارەکان لێم تێبگەن. ئەوانەی خوێندەوارن خۆیان هەموو شتێک دەزانن. من بۆ ئەوان قسە ناکەم.»

لۆتەر بەشێوەیەک لە ناو خەڵکیدا جێگەی خۆی کردووەتەوە و لەگەڵ ئەوەی تەمەنی تەنیا 31 ساڵ بووە بووە بە بەرپرسی قەشەکانی ئەو ناوچەیە و 11 کڵێسا. زیاتر لە هەر شتێک خۆی بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆ تەرخان کردووە و خۆشەویستترین مامۆستای زانکۆ بووە. بەڵام

ئەوەی فێری خوێندکارەکانی دەکرد لەوە گرنگتر نەبوو کە خۆی فێری دەبوو. وانەکەی لەبارەی کتێبی پیرۆزەوە بوو. لەگەڵ وتنەوەی وانەی ئەو کطیبە گەورەیە بەر کۆمەڵێک شت دەکەوت، کە تا ئەو کاتە بەریان نەکەوتبوو. لەو کاتەدا بە هۆی کەمی کتێبی چاپکراوەوە کەمتر کتێبی پیرۆز دەست خەڵک کەوتووە. ئەوەی فێری قەشەکان دەکرا کتێبی پیرۆز نەبوو، بەڵکو نوسینی قەشە گەورەکانی کڵێسا بوو. کاری لۆتەر ئەوەبوو، لە (ویتنبێرگ) کتێبی پیرۆز فێر ببێت. زمانی عیبری و یۆنانی فێربوو، ئێستا دەیتوانی کتێبەکە بە زمانی خۆی بخوێنێتەوە.

سەرەتا لۆتەر نەیدەزانی باوەڕە نوێیەکەی بەرەو کوێی دەبات، بەڵام دەتوانرێت کاریگەری باوەڕە نوێیەکەی لە وتارەکانیدا هەستیان پێبکرێت. لۆتەر باسی لەوە کردووە کە باوەڕ بە مەسیح گرنگترین شتە بۆ رەهایی رۆح و هێرشی دەکردە سەر ئەو بۆنە ئاییینیانەی کڵێسا کە ئەو باوەڕەیان رەتدەکردەوە.

لۆتەر بۆی دەرکەوتبوو، کە ئەوەی لە ئاییندا گرنگە ئەوەیە، کە لە ناخەوە باوەڕ بە

مەسیحی دروست بێت و لە سەر ئەو بنەمایە ژیان دەگۆڕێت. بەمشێوەیە نەفرەتی لۆتەر لە بۆنە ئایینییە درۆینەکان کە لە کڵێساکان بە ناوی ئایینەوە ئەنجام دەدران و خەڵکانی سادەی پێ لە خشتە دەبران، رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبوو.

تا لە ئەنجامدا رۆژێک لە مینبەرەوە هێرشی کردە سەر فرۆشتنی (بلیتی لێخۆشبوون). مۆرڤ تا واتای فرۆشتنی بلیتی لێخۆش بوون لەسەردەمی لۆتەردا نەزانێت، ناتوانێت بە راستی لە ژیانی لۆتەر تێبگات. ئەم باوەڕە بە شێوەیەکی سازە دەستیپێکرد. کاتێک کاسۆلیکێک تاوانێکی ئەنجام دەدا، دەچووە لای قەسەیەک و دانی بە تاوانەکەیدا دەنا. ئەگەر قەشەکە دڵنیابووایە بە راستی لە تاوانەکەی پەشیمان بووەتەوە ئەوا لێی خۆش دەبوو، سزایەکی گونجاو لەگەڵ تاوانەکەی بۆ دیاری دەکرد. ئەو سزادانانە، کە بە (لێخۆشبوون) ناویان دەبرد بە شێوازی جیاجیا دەیاندا. هەندێکجار بە پاڕانەوە و نوێژ و سەردانی شوێنەپیرۆزەکان، هەندێکجاریش بە پێدانی دیاری و پارە بە کڵێسا و هەتیوخانەکان. ئەمانە نیشانەی خەم و پەشیمانی کەسی تاوانبار لە تاوانەکەی

بوون، هەندێکجاریش کە تاوانی کەسەکە گەورە بووایە، پێدانی پارەی لێخۆش بوون بۆ چەند ساڵێک درێژەی دەکێشا. هەندێکجار کڵێسا خۆی لە جیاتی کەسێک تاوانەکانی لە ئەستۆ دەگرت و ئەوی لە سزادان دەبەخشی. ئەو ئازادکردنەیان بە (لێبوردن) ناودەبرد. بۆ نمونە لە کاتی شەڕەکانی خاچپەرستیدا پاپا بۆ ئەو سەربازانەی دەچوونە مەیدانی شەڕ (لێبوردنی) دەردەکرد و لە تاوانەکانیان خۆش دەبوو، بەڵام لە ڕۆژگاری لۆتەردا ئەم لێخۆشبوونانە واتایەکی تریان هەبوو، لەگەڵ واتاکەی پێشوو تەواو جیاواز بوو. لە سەرەتاکانی سەدەی سیانزەیەمەوە ژمارەیەک لە پیاوە ئایینییەکان دەیانوت، کە مەسیح و کەسایەتییە پیرۆزەکان با چاکەکاری و خۆپارێزییەوە ژیاون و سەرجەمی ئەو چاکانە خراونە سەریەک و پاشەکەوتێکی لەبن نەهاتووە. هەروەها وتویانە پاپا دەتوانێت سوود لەم چاکانە بۆ هاوکاری و تاوانباران وەرگرێت. ئەگەر کەسێک هەرچییەک پاپا بیوتایە بەجێی بهێنانایە، پاپاش لە تاوانەکانی خۆش دەبوو و لە سزا دەبەخشرا، هەروەها لەوانەیە لە سزای جیهانی دواییش رزگاری بێت.

لەسەردەمی لۆتەردا ژمارەیەکی زۆر لە کاسۆلیکە پاک و باوەڕدارەکان دژی ئەم بۆچوونە، بە تایبەتی ئەو سودە خراپەی لەو ڕێگەیەوە لێیان وەردوەگرت، ڕەخنەیان گرت. لەگەڵ ئەوەشدا پاپا درێژەی بە کارەکانی خۆی دا و ڕایگەیاند «ئەوەی دەیڵێم بەجێی بێنن، لە تاوان مەترسن، چونکە تاوانەکانتان هەرچییەک بێت ئەوا لەو پاشەکەوتی چاکەیەیە لەبەردەستمدایە، لە سزا رزگارتان دەکەم.»

رسوایی ئەو کارە ئەو کاتە زیاتر بوو، کە پاپا ئەو هێزەی بۆ کۆکردنەوەی پارە بەکارهێنا و هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لۆتەر ناڕەزایی دەرببڕێت.

وەک ئینسکلۆپیدیای کاسۆلیک نوسیویەتی «ئەوانەی نامەی لێخۆشبوونیان دەدا بە خەڵکی لەوانە بوو هەوڵی کۆکردنەوەی پارە لەو ڕێگەیەوە بدەن و ئەگەر گەورەی کڵێساکانیش لەو کارە بەدەر بن، لەوانەیە کارگوزارانی خوارەوە و ئەوانەی بلیتی لێخۆشبوونیان دەفرۆشت، گەندەڵی بکەن.» ئەمجۆرە ئامۆژگاری کارانە لە زمانی پاپاوە بە هاوڵاتیانیان دەوت «ئەگەر

ئەو پارەیە بدەن بە من، نامەیەکی لێخۆشبوون دەدەم بە تۆ» ئەمەش ڕێگەیەکی ئاسان بوو بۆ کۆکردنەوەی پارە. ئەوەندە بەس بوو پاپا بڵێت «ئەو بڕە پارەیە بدەن بە من بۆ ئەوەی لە سزاکانتان پارێزراو بن» لەو ڕێگەیەوە پارەیەکی زۆر کۆبکاتەوە.

بێجگە لە لۆتەر زۆرێک لە خەڵکی لەوە بێزار بوون کە گیرفانەکانیان بەتاڵ دەکرا. (ئاراسمۆس) ئەو زانا گەورەیەی لە ڕۆژگاری لۆتەردا ژیاوە و تا سەرەمەرگ وەک کاسۆلیکێکی پاک و باوەڕدار مایەوە، جارێک وتویەتی «دەربارەیانی ڕۆم لەوانەیە شەرم و شکۆیان لەبیر کردبێت، چونکە هیچ شتێک وەک فرۆشتنی لێخۆشبوونەکان جێی شەرم نییە.»

لەبەر ئەو هۆکارانە لۆتەر لە ویتنبێرگ لەسەر مینبەرەوە هێرشی کردە سەر فرۆشتنی بلیتی لێخۆش بوون و پشێوییەکی گەورەی دروستکرد. چونکە (فریدریک) فەرمانڕەوا بەهێزەکەی ئەو ناوچەیە مۆزەخانەیەکی لە ئاسەوارە پیرۆزەکان دروستکردبوو، کە لە هەموو ئەڵمانیادا هاوشێوەی نەبوو، لەو ڕێگەیەوە سەرمایەیەکی زۆری بۆ

خۆی و پاپا بەدەست دێنا. فریدریک وتویەتی، هەر کەسێک سەردانی ئەو شتە پیرۆزانە بکات و پارەی بینینیان بدات، دەبەخشرێت. ئەمە یەکێک لە ڕێگەکانی کۆکردنەوەی سەرمایەی زۆر لەلایەن فریدریک بوو، لەو ڕێگەیەوە تێچووی دەربار و زانکۆکەی دابین دەکرا. بێگومان بڕێک لەو پارەیەش بۆ یارمەتیدانی لۆتەر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە فریدریک بەرامبەر بەو کارە هیچ خۆشحاڵ نەبوو، بەڵما لۆتەر بەردەوام بوو لە هێرشەکانی.

لەم نێوانەدا ڕوودوایێک ڕوویدا و هێرشەکانی لۆتەری لە سنوری (ویتنبێرگ) بردە دەرەوە و هەموو ئەڵمانیای گرتەوە. ئەم ڕووداوە یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی لۆتەر بوو. ئەو ڕووداوەش بریتی بوو لەوەی شازادەیەکی گەنج بە ناوی (ئالبێرت) لە تەمەنی گەنجیدا بوو نەیدەتوانی بەپێی یاساکانی کڵێسا بە هیچ شێوەیەک ببێت بە ئوسقوف. لەگەڵ ئەوەشدا بوو بە ئوسقوفی دوو ناوچە و داوای ناوچەیەکی تری کردبوو. گومان لەوەدا نەبوو، کە پاپا ڕەزامەندی دەردەبڕی و ئالبێرتیش دەیزانی

پێویستە بۆ ئەو کارە پارەیەکی زۆر بدات بە پاپا. لەوڕووەوە ئالبێرت و پاپا رێککەوتنێکیان کردبوو. لەو کاتەدا (لوی دەیەم) پاپا بوو. لەو کاتەدا پاپا سەرقاڵی دروستکردنی کڵێسایەکی گەورەی پوتروسی پیرۆز لە رۆم بوو و پێویستی زۆری بە پارە بووە. لەولایەنەوە پاپا و ئالبێرت پلانی ئەوەیان داناوە، کە پاپا رێگە بە ئالبێرت بدات هەشت ساڵ لە سنوری دەسەڵاتیدا نامەی لێخۆش بوون بفرۆشێت، بەو مەرجەی بەشێک لە داهاتەکەی بچێتە گیرفانی ئالبێرتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت پارەی بوونە ئوسقوفی ناوچەی سێیەم بدات. بەشی زۆری داهاتەکەش دەچووە گیرفانی پاپاوە بۆ ئەوەی کڵێساکەی پێدروست بکات. بۆ ئەو مەبەستە ئالبێرت گروپێکی بۆ فرۆشتنی نامەی لێخۆش بوون بڵاوکردەوە. یەکێک لە فرۆشیارەکان راهیبێک بووە کە لە کاری خۆیدا زۆر تەند بووە. ئەو راهیبە گروپێکیلە خەڵکی دوای خۆی خستووە و چوەتە هەر شارێک باڵێنی پاپای خوێندووەتەوە، کە هەر کەسێک پارە بدات رۆحی خۆی و خزمانی لە سزای

ڕۆژی دوایی ڕزگار دەکات و لەسەر پارچەیەک قوماس ئەوەی نوسیوە و هەڵیواسیوە. زۆرێک لە خەڵکی باوەڕیان بە وتەکانی کردبووە. لەو ڕێگەیەوە پارەیەکی زۆر دەستی ئالبێرت و پاپا کەوتووە.

لەگەڵ ئەوەی ڕێگەی بەو ڕاهیبە نەدرابوو بچێتە ناو شارەکەی لۆتەرەوە، دەچێتە شارێکی نزیکی و هاوڵاتیانی وتینبێرگ گروپ گروپ چوون بۆ لای و گوێیان لە وتەکانی گرتبوو. ئەم ڕووداوە بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر لۆتەر دروستکرد، کە ڕۆژێک ڕاگەیەنراوێکی بە دەرگـــای کڵێساوە هەڵواسیوە و ئەو ڕاگەیانراوە بریتی بووە لە بانگهێشنامەیەک بۆ گفتوگۆیەکی گشتی. ئەم بانگهێشتنامەیە لەو سەردەمەدا جێی سەرسورمان نەبوو، ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە لەگەڵ ئەو بانگهێشتنامەیەدا نوسراوێکی 95 بەندی بوو، کە ڕەخنەبوون لە فرۆشتنی بلیتی لێخۆشبوون وبە پێچەوانەی شەرع ناوی بردبوو. ئەو 95 خاڵە بڵێسەیەک بوو تەقینەوەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

**لۆتەر پێشەوانی ئەڵمانییەکان**

کاتێک لۆتەر ئەو 95 خاڵەی بە دەرگای کڵێساوە هەڵواسی مەبەستی ئەوە نەبوو لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ ئەنجومەنێک پێکبێنێت و باسی فرۆشتنی بلیتی لێخۆش بوون بکات و خۆی وتویەتی «من مەبەستم نەبوو، نەمدەویست ئەم رەخنانە بکەونە سەر زمانی خەڵک.» لەو رووەوە بە زمانی لاتینی زاناکان نوسی، بەڵام کەسێک وەریگێڕابووە سەر زمانی ئەڵمانی و لە ماوەی 14 رۆژدا لە هەموو ئەڵمانیا بڵاوبووەوە و پشێوەی لێکەوتەوە. ژمارەیەک لە هاوڵاتیان بەشێوەیەک تورە ببوون کە دەیانویست لە ماوەی مانگێکدا بە زیندوویی بسوتێنرێت. ژمارەیەک لە هاوڕێکانی هەمان پێشبینیان بۆ لۆتەر کرد. یەکێک لە هاوڕێکانی پێی وتووە «دەتەوێت دژی پاپ بوەستیتەوە؟ مەبەستت لەو کارە چییە؟ ئەوان ڕێگەی ئەو کارە بە تۆ نادەن.» لۆتەر لە وەڵامدا وتویەتی «ئەگەر ناچار بن چی؟» بەڵام زۆرێک لە هاوڵاتیانی ئەڵمانیا بەو کارەی لۆتەر خۆشحاڵ بوون، چونکە لە ئەنجامدا کەسێک پەیدا ببوو رابپەڕێت و ئەو راهیبانەی نامەی لێخۆش بوونیان دەفرۆشت و

گیرفانی ئەڵمانیاییەکانیان بۆ رۆم بەتاڵ دەکرد، رسوا و مەحکوم بکات. کاتێک ئەوانەی دژی لۆتەر وەستانەوە و توڕەتریان کردووە، لۆتەر بە روونی وتویەتی «من دەڵێم پاپا دەسەڵاتی بەسەر بـەرزەخ نییە. ئەگەر پاپا ئەو هێزەی هەیە کە کەسێک لە بەرزەخ رزگار بکات، بۆچی بە ناوی خۆشەویستی و میهرەبانییەوە هەموو رۆحەکان لە بەرزەخ رزگار ناکات و دەرگای بەرزەخ داناخات؟ ئەگەر ئەو لەبەر بڕێک پارەی کەم دەتوانێت رۆحەکان لە ئەشکەنجە رزگار بکات، بۆچی بە ناوی میهرەبانییەوە، کە پیرۆزتر و بەنرختر لە هەموو شتێکە ئەو کارە ناکات؟»

لەو رۆژگارەدا ئەمجۆرە وتانە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە ئەم وتویە نەک تەنیا هێرش بوو بۆ سەر فرۆشتنی بلیتی لێخۆشبوون، بەڵکو هێرش بوو بۆسەر دەسەڵاتی پاپاش. کاتێک پاپای ئەو سەردەمە لوی دەیەم بۆ یەکەمجار ئەو وتانەی بیستووە وتویەتی «ئەڵمانییەکی سەرخۆش ئەمانەی نوسیوە، کاتێک هۆش خۆی هاتەوە لە وتەکانی پاشگەز دەبێتەوە.»

بەڵام وتەکانی لۆتەر بەشێویەک کاریگەریان

دروستکردبوو، بازاڕی فرۆشتنی بلیتی لێخۆش بوون نەما و ئەو پارە زۆرەی دەگەیشتە دەستی پاپا وەستا. پاپا بۆی دەرکەوت کە کارەکە جدییە.

پێشوازی هاوڵاتیانی ئەڵمانیا زیاتر لەوەی لە هەستی ئاینییەوە بێت، زیاتر نیشتیمان پەروەری بوو. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هێشتا وڵاتانی ئەوروپا یەکگرتوو نەبوون. ئەوروپا بۆ قەڵەمڕەوی بچووک بچووک دابەش ببوو، هەر بەشێک لەلایەن ئەمیرێک، خانەدانێک، یان ئوسقوفێکەوە بەڕێوەدەبرا. لەسەردەمی لۆتەردا هێشتا ئەڵمانیا یەکی نەگرتبوو، هەر بەشێکی لەلایەن کەسێکەوە بەڕێوە دەبرا. لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر ئەو رواڵەتە دابەشبووەدا بزاڤی نیشتیمانپەروەری ئەڵمانییەکان بەخێرایی لە سەرجەم ناوچەکان گەشەی دەکرد. لۆتەریش لەو نیشتیمان پەروەرییەدا پشکی هەبوو، خۆی بە پایەمبەری ئەڵمانییەکان دەزانی و کاتێک ناوی ئەڵمانییەکانی دەبرد، هەموو کەسێک دەیتوانی هەستی نیشتیمان پەروەری قوڵی ئەو هەست پێبکات. لۆتەر لەبارەی کڵێسای گەورەی پوترسی پیرۆزەوە کە دەبوو بە پارەی ئەڵمانییەکان لە

ڕۆم دروست بێت وتویەتی «پارە و داهاتووی تێکڕای جیهانی مەسیحییەت بۆ دروستکردنی ئعەو کڵێسایە تەخان دەکرێت کە تێر نابێت. زۆری پێناچێت سەرجەم کڵێسا و قەسر و تەلار و پردەکانی ڕۆم بە پارەی ئێمە دروست دەکرێن. ئێمە بەر لە هەر شتێک پێوقیستە پەرستگەیەکی نەمر لە ناخی خۆماندا دروست بکەین، دوای ئەوە کڵێسای ناوچەکەمان و دوای هەموویان کڵێسای پوتروسی پیرۆز، کە ئێمە هیچ پێویستییەکمان پێی نییە. ئێمە ئەڵمانی هیچ سوودێک لەو کڵێسایە وەرناگرین. بۆچی پاپا لە پارەی خۆی دروستی ناکات؟ وا باشترە پاپا کڵێسای پوتروسی پیرۆز بفرۆشێت و پارەکەی بدات بەو کەسانەی کە بە نامەی لێخۆشبوون فرۆشتن پێیان گیرفانیان بەتاڵکراوە. ئەگەر پاپا بیزانیایە بلیت فرۆشانی لێخۆش بوون چۆن ژیانی خەڵکیان تاڵکردووە وای بە باشتر دەزانی کە کڵیسای پوتروسی پیرۆز بسوتێنێت و بە خوێن و پێستی شوێکەوتووانی تەواوی نەکات.»

ئەم وتانە بووەن هۆی ئەوەی ئەڵمانیا بە گشتی ئاگر بگرێت. ناوداران و خانەدانەکان

که سەرەتا بە هۆکاری مەزهەبی پشتیوانیان لە لۆتەر نەکردبوو، بەڵام کاتێک هێرشی کردە سەر بردنی پارەی ئەڵمانیا بۆ ڤاتیکان و ئیتالیا، پشتیوانیان لێکرد.

ئەو جۆرە کەسانە ئێمە بە (ملیۆن) ناودەبەین، ئەوان خوازیاری ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو و بەهێز بوون. بۆ ئەوان پاپا پێشەوایەکی مەزهەبی نەبوو، بەڵکو فەرمانڕەوایەکی بێگانە بوو کە لە رۆم دادەنیشت و دەستی لە کاروباری ئەڵمانیا وەردەدا. لەو رووەوە رۆژ دوای رۆژ زیاتر توڕە دەبوون و ئامادەبوون شەڕ بکەن. لەبەرئەوە کاتێک لۆتەر مەترسی مردنی لەسەر بوو، لەوە دەترسان بە زیندوویی بسوتێنرێت.

پاپا هەوڵیدەدا بە تەواوی لۆتەر لەناو ببات و بابەتەکە کۆتایی پێبێنێت، لەو رووەوە فەرمانی بە لۆتەر کرد کە لە ماوەی 60 رۆژدا بچێتە رۆم و بە تاوانی بێ باوەڕی و بێ فەرمانی پاپا و کڵێسا دادگایی بکرێت. ئەم فەرمانە چارەنوسی لۆتەری دایە دەست (فریدریک) ئەمیری ساکسۆنی، کە لە ویتنبێرگ دەسەڵاتدار بوو. فریدریک دەبوو لەسەر فەرمانی پاپا، لۆتەر

